# گوڵان

ساڵی سییەم (١٣٨٦)- (٢٣)ی تشرینی یەکەم ٢٠٢٣

## نیعمەتی پێکەوەژیانی ئاشتییانە لە کوردستان هەماهەنگی لە نێوان شارستانییەتەکان دروست کردووە

هۆکاری ئەم شەڕ و کاولکارییە جیاوازیی نێوان ئاییینی ئیسلام و ئاییینی جوو، یان عەرەب و عیبری نییە، بەڵکو بڕوانەبوونە بە «مرۆڤبوون»

شەڕی نێوان ئیسرائیل و حەماس لە ژینگەیەکدا بەڕێوە دەچێت، کە بێجگە لە یاسای دارستان هیچ یاسایەکی دیکەی نییە و هەردوو لایەن یاساکانی جەنگ و مرۆڤایەتییان پێشێل کردووە






# یەکەم کۆبوونەوە لەگەڵ پۆل بریمەر

٨٧

چەند ڕۆژێک دوای گەیشتنی بۆ بەغدا، بریمەر داوای کۆبوونەوەیەکی سەرکردایەتیی هێز و لایەنە سیاسییەکانی کرد. لە کۆبوونەوەکەدا ڕایگەیاند: (من بە فەرمانی سەرۆکی ئەمەریکا و بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش وەک حاکمی مەدەنی هاتووم، هەموو دەسەڵاتێکم هەیە، بەڵام داوا دەکەم لێژنەیەک لە سەرکردەکانی هێزە سیاسییەکان پێک بێت وەک ڕاوێژکار. هەرچەندە وشەی داگیرکەر، وشەیەکی ناخۆشە، بەڵام هەوڵ بدەن لەگەڵی ڕابێن و لەگەڵی بژین).

بەڕاستی ئەمە بابەتێکی چاوەڕواننەکراو و ڕووداوێکی زۆر سەیر بوو. هەموومان سەیری یەکترمان کرد، لە کوێ و لە چی، بۆ کوێ و بەچی گەیشتین؟

دوای قسەکانی بریمەر، من دەستم بە قسەکردن کرد و گوتم: بەخێر بێیت، هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم لە کاروبارەکانتاندا. من لە شوێن و بە نوێنەرایەتیی خۆم قسە دەکەم. من ڕاوێژکاری کەس نابم. من دەگەڕێمەوە هەولێر. ئەگەر جەنابیشت ئیش و کارێکتان هەبوو، ئێمە لەوێین.

هەموو برادەران تووشی شۆک بوون. چەند کەسێک ڕاوبۆچوونی خۆیان دەربڕی و کەس ڕازی نەبوو لەم بارودۆخ و پێشهاتە نوێیە. ئەم سیاسەتە زۆر جیاواز بوو لەو بابەتانەی لە کۆنگرەی لەندەن و کۆبوونەوەی سەڵاحەددین بڕیاریان لەسەر درابوو و ڕێککەوتنیان لەسەر کرابوو. تا ئێستا تەعلیق و نوکتەیەکی سامی عەبدولڕەحمانم لە بیرە کە دوای گەڕانەوەمان بۆ هۆتێل گێڕایەوە و گوتی: (ئەمەریکا خۆی لە هێزێکی ڕزگارکەرەوە کردە هێزێکی داگیرکەر. وەک مرۆڤێک کە باوکی خۆی دەکوژێت، بۆ ئەوەی سوێند بە گۆڕەکەی بخوات).

دوای کۆتاییهاتنی کۆبوونەوەکەی بریمەر، گەڕامەوە کوردستان، بەڵام ژمارەیەک لە هەڤاڵانمان لە بەغدا بەجێ هێشت بۆ بەردەوامبوون بە پەیوەندی و هەماهەنگی لەگەڵ هاوپەیمانان و لایەنە عێراقییەکان کە بریتی بوون لە: هۆشیار زێباری، سەفین دزەیی، محەمەد ئیحسان و فەوزی هەریری. هەروەها کاک عارف تەیفوور وەک لێپرسراوی لقی پێنج دەستنشان کرا، فەلەکەدین کاکەییش بۆ بەرپرسی ڕاگەیاندن دیاری کرا.


## چاپكراوی نوێ




کتێبی (بیبلۆگرافیا گۆڤارا سڤۆره ١٠١-٢٧٥) ی زارۆکان لە بەرهەڤکردنی (هەیڤا دۆسکی و پەری بەرواری)یە، بریتییە لە بیبلۆگرافیایەك بۆ ئەو ژمارانەی کە لە سەرەوە لە ناونیشانەکانیدا هاتوون، مەبەستیش لەمە ئاشناکردنی نووسەر و توێژەر و خوێنەرانە بە ناوەڕۆکی ئەم گۆڤارە و کارئاسانییەکە بۆ بەدواداچوون و سوود وەرگرتن لە گۆڤارەکە.

گۆڤاری سڤۆره، یەکەم ژمارەی لە ڕێککەوتی ٢٢-٤-١٩٩٨ دەرچووە، تا ئێستاش بەردەوامە، ئەم گۆڤارە بەرهەمی پلان و بەرنامەی ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە لە پارێزگای دهۆك، دروشمی ئەم گۆڤارە بریتییە لە خزمەتکردنی زارۆکان و پەروەردەکردنیان لە میانی ئەو وتار و ئامۆژگاری و قسە بە سوودانەی کە بۆ نەوەی ئەم سەردەمە پێویستن، ئەوانەی بەشدارییان لە نووسینی بابەتەکانی ئەم گۆڤارە کردووە تەنیا منداڵ نین، بەڵکو نووسەر و پسپۆر و شارەزا لەم گۆڤارەدا دەنووسن.

سڤۆره قوتابخانەیەکە بۆ پێگەیاندنی زارۆکان لە ڕووی پەروەردە و ڕۆشنبیری و زانستی و ئەدەبی و نوسین و ڕۆژنامەگەریی منداڵان. ئەم گۆڤارە بە چەندین قۆناغدا تێپەڕیوە و ژمارەیەك لە کادیرانی بەتوانا لە سەرنووسەر و سکرتێری نووسین و دەستەی نووسەران و نیگارکێش و بەڕێوەبەرانی هونەری و دیزاینەر و کارگێڕ و ئیدارە بە درێژایی ساڵانی دەرچوونیدا بەشدارییان لە بڵاوکردنەوەی ژمارەکانی ئەم گۆڤارەدا کردووە، ماندووبوونی ئەوان بووەتە هاندەرو فاکتەر بۆ بەردەوامبوون.. دەستخۆشی لە کادیرانی گۆڤاری سڤۆره دەکەین، دەستیان خۆش بێت بۆ ئەو بیبلۆگرافیایە کە (١٠١ تاکو ٢٧٥) ژمارە لەخۆ دەگرێت، بە هیوای بەردەوامبوون بۆ خزمەتکردنی زارۆکە چاوگەشەکانی کوردستان.




(معین الخطیب في الموعظة والارشاد والترغیب والترهیب) ناونیشانی کتێبێکی دانسقەیە بە (٣) بەرگ و بە زمانی عەرەبی لەلایەن( ملحم محمد صالح گەردی ) مامۆستا و پێشنوێژی مزگەوتی (شۆڕش) لە سۆران کۆکراوەتەوە و ئامادەکراوە و لە لایەن کۆمەڵگەی فەرهەنگیی ئەحمەدی خانی لە سۆران بڵاوکراوەتەوە. بەرگی یەکەم لە (٦٤٥) لاپەڕە پێکهاتووە، مامۆستا ملحم لەم بارەوە نووسیویەتی: وتاری هەینی هۆکارێکی گرنگە بۆ بانگهێشت کردنی خەڵك بۆ ئەوەی پابەندی بنەماو ڕێچکەکانی ئایین و ڕەوشتە بەرزەکانی ئیسلام ببن، دیارە وتاری هەینی مەبەست و ئامانجی زۆر پیرۆز لەخۆ دەگرێت، بە تایبەتیش کاتێك لەگەڵ کێشەو گرفت و پێداویستییەکانی موسڵمانان خەڵك ڕۆدەچێت و لەم ڕێگەیەوە وتاری هەینی دەبێتە ئامرازێك بۆ هێنانەکایەی پێکەوەژیانی ئاشتییانەی کۆمەڵایەتی.

مامۆستا ملحم ئاماژە بەوە دەکات کە وتاری هەینی ئەرکێکی قورسی وتارخوێنە، چونکە ئەوانەی گوێی لێ دەگرن لە زۆر توێژو چین و ئاست پێکدێن، هەیانە

## چاپکراوی نوێ




گەنج، پیر و بەساڵاچوو، خوێندەوار و نەخوێندەوار. چونکە مامۆستای وتارخوێن هەموو هەینییەك سەردەکەوێتە سەر مینبەر و ڕوو لە ئامادەبووان دەکات و قسە لەگەڵ خاوەن عەقل و بیروبۆچوونگەلێکی جیاواز دەکات، لە کاربەدەستان و خەڵکی ئاسایی و دەوڵەمەند و هەژار و خاوەن بڕوانامەی باڵا. بۆیە ئەوەی لەم کتێبەدا مامۆستا ملحم بڵاوی کردووەتەوە بریتییە لە چەندین وتاری هەینی، بەڵام هەر وەك خۆی ئاماژەی پێ دەکات هەموویان هی خۆی نین، بەڵکو تێکەڵەی چەند وتارێکی هەمەجۆرن.

بەرگی یەکەمی ئەم کتێبە(١٥٦) وتار لەخۆ دەگرێت، کە هەندێکیان تایبەتن بە دڵسۆزی و بناغەکانی ئیمان بە خوا و پێغەمبەران (دروودی خوایان لەسەر بێت) هەروەها بە کتێبە ئاسمانییەکان و بە قەدەر..تاد، هەندێك لەو وتارانە باس لە خۆشەویستیی پێغەمبەر(دخ) و موعجیزە و ڕەوشتە بەرزەکان و ئازایەتی و مامەڵەکردنی لەگەڵ ئایین و خەڵکەکە دەکات.

بەرگی دووەمی کتێبی(معین الخطیب في الموعظة والارشاد والترغیب والترهیب) لە (٦٢٢) لاپەڕە پێکهاتووە، ئەم بەرگەش بابەتگەلێکی دیکە لەخۆ دەگرێت، وەك تەقوا و گرنگی و سیفەتەکان موسڵمانی تەقوادار، ئینجا پشتبەستن بە خوای گەورەو میهرەبان و گەشبینی بە خێرو خۆشی دوای هەموو ناخۆشییەك، گەڕان بە دوای زانست و کارکردندا، پارێزگاریکردن لە زمان و نەرمیی نواندن لەگەڵ خەڵکدا لە قسەکردن و هەڵسوکەوت و مامەڵەکردندا، لایەنی نیشتمانپەروەرییش لەم کتێبەدا لە ڕووی داکۆکیکردن و خزمەتکردن ڕەنگی داوەتەوە.

بەرگی سێیەمیش لە(٦٧٢) لاپەڕەیە، بە هەمان ناونیشانی دوو بەرگەکەی پێشووە، بەڵام بابەتگەلی دیکەی لەخۆگرتووە، لەوانە: هاوسەرگیری و بنەما و چۆنێتیی مامەڵەکردنی نێوان هاوسەران، ئینجا مافی مێرد لەسەر ژنەکەی و بەپێچەوانەوە، ئاماژەشی بە تەڵاق و جیابوونەوە کردووە و مەسەلەی نتێکەڵیی نێوان هەردوو ڕەگەز بەپێی شەرع، ئیرەیی و حەسوودی و چاوپیسی بە بەڵگەوە بابەتێکی دیکەی ئەم کتێبەن، هەروەها مامۆستا لەم بەرگەدا بابەتگەلی زۆری سەبارەت بە (سحر) جادوو هێناوەتەوە کە چۆن سەری هەڵداوە و حەرامکردن و نیشانەکانی جادوو، دواتر چەندین بابەتی بۆ بەهەشت و دۆزەخ تەرخان کردووە، جگە لە زۆری دیکە.

دەستخۆشی لە مامۆستا (ملحم محمد صالح گەردی) دەکەین بۆ ئەم ئەرکە پیرۆزەی کێشاویەتی، بە هیوای تەندروستی و بەرهەمی زیاتر

دکتۆر محەمەد شەعبان:




**پاساوی نەبوونی بڕە پارە بۆ جێبەجێنەکردنی یاسای بودجە زۆر لاوازە**

ماجید سۆرەمیری فەیلی:



**مەلا مستەفا بارزانی بۆ کوردانی فەیلی ئەو کاریزمایە بوو کە هەموو کوردان لە دەوری کۆبوونەوە و لە سەردەمی ئەودا ئەو هەموو ناکۆکی و پەرتەوازەیە نەبوو**

سیپان شێروانی



**سەردانەکەی سەرۆکی حکومەت ئومێدێکی باشی بۆ مووچەی فەرمانبەران لێکەوتەوە**

دکتۆر ئەحمەد سیدۆک




**بە ئایەتی قورئان دەوڵەتی سەربەخۆ مافی خۆمانە**

سەیدی یوسف موسلیم:



**یەکەکە هۆکاری چۆڵبوون و ئاوەدانەکردنەوەی ٦٠٠ گوند و تێکدانی سەقامگیریی چەندین ناوچەی پارێزگای سلێمانییە**





■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

Web: www.gulanmedia.com

ڕێبین زەنگەنە:



دوای گفتوگۆکانی هەولێر و بەغدا ڕەزامەندی لەسەر ناردنی بەشە نەوتی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان درا

هەڵمەتی یەک مانگەی (ئۆکتۆبەر) بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی شێرپەنجەی مەمک لە سەرانسەری جیهان



ئیسرا سیامک:


هەوڵ دەدەم خزمەتی زیاتری تۆپی دەست بکەم و ئاستی باشتر پێشکەش بکەم



شاشە و کیبۆردێکی ناوازە



ژەمی گەورەی بەیانی کلیلە بۆ دابەزاندنی کێش



دیلما سۆفی :

فۆلکلۆر هۆکاری بەردەوامیمە لە بواری هونەری





# سەردانەکەی سەرۆکی حکومەت و گفتوگۆکانی شاندی دارایی ئومێدێکی باشی بۆ مووچەی فەرمانبەران لێکەوتەوە



## سیپان شێروانی

ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

بۆ گوڵانی نووسیوە

سەردانە مێژووییەکەی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ شاندی یاوەری بۆ بەغدا و، دیدارەکانی لەگەڵ سەرۆکایەتیی (کۆمار و وەزیران و پەرلەمان و سەرکردەکانی لایەنە سیاسییەکان) بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی گەلی کوردستان و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، بۆ ئەوە بوو، چیتر ئاستەنگ و کێشە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا دروست نەکرێت و بەرنامە وەزارییەکەی محەمەد شیاع سوودانی وەکو خۆی جێبەجێ بکرێت و، بەغدا پابەندی ڕێککەوتن و بەڵێنەکانی بێت.

خاڵێکی گرنگی دانوستان و گفتوگۆکانی بابەتی مووچە و بودجە ئەوە بوو، کە دەستێك هەبوو نەیدەویست بابەتی مووچە چارەسەر ببێت و بەردەوام ئاستەنگی لە بەردەم سەرۆك وەزیرانی عێراقیش دادەنا، لە دوای ئەم سەردانە ئیتر عێراق و زۆربەی لایەنە سیاسییەکان بەوانەشی بەردەوام ئاستەنگ و گرفتیان لە بەردەم ئاساییبوونەوەی دۆخەکە و لێکتێگەیشتنەکان دادەنا و، ڕێگەی نادەستووری و نایاساییان بە بەرگی دادگا و یاساییەوە جێبەجێ دەکرد، ئەوانیش تا ڕادەیەك بیانوو و پاساوەکانیان کز بووە و گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو پابەندییەکانی خۆی جێبەجێ کردووە و چیتر بیانوو و پاساوێکی وا نەماوەتەوە بۆ جێبەجێ نەکردن و دواخستنی چارەسەری هەموو ئەم پرسانە، بەتایبەتی پرسی پشکی هەرێم لە بودجە و مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان. هەر لەم چوارچێوەیەشدا لەسەر فەرمانی سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان شاندێکی پەیوەندیدار بە پرسی دارایی گەیشتە بەغدا، کە هەموو ئیلتزاماتەکان و داواکارییەکانی لایەنە پەیوەندیدارەکانی عێراقی لەگەڵ خۆی هێنابوو، کە بووە هۆی دروستکردنی واقیعێکی نوێ بەوەی چیتر ناکرێت، پرسی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان لە ناو گەمەیەکی سیاسیدا بهێڵدرێتەوە و، ئەم بابەتە کە لە ئێستادا بووەتە بابەتێکی سەر ئاستی نێودەوڵەتیش و نابێت بێ چارەسەر بمێنێتەوە، چونکە مافە دەستووری و یاساییەکانی هەرێمی کوردستان ڕوون و دیارە و ئێمە وەکو نوێنەرانی کورد تا ڕادەیەکی باش یەکڕیزییەك لەسەر گرنگیی چارەسەرکردنی ئەم پرسەمان لا دروست بووە، تەنانەت هەموو ئەوانەشی دژی ڕێگە چارەسەرەکان بوون، دەنگەکانیان کەم بووەتەوە و هەمووان کۆکن لەسەر ئەوەی دەبێت پرسی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان چارەسەر ببێت. هەموو شارەزایان و پسپۆرانی ئابووری و دارایی و نەوتی ئەو ڕاستییەیان بۆ دەرکەوتووە، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان و شەخسی سەرۆکی حکومەت هەموو بەڵێن و ڕێککەوتن و پابەندبوونەکانی خۆیان جێبەجێ کردووە، بەپێچەوانەی ئەو ڕاگەیاندنە ئاراستەکراوەی دژی ماف و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستانە کە لە ساڵی ٢٠١٤ـەوە لە کاتی دروستبوونی قەیرانی داراییەوە ئۆباڵی قەیران و کێشەکانی خستووەتە سەر شانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئێستا لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا لە هەموو کاتێك زیاتر دەرفەت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا لە ئارادایە، ئەم لێکنزیکبوونەوە و لێکتێگەیشتنە خۆ تەنیا لە بەرژەوەندیی مووچەخۆران و خەڵکی کوردستان نییە، بەڵکو لە بەرژەوەندیی لایەنی دارایی و ئابووریی هەموو عێراقە بە هەرێمی کوردستانیشەوە، هەر لەبەر ئەم هۆکارەش بووە، هەر کاتێك هەرێم و بەغدا لێك نزیك دەبنەوە و جۆرێك لە لێکتێگەیشتن دروست دەبێت،

**دەستێک هەبوو نەیدەویست بابەتی مووچە چارەسەر ببێت و بەردەوام ئاستەنگی لە بەردەم سەرۆک وەزیرانی عێراقیش دادەنا**

**هەموو شارەزایان و پسپۆرانی ئابووری و دارایی و نەوتی ئەو ڕاستییەیان بۆ دەرکەوتووە، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان و شەخسی سەرۆکی حکومەت هەموو بەڵێن و ڕێککەوتن و پابەندبوونەکانی خۆیان جێبەجێ کردووە**

**کاتێک هەرێم و بەغدا لێک نزیک دەبنەوە و جۆرێک لە لێکتێگەیشتن دروست دەبێت، ماکینە ئیعلامییەکەی دژ بە هەرێمی کوردستان و دەستەکانی تێکدان و شێواندنی دۆخەکە دژی هەرێمی کوردستان جووڵەکانیان دەست پێ دەکەنەوە**

**گرفتی سەرەکیی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ناوەند، ئەوە بووە کە بەردەوام فیدراڵییەت لە بەردەم پرسیاردا بووە و پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا هەر لە ساڵی ٢٠٠٥ـەوە جۆرێک لە ناسەقامگیری بەخۆوە بینیوە**

**ئەوان بە نەفەسی لاوازکردنی قەوارەی هەرێمی کوردستان کار دەکەن، ئیتر هۆکارەکەی مانەوەی عەقڵییەتی مەرکەزی بێت، یان ڕق و کین و موزایەدە و چەواشەکردنی دەنگدەر، یانیش ئەجیندەی دەرەکی لە پشتیەوە بێت**

**هەندێک لایەنی سیاسیی کوردستان لەم دواییەدا بە شێوەیەک ڕەفتاریان کرد، کە زیانی بە خەڵکی کوردستان و ماف و شایستە داراییەکانی خەڵکی کوردستان گەیاند**

**ئەگەر بە ڕۆحی نەتەوەیی و نیشتمانی و پاراستنی مافەکانی خەڵکی کوردستان کار بکەین و یەکگرتوویی و تەبایی بپارێزین، ئەو کات دەستکەوتی گەورەتر و باشتر بەدەست دەهێنرێت**

**سەردانەکەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ژینگە و بارودۆخەکە ئیجابی بووەوە لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستانیشدا گرژییەکە وا گەورە و مەترسیدار نەما**

ماکینە ئیعلامییەکەی دژ بە هەرێمی کوردستان و دەستەکانی تێکدان و شێواندنی دۆخەکە دژی هەرێمی کوردستان جووڵەکانیان دەست پێ دەکەنەوە و، ڕێگەکانی چەواشەکردنی ڕاگەیاندن و تەنانەت تێکدانی یەکڕیزیی نێوماڵی کورد و دادگای فیدراڵی بەکار دەهێنن، کە بە داخەوە ئەم دادگایە نەیتوانیوە بێلایەنیی خۆی بسەلمێنێت و بە پێی دەستوور و یاسا هەڵسوکەوت بکات، ئەمەش هەمووی لە غیابی نەبوونی ئەنجومەنی فیدراڵی و یاسای نەوت و گازی فیدراڵی و کۆتاییهاتن بە عەقڵییەتی مەرکەزی و ڕەتکردنەوەی فیدراڵییەتدا دروست بووە.

پێش ئەم سەردانەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، زۆرمان دەبیست کە باس لە ڕادەستنەکردنی داهاتی نانەوتی دەکرا، ئێ خۆ ڕادەستکردن ئەوە نییە دینارێك لە هەرێمی کوردستان لە باج و ڕسومات بە دەست بهێنرێت، بە ئۆتۆمبێل یان لە بانکەکانەوە ئەو دینارە بنێردرێتەوە بەغدا و لە وێوە جارێکی دیکە بنێردرێتەوە هەرێمی کوردستان، ئەمە بابەتێکی نالۆژیکی و نازانستی و نامەنتیقیی ئابووری و دارایی و حیسابییە، ڕادەستکردنی داهاتی نانەوتی ئەگەر بەراورد بە ١٥ پارێزگاکەی دیکەی عێراق بکرێت، هەمووی حیساب کراوە، بە زیادەشەوە. حکومەتی هەرێمی کوردستان کە کیانێکی فیدراڵیی دەستووری و یاساییە و یەکەیەکی ئیدارییە لەناو حکومەتی عێراقی فیدراڵدا، کە خاوەن ماف و دەسەڵاتە بەپێی دەستوور و ناوەندە نێودەوڵەتییەکان، لەم چوارچێوەیەدا هەموو وردەکارییەکانی داهاتی نانەوتیی بۆ عێراق نێردراوە و ئەوی دیکە دەمێنێتەوە سەرە مەقسە. لە بابەتی نەوتیشدا جارێکی دیکە لە ڕاگەیاندنەکاندا بە هەڵە ئەم بابەتە باس دەکرێت، لە کاتێکدا حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو بڕە نەوتەی کە بەرهەمی دەهێنێت، زۆر کەمتر لە مافەکانی خۆی وەرگرتووە، بۆ نموونە ئەگەر هەرێمی کوردستان ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوتی بەرهەم هێنابێت، ئێ خۆ لە پشکی بودجە ئەگەر تەنیا یەك ملیار دۆلاریشی بۆ تەرخان کرابێت، دەبێت جیاوازیی ئەو بودجەیەی بۆ بنێردرێت، ئەمە لە کاتێکدا خەرجی بەرهەمهێنان و موستەحەقاتی کۆمپانیاکانیش لە هەرێمی کوردستان نەدراوە، لە هەناردەکردنی نەوتدا هەرێمی کوردستان پابەند بووە و لە بودجەی ساڵەکانی ٢٠١٥ تاکو ٢٠١٩ و ٢٠٢٠یش بودجە نەبووە.

گرفتی سەرەکیی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ناوەند، ئەوە بووە کە بەردەوام فیدراڵییەت لە بەردەم پرسیاردا بووە و پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا هەر لە ساڵی ٢٠٠٥ەوە جۆرێك لە ناسەقامگیریی بەخۆوە بینیوە، نەیارانی کورد و هەرێمەکە نەیانویستووە کێشەکان لە چوارچێوەی دەستوور و یاسا بەرکارەکانی عێراقیشدا چارەسەر ببێت، ئەمەش هەمووی لە غیابی نەبوونی ئەنجومەنی فیدراڵی و دادگایەکی فیدراڵیدا بووە کە بێلایەنیی خۆی نەپاراستووە، زۆر لە لایەنە سیاسییەکانی عێراق بە نەفەسی مەرکەزی و بەتاڵکردنەوەی عێراقی نوێ لە هەموو ئەو پێوەرانەی کە لە دەستووردا هاتوون، کار دەکەن، هەمیشە تەفسیری جیاواز و ئیجتیهاداتی خۆیان بۆ دەقە دەستووری و ڕێککەوتنەکان دەکەن و ڕێککەوتنەکان وەکو خۆیان جێبەجێ ناکەن، ئەمەش بە ڕوونی لە ڕێککەوتنی شنگال و یاسای بودجە و پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجە و تەنانەت ڕادەستکردنەوەی نەوتی هەرێم و دەیان بابەتی دیکەی ئابووری و سیاسیدا، لێرە و لەوێ بە ڕوونی دیارە، ئەوان بە نەفەسی لاوازکردنی قەوارەی هەرێمی کوردستان کار دەکەن، ئیتر هۆکارەکەی مانەوەی عەقڵییەتی مەرکەزی بێت، یان ڕق و کین و موزایەدە و چەواشەکردنی دەنگدەر، یانیش ئەجیندەی دەرەکی لە پشتیەوە بێت، هەمووی یەك واتا دەگەیەنێت، بە داخیشەوە هەندێك لایەنی سیاسیی کوردستان لەم دواییەدا بە شێوەیەك ڕەفتاریان کرد، کە زیانی بە خەڵکی کوردستان و ماف و شایستە داراییەکانی خەڵکی کوردستان گەیاند، لە کاتێکدا ئەگەر بە ڕۆحی نەتەوەیی و نیشتمانی و پاراستنی مافەکانی خەڵکی کوردستان کار بکەین و یەکگرتوویی و تەبایی بپارێزین، ئەو کات دەستکەوتی گەورەتر و باشتر بەدەست دەهێنرێت، ئەمە بە ڕوونی لە کاتی گفتوگۆکانی بودجە و مافی هەرێمی کوردستان لە پشکی بودجە دەرکەوت، ئێمە خەمخۆری بەدەستهێنانی مافەکانمان بووین، کەچی لەولاوە بەرنامە و کارتێکی دیکە بەکار



دەهێنرا، کە زۆرجار ململانێ و ناکۆکییەکانی نێوخۆیان بۆ ئێرە دەگواستەوە و زیانیان لە بەرژەوەندییەکانی باڵای خەڵکی کوردستان دەدا. دوای سەردانەکەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ژینگە و بارودۆخەکە ئیجابی بووەوە لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستانیشدا گرژییەکە وا گەورە و مەترسیدار نەما، بۆیە دەبینین کاروبارەکان باشتر بەڕێوە دەچێت و تا ڕاددەیەك هەموان کۆدەنگن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی مووچە و بودجە، خۆ ئەگەر لایەنە کوردییەکان لە بەغدا هاودەنگ بن و لاپەڕەی جیاواز لە مافە دەستووری و یاساییەکانی گەلی کوردستان نەهێنرێت و جەخت لەسەر مافی مووچەخۆران و شایستە داراییەکانی دیکەی خەڵکی کوردستان بکرێت، ئەوا دەستکەوتی گەورە بۆ خەڵکی کوردستان لە بەغدا بەدەست دەهێنرێت، بە پێچەوانەوە وەکو ئەوەی لە کاتی گفتوگۆکانی بودجە ڕووی دا لە ٣٠ مادده و بڕگە زۆر مادده و بڕگە کە خۆی لە ٢٥ دەدات، وا داڕێژرایەوە کە نا دەستووری و نایاسایی و لە دژی هەرێمی کوردستان بێت، ئەوا بەردەوام دۆخی هەرێم و بەرژەوەندییەکانی مووچەخۆران و مافە دەستوورییەکانی بودجە دەکەوێتە مەترسییەوە. ئەرکی پەرلەمانتاری کورد و لایەنە کوردستانییەکان لە بەغدا ئەوەیە پاڵپشتی لە داواکارییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن، کە داکۆکیکردنە لە ماف و شایستەکانی هەرێمی کوردستان، هاتنی ئەم شاندەی دوایی وەزیری دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگ بوو، لەبەر ئەوەی هەموو گومانەکانی لەسەر داهاتی ناوخۆ و ژمارەی مووچەخۆران و داهاتی نانەوتی ڕەواندەوە، هەرچەندە عەقڵییەتی دوژمنکارانە دژی هەرێمی کوردستان هەر دەمێنێت، بەڵام ئەمجارە جیاوازتر دەبێت، چونکە تا ڕاددەیەکی باش کێشەی مووچەخۆران چارەسەر دەبێت، ئەوەی دەمێنێتەوە بابەتی هەموارکردنەوەی بودجە و دارشتنەوەی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی و چەند ماف و شایستە داراییەکانی دیکە و چارەسەرکردنی کێشە سەرەکی و دۆزە ڕەواکەی کوردە، کە کێشەی خاك و بابەتی جێبەجێنەکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوورە، ئەمەش پێویستی بە پشوودرێژی و پشتگیریی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی دەبێت.

**ئەرکی پەرلەمانتاری کورد و لایەنە کوردستانییەکان لە بەغدا ئەوەیە پاڵپشتی لە داواکارییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن، کە داکۆکیکردنە لە ماف و شایستەکانی هەرێمی کوردستان**

**هەرچەندە عەقڵییەتی دوژمنکارانە دژی هەرێمی کوردستان هەر دەمێنێت، بەڵام ئەمجارە جیاوازتر دەبێت، چونکە تا ڕاددەیەکی باش کێشەی مووچەخۆران چارەسەر دەبێت**



**ڕێبین زەنگەنە**

**بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان بۆ گوڵان:**

# دوای گفتوگۆکانی هەولێر و بەغدا ڕەزامەندی لەسەر ناردنی بەشە نەوتی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان درا

# لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێش هاتنی نەوتی سپی لە بەغدا، لە دوو هەفتەی ڕابردوودا بڕی زیاتر لە ١٩ ملیۆن لیتر نەوتی سپی بەسەر ٩٤ هەزار خێزاندا دابەش کراوە

## دەبێت بە هاوبەشی لەنێوان حکومەتی عێراقی فیدڕاڵ و هەرێمی کوردستان لەسەر بنەماکانی دەستوور یاسای نەوت و گاز دابڕێژرێتەوە

**لەسەر بڕیاری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێش هاتنی وەرزی زستان دابەشکردنی نەوتی سپی لە ناوچە شاخاوییەکان دەستی پێ کرد، لەلایەکی دیکەوە شاندێکی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان لەگەڵ بەرپرسانی وەزارەتی نەوتی عێراقی فیدراڵ کۆبوونەوە و، لەسەر ناردنی بەشە نەوتی سپیی هەرێمی کوردستان ڕێککەوتن، لەسەر ئەم پرسە و چەند تەوەرەیەکی دیکەی پەیوەندیدار بە دابەشکردنی بەنزین و کوالێتی و هەناردەکردنی نەوت، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ ڕێبین زەنگەنە بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان سازدا، لێرەدا پوختەی وتەکانی بڵاو دەکەینەوە.**

*** با سەرەتا لەو پرسیارەوە دەست پێبکەین، لەگەڵا بەڕێوەبەری گشتیی نەوت و کانزاکان لە وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان سەردانی بەغداتان کرد و لەگەڵ بەرپرسانی ئەو وەزارەتە لەسەر بەشە نەوتی سپیی هاووڵاتیانی کوردستان کۆبوونەوە، ئایا هیچ ڕێککەوتنێکتان ئەنجام دا؟**

- دوای ئەوەی وەکو شاندێکی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان لەسەر داوای بەڕێز وەزیری سامانە سرووشتییەکان سەردانی بەغدامان کرد، لەگەڵ دوو بریکار و بەڕێوەبەرانی گشتیی وەزارەتی نەوتی عێراقی فیدراڵ کۆ بووینەوە و گفتوگۆمان لەسەر پێویستی پابەندبوونیان بە ناردنی بەشە نەوتی سپی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان کرد و، ڕێککەوتین لەسەر دابینکردنی نەوتی سپی بۆ تەواوی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، ئەمەش وەکو مافێکی سرووشتی و یاسایی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانیش هاوشێوەی هاووڵاتیانی دیکەی عێراق بەشە نەوتی خۆیان وەربگرن. ئەوە بوو لەگەڵ بریکاری وەزارەتی نەوتی عێراق گەیشتینە دەرئەنجامێك، بەوەی وەزارەتەکەیان پابەند بکەین بە ناردنی تەواوی بەشە نەوتی هاووڵاتیانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، بڕیارە بە چەند وەجبەیەك هەر وەجبەی ٥٠ ملیۆن لیتر نەوتی سپی بنێرن. لەلایەکی دیکەشەوە لە سەر بڕیاری بەڕێز مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان چاوەڕێی بڕیارەکەی وەزارەتی نەوتی عێراقی نەکرد و ڕاستەوخۆ دەستی بە پرۆسەی دابەشکردنی نەوتی سپی لە ناوچە شاخاوییەکان کردووە.

*** بەڵام لە ئێستادا بەهای نەوتی سپی لە بازاڕەکانی کوردستاندا ڕووی لە هەڵکشان کردووە، ئایا چاوەڕوان دەکرێت لەگەڵ هاتنی ئەو بەشە نەوتەی عێراق پرۆسەی دابەشکردنی**

**حکومەتی عێراق وەکو زۆر لە ماف و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان لە بابەتی نەوتی سپییش کەمتەرخەم بووە**

**حکومەتی عێراق تاکو ئێستا پابەند نەبووە بە ناردنی ئەو بڕە بەنزینەی کە ڕێککەوتنی لەسەر کراوە**

**داوا لە بەنزیخانەکان دەکەم پابەندی کوالێتی و مەرجەکانی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان بن، بە پێچەوانەوە سزاکان توندتر دەکەین**

**لە ئێستادا هەرێمی کوردستان هەموو پابەندییەکانی خۆی جێبەجێ کردووە و تۆپەکە لە گۆڕەپانی حکومەتی ناوەندی عێراقدایە**

**نەوتی سپی لە ناوچە شاخاوییەکان و دەوروبەر خێراتر دەست پێ بکات؟**

- حکومەتی عێراق وەکو زۆر لە ماف و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان لە بابەتی نەوتی سپییش کەمتەرخەم بووە، ساڵانی ڕابردوو وەکو پێویست نەوتی سپی نەناردووە، ئێمە وەك وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان لەگەڵ کۆمپانیاکانی نەوت گرێبەستمان کردووە و بە نرخێکی پاڵپشتیکراو ئەو نەوتەمان بەسەر ناوچە شاخاوییەکان و دەوروبەردا دابەش کردووە، لەمەشدا زۆر لە هاووڵاتیان بەشە نەوتەکەیان وەرنەگرتووە، لە ئەمساڵدا هەر لە مانگی تەمووزەوە چەندین جار نووسراومان ئاراستەی وەزارەتی نەوتی عێراق کردووە، تاوەکو هاوشێوەی ساڵانی پێشوو نەبێت و بەغدا پابەند بکەین بە ناردنی بڕە نەوتی پێویست هاوشێوەی هاووڵاتیان لە پارێزگاکانی دیکەی عێراق بەبێ جیاوازی، ئەوە بوو، دواجار لە گفتوگۆکانی ئەم جارەماندا بەرهەمدار بوو، ڕەزامەندی لەسەر ناردنی بەشە نەوتی هاووڵاتیانی کوردستان درا، لەمەشدا پێویست ناکات، هەندێك کەسایەتی و لایەنی سیاسی بیکەنە دەستکەوتی خۆیان، کە سەردانێکی بەغدا دەکەن و هیچی لێ ناکەوێتەوە، کەچی لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان دەیانەوێت ڕای گشتی چەواشە بکەن و وا نیشانی دەدەن ئەوە دەستکەوتی ئەوانە. نووسراوەکانی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان لە ٣ی٧ و ٦ی٩ و ١ی ١٠ی ٢٠٢٣ ڕاستەوخۆ داواکارییەکانی وەزیری سامانە سرووشتییەکان ئەنجامی باشی لێکەوتەوە و بڕیارە لەم نزیکانە وەجبەی یەکەمی نەوتی سپی کە ٥٠ ملیۆن لیترە، بگاتە هەرێمی کوردستان، بەمەش پرۆسەی دابەشکردنی نەوتی سپی خێراتر دەکەین، کە تاکو ئێستا زیاتر لە ١٩ ملیۆن لیتر دابەش کراوە و ٩٤ هەزار خێزان لێی سوودمەند بوون، لەگەڵ گەیشتنی ئەم وەجبەیەش پرۆسەکە خێراتر دەکرێت و دەرئەنجامی باشی دەبێت لەسەر دابەزینی نرخەکەی، چونکە پێشتر ئەو بڕە کەمەی نەوت کە وەزارەتی نەوتی عێراق بە هەرێمی کوردستانی دەدا، نرخەکەشی جیاواز بوو لە نەوتی دیکە کە بەسەر هاووڵاتیانی پارێزگاکانی دیکەی عێراقدا دابەشی دەکرد، واتا بە نرخی فرۆشتن هەژمار دەکرا.

*** یەکێك لە کێشە ئاڵۆزەکانی دیکە بابەتی بەنزینە، ئایا تاچەند لە هەردوو بواری دابینکردنی بەنزین و کوالێتی وەکو وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان کارتان لەسەر کردووە؟ ئایا دەکرێت ئومێدێك بە هاووڵاتیان بدرێت کە لە ڕووی نرخ و کوالێتییەوە بارودۆخەکە ڕوو لە باشی دەکات؟**

- نرخی بەنزین و گاز کێشەیەکی گەورەی جیهانییە و لە تەواوی وڵاتانی جیهاندا نرخەکان پشت بە نرخی نەوتی برینت دەبەستێت، بەرزبوونەوەی ئەم نرخە لە هەموو جیهان وەکو یەکە، تەنانەت ئەم گرفتە لە پارێزگاکانی دیکەی عێراقیشدا سەری هەڵداوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی بەرهەمی ناوخۆ بەشی پێداویستییەکانی پارێزگاکان ناکات، ئەوەتا بەپێی ڕێککەوتنەکەی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدڕاڵ ڕۆژانە زیاتر لە ٩٠ هەزار بەرمیل نەوتی کێڵگەکانی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی پاڵاوتگەکانی کوردستانەوە دەکرێتە بەنزین و ڕەوانەی عێراق دەکرێت. سەبارەت بە بەشە بەنزین، حکومەتی عێراق تاکو ئێستا پابەند نەبووە بە ناردنی ئەو بڕە بەنزینەی کە ڕێککەوتنی لەسەر کراوە، ئێمە لە وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان لەسەر ئەو بابەتە گفتوگۆمان کردووە، بەڵێن دراوە، بڕی پێویست بەپێی ڕێککەوتنی نێوان وەزارەتمان و وەزارەتی نەوتی عێراقی فیدڕاڵ بنێرن، ئومێدەوارم بەغدا پابەندی ڕێککەوتن و بەڵێنەکانی بێت، بە مەبەستی داشکانی نرخی بەنزینیش، ئێمە لە وەزارەت بۆ دابەزاندنی نرخی بەنزین مۆڵەتی هاوردەکردنی بەنزینمان داوەتە بەنزینخانەکان. سەبارەت بە کوالێتیش تیمەکانی چاودێری و بەدواداچوونی بەڕێوەبەرایەتیی نەوت و کانزاکان لە سەرجەم پارێزگاکان بەردەوام بەدواداچوون و چاودێریی توندی بەنزینخانەکان دەکەن و بە دەیان بەنزینخانە، کە سەرپێچییان کردووە، غەرامە کراون، یان داخراون و سزای توندمان داون، داوا لە بەنزیخانەکان دەکەم پابەندی کوالێتی و مەرجەکانی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان بن، بە پێچەوانەوە سزاکان توندتر دەکەین.

*** لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە زۆر باس لە نزیکبوونەوەی لێکتێگەیشتنی نێوان عێراق و تورکیا دەکرێت، بەوەی بۆڕیی نەوتەکە ئامادەیە و ڕەنگە بەم نزیکانە هەناردەکردنەوەی نەوت لە ڕێگەی بۆڕیی نەوتی جەیهانەوە دەست پێ بکاتەوە، ئایا ئومێدێك هەیە بەم نزیکانە پرۆسەکە دەست پێ بکات؟**

- هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان بابەتێکی کاتییە، چونکە لە ڕاوەستانی زیانێکی گەورە بەر داهات و ئابووریی عێراق و تورکیا و هەرێمی کوردستان کەوتووە، لە چوار ساڵی تەمەنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کە هەرێمی کوردستان خۆی نەوتی هەناردەی دەرەوە دەکرد، ئاستی هەناردەکەی بەرز بوو، هاوکات پێدانی مووچەکان بۆ فەرمانبەران بەردەوام بوو، لە ئێستادا هەرێمی کوردستان هەموو پابەندییەکانی خۆی جێبەجێ کردووە و تۆپەکە لە گۆڕەپانی حکومەتی ناوەندی عێراقدایە، کە هەموو پابەندبوونەکانی خۆی و تەنانەت ماف و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان و پشکی هەرێمی کوردستان لە مووچە و بەنزین و نەوتی سپی و غاز و هەموو بەشەکانی دیکەی کە لەلای خۆی لە خەرجی حاکیمە و سیادی خەرجی دەکات، بۆ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانیش بنێرێت.

بۆیە ئێمە گەشبینین بەوەی هەر دەبێت هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان دەست پێ بکاتەوە و ڕەوانەی بازاڕەکانی جیهان بکرێت، بەتایبەتی لە ئێستادا کە تادێت بەهای بەرمیلێك نەوت لە ٩٠ دۆلار تێپەڕی کردووە و ڕاوەستانی زیانێکی گەورەی دارایی و ئابوورییە لە هەرسێ لایەنی عێراقی و تورکی و هەرێمی کوردستان و نابێت ئەم بابەتە تێکەڵ بە بابەتی دیکەی سیاسی بکرێت.

لەلایەکی دیکەوە دانوستانەکانی نێوان هەردوو وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان و وەزارەتی نەوتی عێراق لەسەر کۆمەڵێك دۆسیی گرنگ و هەستیار بەردەوامە، بەڕێز وەزیری سامانە سرووشتییەکان لە دوا کۆبوونەوەماندا لەگەڵ شاندی وەزارەتی نەوتی عێراق، تیمەکەمانی ڕاسپارد لە گفتوگۆکانماندا بە شێوەیەکی شەفاف و بە پێی بڕگەکانی دەستوور و یاسا بەردەوام بین، ئەوەتا ڕۆژانە لە گفتوگۆ و کۆبوونەوەکانماندا ماف و پشکەکانی خەڵکی کوردستان زامن دەکەین. یەکێك لەو دۆسیيانەی کە زۆر گرنگە بۆ چارەسەرکردنی یەکجارەکیی کێشەی نەوت و غاز لەنێوان هەرێم و عێراق، بابەتی داڕشتنەوەی یاسای نەوت و گازی فیدراڵە، لەمەشدا ئەنجومەنی وەزیران جەخت لەسەر بنەماکانی دەستوور دەکاتەوە لە



داڕشتنەوەی یاسای نەوت و گاز بە شێوەی هاوبەش لە نێوان حکومەتی فیدراڵ و هەرێم و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکانی نەوت و گاز لە عێراقدا و، سەرۆك وەزیرانیش جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە لە گەڵاڵەکردنەوەی یاسای نەوت و گاز ماددەکانی دەستووری عێراق تایبەت بە کەرتی نەوت و گاز بکرێنە بنەما هەروەکو لە دەستووردا بە ڕوونی هاتووە، دەبێت پرۆسەکەش بە ڕەزامەندیی حکومەتی فیدراڵی و هەرێمی کوردستان و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکانی نەوت بێت.

بە شێوەیەکی گشتی پرۆژە و هەوڵەکانی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان بۆ دابینکردنی سووتەمەنی بۆ هاووڵاتیان بەردەوام دەبێت.



دکتۆر محەمەد شەعبان

شارەزا و پسپۆڕی ئابووری بۆ گوڵان:

# پاساوی نەبوونی بڕە پارە بۆ جێبەجێنەکردنی یاسای بودجە زۆر لاوازە

■

**عێراق کەوتووەتە ناو گەمەیەکی سیاسی و زیانی گەورەی ئابووری و دارایی بەردەکەوێت**

**پرۆسەی سیاسیی عێراق و ئەو ناسەقامگیرییەی بەخۆیەوە بینیوە، کاریگەریی توندی لەسەر بارودۆخی ئابووری و دارایی دروست کردووە، ئەوەتا وێڕای ئەوەی بەهای بەرمیلێك نەوت سەرووی ٨٠ دۆلاری تێپەڕاندووە و ئەم وڵاتە خاوەنی یەدەگێکی دراوی گەورەیە و یاسای بودجە پەسەند کراوە، کەچی وا بۆ چوار مانگ دەچێت، بودجەکە جێبەجێ نەکراوە. بۆ ئەم پرسە و چەند تەوەرەیەکی دیکەی پەیوەندیدار گۆڤاری گوڵان چەند پرسیارێکی ئاراستەی دکتۆر محەمەد شەعبان شارەزا و پسپۆری ئابووری کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** عێراق ئەگەرچی وڵاتێکی دەوڵەمەندە بە سامانی ژێر زەوی و سەر زەوی و، تەنانەت بەهای بەرمیلێك نەوت گەیشتووەتە ئاستێکی پێوانەیی لە سەرووی ٨٠ دۆلار و لە ڕووی داراییەوە خاوەنی یەدەگێکی گەورەی نەوتە، بەڵام وا نزیکەی چوار مانگە یاسای بودجەی پەسەند کراوە، کەچی دۆخی ئابووری و بەهای دینارەکەی و تەنانەت خەرجکردنی بودجەکەشی وەکو پێویست نییە، وەکو پسپۆرێکی شارەزا لە بواری دارایی و ئابووریدا خوێندنەوەت لەسەر ئەمە چییە؟**

- عێراق دەوڵەتێکی بە زۆر بە یەکەوە لکێندراوە و سەروەرییەکەی لە دەست خۆیدا نییە، وڵاتێکە لە دروستبوونیەوە تاکو ئێستا کودەتا و شەڕ و ئاشووبی تێدایە، بۆیە بەردەوام ئابوورییەکەی بووەتە قوربانیی سیاسەتی چەوت و گەمارۆ و شەڕ و ئاشووب، ئەم وڵاتە بە ڕێژەیەکی زۆر بەرز لە سەرووی ٩٠٪ پشت بە داهاتی فرۆشتنی نەوت دەبەستێت، واتا ئابوورییەکی تاکە سەرچاوەی نەوتە (ڕەیعی)یە، ڕاستە کاتێك بەهای نەوت لە ئاستی جیهانی بەرز دەبێتەوە، لە ڕووی ڕووکەشەوە بۆ ماوەیەکی کەم وڵاتەکە دەبێتە خاوەنی سیولەیەکی نەختینەیی باش، بەڵام چونکە خاوەنی بەڕێوەبردنێکی باش و حوکمڕانییەکی مۆدێرن و دوور لە دەستێوەردان نییە، ناتوانێت سوود لەو داهاتە گەورەیە وەربگرێت کە لە ئاکامی بەرزبوونەوەی بەهای نەوت دەستی دەکەوێت. من کەسێکی سیاسی نیم، زیاتر باسی دۆخی ئابووری و دارایی دەکەم، بەڵام ئەوە باش دەزانم وێرانیی سیاسی و ناسەقامگیری و شەڕ و نائارامییەکان چ زیانێکی بە ئابووریی وڵات و هەرێم و بار و گوزەرانی خەڵك گەیاندووە، بە ڕادەیەك لە ساڵی ٢٠٠٥ تاکو ئێستا عێراق سەقامگیریی بەخۆیەوە نەبینیوە. من پێشتریش لە دووتوێی لاپەڕەکانی گۆڤارەکەتان گوتوومە: «ڕاستە بەهۆی بەرزیی بەهای نەوت لە ڕووی داراییەوە تا ڕادەیەك بارودۆخی عێراق خراپ نییە، بەڵام لە ڕووی ئابووری و وەبەرهێنان و بەڕێوەبردنەوە وڵاتێکی زۆر وێرانە و ژینگەیەکی سیاسی و ئابووریی سەقامگیر لە ناو عێراقدا نییە»، وا بۆ چوار مانگ دەچێت بودجە پەسەند کراوە، کەچی بە ناوی ئینفاقی فیعلی و لاوازیی جێبەجێکردنی بودجەی وەبەرهێنان و نەدانی پارە بە پارێزگاکان و پترۆدۆلار، بودجەکە نەچووەتە قۆناغی جێبەجێکردن و زیانێکی گەورەشی بە گەیشتنی پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەکە گەیاندووە، بە ڕادەیەك بەردەوام شاندەکان دەچنە بەغدا و لێگەیشتنی باشیان لە نێواندا هەیە، کەچی لەو لاوە گرفت و ئاستەنگێکی دیکەمان بۆ دروست دەکرێت.

*** بەڵام حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی لەژێر فشاری شەقام و لایەنەکان بۆ سەرکەوتنی ئەو حکومەتەی کە لە ئاکامی هاوپەیمانێتی بەڕێوەبردنی دەوڵەت دروست بووە، خوازیارە لە چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکاندا سەرکەوتوو بێت، بەتایبەتی چارەسەری کێشەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا حکومەتەکەی سوودانی دەتوانێت بەسەر ئاستەنگ و لەمپەرەکاندا سەرکەوێت؟**

**بەهێزیی هەموو گەلێک لە سەقامگیرییە سیاسی و ئابوورییەکەیدایە، ئەمەش بە سەرکردەیەکی کاریزما و واقیعبین دێتە بەرهەم**

**ڕاستە کاتێک بەهای نەوت لە ئاستی جیهانی بەرز دەبێتەوە، لە ڕووی ڕووکەشەوە بۆ ماوەیەکی کەم وڵاتەکە دەبێتە خاوەنی سیولەیەکی نەختینەیی باش، بەڵام چونکە خاوەنی بەڕێوەبردنێکی باش و حوکمڕانییەکی مۆدێرن و دوور لە دەستێوەردان نییە، ناتوانێت سوود لەو داهاتە گەورەیە وەربگرێت**

- حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی خوازیاری کێشە و گرفت نییە و کۆمەڵێك کارنامە و بەرنامەی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیی لە بەردەستدایە، بە دڵنیاییەوە دەیەوێت تێیدا سەرکەوتوو بێت، ئەمەش لە کاتێکدا هەڵبژاردنی پارێزگاکانی لە بەردەمدایە، هەروەها هەوڵێکی شەرمنانە هەیە بۆ کەمکردنەوە و چارەسەرکردنی کێشەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا، لەمەشدا حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر لە ساڵی ٢٠١٩ نزیکبوونەوە و گەڕانەوەی بۆ بەغدا نەشاردووەتەوە، واتە خواستێکی دوولایەنە هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، لانیکەم دروست نەکردنی کێشە و ئاڵۆزیی لەوەی زیاتر کە هەیە، پرسیارەکەتان ئەوەیە ئایا ئەم حکومەتە دەتوانێت بەسەر ئەو هەموو کێشە و ئاستەنگ و لەمپەرانە سەرکەوتوو بێت، کە بەبێ چارەسەر ماونەتەوە؟ بێگومان لێرە و لەوێش جموجووڵێك هەیە و بەڵێن و بەرنامەش هەیە، سۆزێکی نێودەوڵەتی و پەیوەندییەکی باشی ئیقلیمییش پەیدا بووە و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییش پاڵپشتی چارەسەرکردنی کێشەکانی بەغدا لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکەن، بەڵام سەیر لەوەدایە بۆچی لە ڕووی کردارەوە جێبەجێکردنی گەورەترین بودجە هەنگاوی گەورە و خێرای بۆ نانرێت، پاساوی پارەدارکردنی بودجە پاساوێکی زۆر لاوازە و ناکرێت پارێزگا و هەرێم و خەڵکی عێراق پارەی بودجەی وەبەرهێنان و بودجەی پارێزگا و پترۆدۆلاریان بۆ خەرج نەکرێت. عێراق تەنیا لە بواری پێدانی مووچە بە فەرمانبەرانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان جیاوازە، لەمەشدا هەرێم و مووچەخۆرانی باجێکی قورسیان کەوتووەتە سەر شان و وێڕای بوونی کەموکورتییەکان لە هەردوو لا، بابەتی مووچە تێکەڵ بە بەرژەوەندیی ئیقلیمی و حزبی و شەخسی و بگرە مووچەی مووچەخۆرانی هەرێم بە سیاسی کراوە. ئیێ خۆ ناکرێت هەرێمی کوردستان بە قەرز و سولفە پشکەکەی پێ بدرێت و مووچەخۆران چاوەڕوانی دانوستاندنی شاندەکانی هەرێم و گفتوگۆکانیان بن لەگەڵ هاوتا عێراقییەکانیاندا، خۆ ئەگەر ئەو قەرزە ٧٠٠ ملیار دینارەش لە کاتی خۆیدا بۆ هەرێمی کوردستان بنێردرێت و سێ قەرزی دیکەشی لەگەڵدا بێت کە ٢ تریلیۆن و ١٠٠ ملیار دینار دەبێت، ئەوا هەرگیز حکومەتی هەرێمی کوردستان لە توانایدا نابێت مووچە و بەرنامە و پرۆژە خزمەتگوزارییەکان و وەبەرهێنان و پێداویستییەکانی بەو قەرز و سلفەیە جێبەجێ بکات، هەموو ئەم گرفت و کێشە داراییانە لە میوانداریێتیی لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق بۆ هەردوو وەزیری پلاندانان و دارایی باسی لێوە کرا و پاساو و بۆچوونەکانیان زۆر لاواز بوون، بەوەی گرفتی نەختینەیی هەیە و بڕە پارەی بەردەستیان نییە، عێراق هەموو کێشەیەکی هەیە، تەنیا گرفتی سیولە نەبێت. ئەگەرچی من پێم وایە دوا جار لە ژێر فشاری شەقام و هەرێم و پارێزگاکان و کێبڕکێی حزبیی نێوان حزبە شیعەکان بە هەردوو باڵی سەدری و ئیتاری تەنسیقی، بودجەکە خەرج دەکرێت و جێبەجێ دەکرێت، بەڵام ئایا بەپێی بەرنامەی ڕێکوپێکی ئابووری و دوور لە بەرژەوەندیی حزبی و گەندەڵی و دەست بەسەرداگرتنی پشکی میلیشیاتەکانەوە دەبێت، یان بە شێوەیەکی زانستی و ئابووری؟ وەڵامدانەوەی ئەمەش ئاسانە، لە غیابی بوونی فەلسەفە و سیاسەتی ئابووری و دیدگەیەکی ڕوون، بەتایبەتی کە وەزارەتە داراییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستانیش وەزارەتێك نین پلان و ستراتیژییەتیان هەبێت، ئەوا تەنیا سەرقاڵی پرۆسە حیسابییەکەن، بۆیە لەم بێ سەروبەرییە و نەبوونی ناوەندێکی بڕیار و بوونی ئەجیندەی دەرەکی و فشاری هەرێمی، زۆر زەحمەتە هەرێم و بەغدا بگەنە چارەسەری بنەڕەتی و کۆنکرێتی، بەڵکو هەر لە دەوری چارەسەرە کاتییەکاندا دێن و دەچن.

*** کەواتە وەکو کەسێکی شارەزا و پسپۆڕ لە بواری دارایی و ئابووریی عێراقدا، کە بەدواداچوونێکی باشت لەسەر مێژوو و واقیعی ئێستای دۆخی عێراقیش هەیە، ئایا ئومێدێك هەیە ئەم بارودۆخەی ئابووریی عێراق و هەرێمی کوردستان باش ببێت؟**

- سیاسەتمەداران و بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەرگیز نابێت لە چاوەڕوانی باشبوونی دۆخی ئابووریی عێراقدا بن، تەنانەت ڕاستە لە ژێر گوشاری نێودەوڵەتی و ئەمریکا تا ڕادەیەك پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، بەتایبەتی لەگەڵ دامەزراندنی حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی تا ڕادەیەك باشە،

**حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی خوازیاری کێشە و گرفت نییە و کۆمەڵێک کارنامە و بەرنامەی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیی لە بەردەستدایە، بە دڵنیاییەوە دەیەوێت تێیدا سەرکەوتوو بێت**

**بەڵێن و بەرنامەش هەیە، سۆزێکی نێودەوڵەتی و پەیوەندییەکی باشی ئیقلیمییش پەیدا بووە و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییش پاڵپشتی چارەسەرکردنی کێشەکانی بەغدا لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکەن**

**وێڕای بوونی کەموکورتییەکان لە هەردوو لا، بابەتی مووچە تێکەڵ بە بەرژەوەندیی ئیقلیمی و حزبی و شەخسی و بگرە مووچەی مووچەخۆرانی هەرێم بە سیاسی کراوە**

**ناکرێت هەرێمی کوردستان بە قەرز و سولفە پشکەکەی پێ بدرێت و مووچەخۆران چاوەڕوانی دانوستاندنی شاندەکانی هەرێم و گفتوگۆکانیان بن لەگەڵ هاوتا عێراقییەکانیاندا**

بەڵام دەبێت هەمیشە ئەوەمان لە یاد بێت، سەرۆک وەزیرانی عێراقیش هەڵبژێردراوی لایەنە سیاسییەکانی ناو هاوپەیمانێتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتن، کە ئیتاری تەنسیقی باڵادەستە تێیدا و، نەشیانشاردووەتەوە کە لایەنگریی ئێران دەکەن، بۆیە دوا جار ئەوە هێزی ئیقلیمییە ئاراستەی دەکات و بڕیارەکانی لەوێوە بۆی دەردەچێت، من پێم وا نییە بارودۆخی عێراق لەمەی ئێستا کە هەیە باشتر بێت، هەرکاتێک تڕووسکاییەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوەند لەگەڵ هەرێم دەردەکەوێت، بە دەیان لەمپەر و ئاستەنگی بۆ دروست دەکرێت، بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی و دادگای ناوبژیوانانی پاریس و هەڕەشە و ئاستەنگەکانی وەزارەتی دارایی بۆ نەناردنی قەرز و سلفە و مووچە، بە بیانوو و پاساوی جۆراوجۆر، هەمووی بەڵگەن بۆ ئەو پەیوەندییە هەستیار و ناسک و خراپەی کە لە نێوان هەرێم و ناوەنددا هەیە، خۆ ئەگەر دژایەتیکردنی هەرێم بووەتە بانگەشە و دروشم بۆ لانگران و دەنگدەرانی عێراق، ئەی خۆ لە ساڵی ٢٠٢٥ـەوە هەڵبژاردنی عێراق هەیە و ئەو کات ڕەنگە دژایەتیکردنی هەرێم زیاتر بووبێت، لە ئێستادا لە عێراقدا چەمکی سەیر و سەمەرەی وەکو ئینفاقی فیعلی و تەفسیری جیاواز بۆ دەستوور و جێبەجێنەکردنی ڕێککەوتنەکان و پەنابردن بۆ دادگای فیدراڵی دەرکەوتووە، پرۆسەکە لە گەمەیەک دەچێت کە لایەنێک گفتوگۆ و دانوستاندن دەکات و گرووپێکی دیکە تەفسیر و دیدگەی جیاوازیان بۆ ئەم پەیوەندییە هەیە، بەتایبەتی کە دەبینن هەرێمی کوردستان لاوازە و ناتەبایی و نەبوونی یەکدەنگی ڕووی لە هەڵکشانە.

*** کەواتە ئەوەی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا دەکرێت هەر لە ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوت و بڕیارە یەک لە دوای یەکەکانی دادگای فیدراڵی و ڕاگرتنی قەرز و سولفە و، تەنانەت جێبەجێنەکردنی پێدانی پشکی هەرێم لە بودجە، هەمووی دەچێتە چوارچێوەی لاوازکردنی ئابووریی هەرێمی کوردستان و شەڕێکی ئابوورییەوە؟**

- ئەگەر وەزارەتی دارایی عێراق قەرزەکانیش لە کاتی خۆیدا بنێرێت، کێشە داراییەکانی هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبێت، هاووڵاتیان و مووچەخۆران هیچ گوناهێکیان نییە و خراونەتە ناو گەمەی سیاسی و ململانێی لاوازکردنی ئابووریی هەرێم و شەڕێکی ئابووری، کە بۆ لاوازکردنی قەوارەی هەرێمی کوردستان لە هەرسێ دەوڵەتە زلهێزەکەی دراوسێی عێراق و ناوەند پیلانی بۆ دادەڕێژرێت. عێراق لە ڕووی میلیشیاتی چەکداری و ناسەقامگیریی بەهای دینار بەرانبەر دۆلار و لاوازبوونی بەهاکەی و دژایەتیکردنە بەردەوامەکانی هەرێم، هەمووی زەنگێکی مەترسیدارە بۆ لاوازبوونی حکومەتەکەی سوودانی، کە دواجار ڕەنگدانەوەی توندی لەسەر هەرێمی کوردستان و پاراستنی ماف و شایستە داراییەکانی خەڵکی عێراق بە گشتی و بە هەرێمی کوردستانیشەوە دەبێت.

*** باسی لاوازیی ئابووریی عێراق و ناسەقامگیری سیاسیت کرد، ئایا ئابووری و دۆخی دارایی هەرێمی کوردستان چۆن دەبینیت؟**

- بەهێزیی هەموو گەلێک لەم سەردەمەدا لە پاراستنی سەقامگیریی سیاسی و ئابوورییەکەیدایە، ئەمەش هەر وا لە خۆڕا نایەتە بەرهەم، بە سەرکردەیەکی کاریزما و واقیعبین دێتە بەرهەم، کە توانای هەبێت، هەموو هێزە نیشتمانی و نەتەوەییەکان کۆ بکاتەوە و ڕووبەڕووی هەموو جاشایەتی و بەکرێگیراو و هێزە نەخوازراوەکان ببێتەوە و کۆتایی بە گەندەڵکارە گەورەکان بهێنێت، حکومەت دەبێت پارێزەری خەڵک و خەمخۆر و دڵسۆزی مووچەخۆرانی بێت و، لە سەر بنەمای ئەرک و ماف کار بکات و واقیعبین بێت لە چارەسەرکردنی کێشەکانی، نەوەکو ئەو بڕیارە سەیر و سەمەرانەی کە لە وەزارەتەکانەوە بێ دیراسەتێکی بەکەڵکی ئابووری دەردەچێت و بۆ ماوەیەکی کەم وەکو بڵقی سەر ئاو پێش جێبەجێکردنی هەڵدەوەشێتەوە، دۆخ و ململانێی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی و حزبییەکانی نێوخۆی هەرێم جوولەی خێرا و وریایانەی دەوێت، هەنگاوی یەکەمیش دەبێت لە خۆتەوە دەست پێ بکەیت و بیگوازیتەوە نێو پرۆسەی سیاسی و ئابووریی هەرێمی کوردستان، مەبەستم لە هەردوو هێزی پارتی و یەکێتییە کە بە واقیعی لە دوو زۆندا خاوەنی دەسەڵاتی ڕەهان و بەرپرسیارێتیی مێژوویی و نەتەوەییان لەسەر شانە و نابێت موجازەفە بە خۆیان و نەتەوەکەیانەوە بکەن.

**لەم بێ سەروبەرییە و نەبوونی ناوەندێکی بڕیار و بوونی ئەجێندەی دەرەکی و فشاری هەرێمی، زۆر زەحمەتە هەرێم و بەغدا بگەنە چارەسەری بنەڕەتی و کۆنکرێتی**

**پرۆسەکە لە گەمەیەک دەچێت کە لایەنێک گفتوگۆ و دانوستاندن دەکات و گرووپێکی دیکە تەفسیر و دیدگەی جیاوازیان بۆ ئەم پەیوەندییە هەیە، بەتایبەتی کە دەبینن هەرێمی کوردستان لاوازە و ناتەبایی و نەبوونی یەکدەنگی ڕووی لە هەڵکشانە**

**ئەگەر وەزارەتی دارایی عێراق قەرزەکانیش لە کاتی خۆیدا بنێرێت، کێشە داراییەکانی هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبێت**

**هاووڵاتیان و مووچەخۆران هیچ گوناهێکیان نییە و خراونەتە ناو گەمەی سیاسی و ململانێی لاوازکردنی ئابووریی هەرێم و شەڕێکی ئابووری**



# بە ئایەتی قورئان دەوڵەتی سەربەخۆ مافی خۆمانە

## خۆشەویستیی نەتەوە و نیشتمانیش پەیامی خودایە و دەبێت جێبەجێ بکرێت





**دکتۆر ئەحمەد سیدۆک**

پسپۆڕ لە بواری زانستی ئیسلامی

بۆ گوڵانی نووسیوە

ئایینی ئیسلام بابەتێکە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە خودای خوڵقێنەری زەوی و ئاسمانەوە هەیە، ئەو کاتەی کە خودای گەورە مرۆڤەکانی دروست کرد، لەگەڵ ئەوەشدا پەیام و پرۆگرامی ژیانکردن و ڕێکخستنی ژیانی هەبووە لەگەڵ بەڕێکردن لە ڕێگەی فریشتە بۆ پێغەمبەر (د.خ)، ئەگەر بێتو باسی ئایینی ئیسلام، یان هەر ئایینێکی دیکە بکەین، کە لە ئاسمانەوە بۆ زەوی هاتووە، دەبینین مەبەستی دیاریکراوی ئەوەیە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان بەندەکان لەگەڵ یەکتر و پەیوەندیی بەندەکان لەگەڵ ژیان (ژیاندۆستی، لێبووردەیی، خۆشەویستی، پێکەوەژیان، یەکترقبووڵکردن و...هتد) بووە، ئەوانەش هەموو ئەو پەیامە

**ژیانی کەسانی موسڵمان، یان ژیانی ئادەمیزادە و تاک لە ناو کۆمەڵگەدا، تەنیا لەسەر بەندایەتیکردن و ئەنجامدانی چەند پەرستنێک قەتیس نەماوە، بەڵکو فەلسەفەی دوای پەرستنەکان ئەوەیە کە ئێمە چۆن لە ڕێگەی پەرستنەکانمانەوە ژیانی ڕۆژانەی خۆمان ڕێک بخەین**

**خودا چۆن عەرەبێک و فارسێک و تورکێک و ئەوانی دیکەی دروست کردووە، کە دەبێت ڕێز لە زمانەکەیان بگیرێت، منیش زمانم کوردییە دەبێت بە پێی پەیامی خودا ڕێزی لێ بگیرێت**

**دەکرێت من ڕاڤەی قورئان بە کوردی بکەم، تاوەکو هەموو میللەت و کۆمەڵگەکەم لە پەیامی قورئان بگەن و لە خودا نزیک ببنەوە**

**پەیامی خودا هیچ کات لەگەڵ ئەوەدا نییە نەتەوە و نیشتمانی خۆتت خۆش نەوێت و نەتەوەی خۆت لەسەر زەوی بسڕیتەوە**

جوانانەن کە لە ناو پەیامی خودای گەورەدا هەیە. خودای گەورە کە پەیام بەڕێ دەکات بۆ مرۆڤایەتی، زۆر شت لەخۆی دەگرێت، تەنیا بابەتەکە لە پەرستن لە نێوان بەندەکان و خودا کۆ نابێتەوە، بەڵکو ژیانی خۆت و نێوان بەندەکان لە ناو خاك و نیشتمان و مرۆڤایەتی ڕێك دەخات، هەموو ئەو سێکتەرانەی کە لە ژیاندا هەیە، خودای گەورە باسی کردوون و هیچ شتێك نییە خودای گەورە لە قورئاندا باسی نەکردبێت. خودای گەورە دەفەرموێ: (وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ تِبْيَانًا لِّكُلِّ شَيْءٍ) و هیچ شتێك لە ناو قورئاندا لەبیر نەکراوە (مَا فَرَّطْنَا فِي الْكِتَابِ مِنْ شَيْءٍ)، بەڵام بەداخەوە نەمانتوانیوە وەکو پێویست سوودی لێ وەربگرین و زۆرجار دەبینین لە ناوەندی کۆمەڵگەی موسڵمانانیشدا کێشە زۆرە، خەڵکانێك هەیە پەیامەکانی خودا وەك خۆی وەرناگرن، تێگەیشتن لە مەبەستەکانی خودای گەورە لە گرنگترین شتەکانە و هەموو ئەو بابەتەی کە خودا بۆی ناردووین یاسان و وتەی ڕێنماییین، ئەگەر ئێمە وەکو دەقی یاساکان تەماشای دەقە قورئانییەکان بکەین، هەر لە ناو قورئانیشدا دەقی دیکە هەن یاسان، بەڵام شیکەرەوەی بابەتەکانی دیکەی ناو قورئانن، لە دوای ئەوەش پێغەمبەری خودا و پەیامەکانی پێغەمبەر (د.خ) دەبن بە شیکەرەوەی دەقە قورئانییەکان و ڕاڤەی دەقە قورئانییەکان دەکەن.

ژیانی کەسانی موسڵمان، یان ژیانی ئادەمیزادە و تاك لە ناو کۆمەڵگەدا، تەنیا لەسەر بەندایەتیکردن و ئەنجامدانی چەند پەرستنێك قەتیس نەماوە، بەڵکو فەلسەفەی دوای پەرستنەکان ئەوەیە کە ئێمە چۆن لە ڕێگەی پەرستنەکانمانەوە ژیانی ڕۆژانەی خۆمان ڕێك بخەین (ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی)، پرسیار ئەوەیە، ئایا ئیسلام تەنیا بۆ عیبادەتە، یان تەنیا بۆ سیاسەتە، یان ئیسلام تەنیا بۆ شتێك دیاری کراوە؟ نەخێر، بەڵکو ئیسلام هەموو کایەکانی دیاری کردووە و هەموو شتەکانیشی بە جوانی داناوە، خودا دەفەرموێ: (إِنَّ هَذَا الْقُرْآنَ يِهْدِي لِلَّتِي هِيَ أَقْوَمُ) ئەو قورئانە و پەیامەکانی بەرەو باشترین و چاکترینمان دەبەن، باشە بۆچی لە ناو دابەشکردنەوەی نوێ بۆ ئیسلام دەبینین کەسانێك هەن، بەتایبەتی ئەوانەی ئیسلامی سیاسین و ئیسلام بەکار دەهێنن وەك پەیژەیەك بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، تەنیا کۆمەڵێك لە پەیامەکانی خودای گەورە زەق و گەورە دەکەنەوە، کە سوود و قازانج بە بۆچوون و بیر و هزری خۆیان بگەیەنێت، ئەو کەسانەی وەك ئەوان بیرناکەنەوە، بە ڕاستیان نازانن. بۆیە دەپرسین: ئایا کامە ئیسلامی دروست و ڕاستە؟ هەرچەندە دەزانین ئیسلامی ڕاست لە پەیامەکانی خودا و پەیامەکانی پێغەمبەر(د.خ) سەرچاوە دەگرێت و دوای ئەوە ڕاڤەی قورئان و ڕاڤەی فەرموودەکانی پێغەمبەر(د.خ)، بۆیە لێرەدا گرنگە بوەستین لەسەر بابەتێك کە بزانین هەموو پەیامێك کە لە قورئاندا باس کراوە، کێ دەتوانێت تێی بگات و کێ دەتوانێت پەیامەکانی قورئان ڕاڤە بکات؟ ئایا دەزانن بۆ مەبەستی تێگەیشتن لە پەیامەکانی خودا و پێغەمبەر(د.خ) پێویستە کەسانی زانا و پسپۆڕ ئەو کارە ئەنجام بدەن؟ خودا دەفەرموێت (فَاسْأَلُوا أَهْلَ الذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ) لە کەسانی شارەزا و تێگەیشتوو لە بابەتەکاندا پرسیار بکەن، لەو کەسانەی کە لە بابەتی قورئان و فەرموودە تێدەگەن، ئێنجا ئێوە دەتوانن لێی تێبگەن، لە شوێنێکی دیکە خودا دەفەرموێت (فَاسْأَلْ بِهِ خَبِيرًا) واتە لە کەسانی زانا و شارەزا و بەئەزموون بپرسن، لێرەدا شتێکمان بۆ لێك جیا بووەوە کە هەموو کەسێك ناتوانێت ڕاڤەی قورئان بکات، هەر وەکو چۆن هەموو کەسێك بۆی نییە فتوا بدات و هەموو کەسێك بۆی نییە خۆی بە زانا دابنێت، زانایی و دانایی لە ئیسلام و ناو ژیانی موسڵماناندا مەرج و پێداویستیی و بنەمای خۆی هەیە، ئەوەی ئێستا لە ناو کۆمەڵگەی موسڵماناندا دەگوزەرێت، کە هەرکەس هەڵدەستێت بە قسەکردن لەسەر ئایین و هەموو کەسێك فتوا دەدات لەسەر ئایین، کە زۆر جار کەسانی کاڵفام و تێنەگەیشتوون لە سەر پەیامەکانی خودا قسە دەکەن، کە کەسانێکی تێنەگەیشتوو و پێنەگەیشتوون قسە دەکەن، هەروەها لە بیرمان نەچێت پەیامی قورئان کە پێغەمبەر (د.خ) ڕێگەی پێ درا بۆ خەڵکی شی بکاتەوە، ئەوە

خودا پێی گەیاند کە ٢٣ساڵ پێگەیاندن بوو و پێش هاتنی پەیامەکەش بۆ پێغەمبەر (د.خ) کە تەمەنی چل ساڵ بوو، ئەو ماوەیەش هەر پێگەیاندن و ئامادەباشی بوو بۆ ئەوەی بتوانێت تێبگات، لێرەدا نمونەیەك لە پەیامەکانی قورئان باس دەکەم، کە خودا مرۆڤەکان دروست دەکات، دەفەرموێت: (وَاخْتِلَافُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَانِكُمْ)، هەروەها دەفەرمووێ (وَجَعَلْنَٰكُمْ شُعُوبًا وَقَبَآئِلَ لِتَعَارَفُوٓاْ) ئەو دوو پەیامە لە قورئاندا هەیە و پەیامی نیشتمانین و پەیامێکن پێمان دەڵێن دەبێت ئێمە نیشتمانی خۆمان خۆش بوێت و پەیامێکن پێمان دەڵێت خودا چۆن عەرەبێك و فارسێك و تورکێك و ئەوانی دیکەی دروست کردووە، کە دەبێت ڕێز لە زمانەکەیان بگیرێت، منیش زمانم کوردییە دەبێت بەپێی پەیامی خودا ڕێزی لێ بگیرێت، من بە زمانی خۆم کە کوردییە لە خودا دەپاڕێمەوە و بە کوردی لەگەڵ خودای خۆم دەدوێم، دەکرێت من ڕاڤەی قورئان بە کوردی بکەم، تاوەکو هەموو میللەت و کۆمەڵگەکەم لە پەیامی قورئان بگەن و لە خودا نزیك ببنەوە. خودا کە ئێمەی کردووە بە نەتەوە و عەشیرەت و هۆز و تیرە بۆ ئەوەیە یەکتریی بناسین، لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئەدی بۆچی ئێمە میللەتێکین کەسانێك لە ناوخۆشماندا بە ناوی ئایین و شتی دیکەوە کاڵبوونەوەی بیری نەتەوەیی و خۆشەویستیی نیشتمان بە ئاقارێکی دیکەدا دەبەن، بۆیە تەنیا وشەیەك بۆ ئەو کەسانە بەکار بێت ئەوەیە، ئایا ئەوە ئەوانە تێنەگەیشتوون لە پەیامەکانی خودا؟، چونکە پەیامی خودا هیچ کات لەگەڵ ئەوەدا نییە نەتەوە و نیشتمانی خۆتت خۆش نەوێت و نەتەوەی خۆت لەسەر زەوی بسڕیتەوە، بەڵکو خۆشەویستیی نیشتمان و نەتەوەکەمان لە سەرووی هەموو شتەکانمانەوەیە، چونکە پەیامی خودایە جێبەجێی دەکەین.

ئێستا بەپێی پەیامی خودا هزری نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری زۆر پێویست و ئەرکە، لە کاتێکدا کەسانێك پێیان وایە سیمبولی هزری نەتەوەیی و نیشتمانی و خاك پیرۆز نییە، ئەوە من لێرەدا پێیان دەڵێم ئەو پەیامە لە قورئانەوە وەرگیراوە کە ئەو خاك و نەتەوە و نیشتمانەن و زمان و کەلتوورەی ئێمە هەمانە خۆشمان بوێت، لە لایەن خوداوە پێمان دراوە و لە گەورەیی خوداوە بۆمان هاتووە و ئێمە لە خودا دەترسین و خودا دەپەرستین، بۆیە هیچ کاتێك نابێت بیر لەوە بکەینەوە، شوێن کەسانێك بکەوین کە بابەتە نیشتمانییەکان بسڕنەوە، لێرەشدا بابەتێکی زۆر گرنگ هەیە، ئێمە وەك میللەتی کورد خاوەنی مێژوویەکی پڕ لە شانازین لە خزمەتکردنی ئیسلام کە توانیومانە زانای زۆر گەورە و بەناوبانگ و شارەزامان هەبێت، چ لە ڕابردوو و چ لە ئێستادا ئەو زانایانە خزمەتی زۆری نیشتمانیان کردووە لە چوارچێوەی ئیسلامدا، تەماشا بکەن شاعیرەکانمان وەك (ئەحمەدی خانی و مەولەوی و نالی و...هتد) کە هەر هەموویان خزمەتێکی زۆری ئیسلام و نەتەوە و نیشتمانەکەیان کردووە، حوجرە و قوتابخانە ئایینییەکانی ئیسلام لە کوردستاندا خزمەتی زۆر گەورەی ئیسلام و نیشتمانی کوردیان کردووە، کە ئەوانە زامنی پاراستنی ئیسلامن لە ناو کۆمەڵگەی ئێمەدا و هیچ شتێك بێ هاوکاری و هەماهەنگی نابێت، ئەوە دەبێت هەموومان هەموو شتەکانمان بە یەکەوە بپارێزین و خۆشەویستی بۆ دروست بکەین، بەڵام ناکرێت تۆ بێیت هەموو ئەو مێژوو و ڕابردووە جوانەی ئێمەی کورد هەمانە و ئەوەی مامۆستا و زانایانی ئایینیی ئیسلامی کورد کردوویانە لە ڕووە هەقیقەتە مێژووییەکەی بابەتەکان لەبیر بکەیت و بە قوربانی کەسانی دیکەی بکەیت، بە تەئکید بەپێی پەیامەکانی قورئان هەر نەتەوەیەك مافی ژیان و سەربەخۆیی خۆی هەیە لەبەر ئەوەی ئەو مافانە خودای گەورە پێی داوین کە بە ئازادی بژین، ئەوەشی ئێستا ئێمە دەچەوسێنێتەوە و مافی ژیان و ئابووری و دارایی بە ئێمە ڕەوا نابینێت، لە ڕواڵەتدا موسڵمانە و قورئانیش دەخوێنێت، بەڵام لە قورئان تێنەگەیشتووە و لە مافەکانی موسڵمان کە لە قورئاندا هاتووە زانیاریی نییە و تێناگات، بۆیە پەیامەکانی خودا لەسەر زەوی بە هەڵە ڕاڤە دەکات، ئەو کەسانە با لە میللەتی خۆمانی کوردیش بن، بەڵام کە بە مەبەستی گەیشتن بە بابەتێکی تایبەتیی خۆیان و بەرژەوەندییەکانیان و بە سیاسەتکردنی ئیسلام بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، کە بابەتە

**ئەو پەیامە لە قورئانەوە وەرگیراوە کە ئەو خاك و نەتەوە و نیشتمانەن و زمان و کەلتوورەی ئێمە هەمانە خۆشمان بوێت**

**ئێمە وەك میللەتی کورد خاوەنی مێژوویەکی پڕ لە شانازین لە خزمەتکردنی ئیسلام کە توانیومانە زانای زۆر گەورە و بەناوبانگ و شارەزامان هەبێت**

**بەپێی پەیامەکانی قورئان هەر نەتەوەیەک مافی ژیان و سەربەخۆیی خۆی هەیە لەبەر ئەوەی ئەو مافانە خودای گەورە پێی داوین کە بە ئازادی بژین**

**ئەوەی ئێستا ئێمە دەچەوسێنێتەوە و مافی ژیان و ئابووری و دارایی بە ئێمە ڕەوا نابینێت، لە ڕواڵەتدا موسڵمانە و قورئانیش دەخوێنێت، بەڵام لە قورئان تێنەگەیشتووە و لە مافەکانی موسڵمان کە لە قورئاندا هاتووە زانیاریی نییە و تێناگات**

**زۆر جار ڕاڤەکردنێکی هەڵەی کەسانێکی ئیسلامی سیاسی بۆ بابەتە نیشتمانییەکان، وای کردووە خەڵکێک ڕقیان لە ئیسلام و پەیامە ئاسمانییەکانیش ببێتەوە**

**تاکە پەیام کە مافی ئازادیمان پێ دەدات، ئایینە ئاسمانییەکانە، چونکە خودا دروستکاری ئێمەیە**

**زانای ئایینی کە دەتوانێت فتوا بدات، زۆر جیاوازە لە بانگخوازێکی ئایینی، چونکە بانگخوازی ئایینی بە هیچ جۆرێک ناتوانێت لەسەر پرسەکان فتوا بدات**

نەتەوەیی و نیشتمانیەکانمان بکەیتە قوربانی، ئەوە کارێکی هەڵەیە. زۆر جار ڕاڤەکردنێکی هەڵەی کەسانێکی ئیسلامی سیاسی بۆ بابەتە نیشتمانییەکان، وای کردووە خەڵکێك ڕقیان لە ئیسلام و پەیامە ئاسمانییەکانیش ببێتەوە، ئەو جۆرە کەسانە وا دەزانن، خودا مافی پێ نەداون بژین و مافی ئازادی و سەربەخۆبوون لە ئایینی ئیسلامدا نییە، ئەگەرچی تاکە پەیام کە مافی ئازادیمان پێ دەدات، ئایینە ئاسمانییەکانە، چونکە خودا دروستکاری ئێمەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە سەردەمی نوێدا خەڵکانێك پەیدا بوون ئایین بەکار دەهێنن و دەیکەن بە قەڵغان بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، خەڵك وا تێدەگەیەنن ئەو ئایینەی لە پێشتر لە ڕێگەی مامۆستایانی ئایینی و حوجرە و فەقێ و زانایانی ئیسلامی کورد تێگەیشتنیان بۆ ئیسلام هەبووە، هەڵە بووە، ئێمەش نالێین هەڵە ڕووی نەداوە، بەڵکو هەڵە لە هەموو بابەت و سەردەمێك ڕوو دەدات. لەلایەکی دیکەوە کەسانێك پەیدا بوون هەر لە خۆیانەوە فتوا دەدەن، لە کاتێکدا فتوادان دەبێت لەلایەن لایەنی پەیوەندیداری وەك ئێمە بێت، کە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی و لیژنەی فتوا و سەرۆکی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلاممان هەیە، هەموو ئەوانە دەتوانن لەسەر پرسە گرنگ و هەنووکەیی و پەیامەکانی خودا گفتوگۆ و قسە بکەن. لەلایەکی دیکەوە

بۆچی ئێمە وەك نەتەوەی کورد هەقی خۆمان نەبێت لەژێر چەتری ئایینی خۆماندا مافی ئازادی و سەربەخۆبوون و دەوڵەتمان هەبێت؟ هەڵە خەڵکی نەزانە کە ڕاڤەی هەڵە دەکەن بۆ پەیامەکانی خودا و دەقەکانی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر(د.خ)، هەروەها ئێمە چەند شتێك هەیە پێویستە بیزانین لەوانە، یەکەم: هەڵە تێگەیشتن لە چەمکەکان زۆر کێشەی بۆ ئێمە دروست کردووە. دووەم: فتوادانی نوێ کە کەسانێك پێیان وایە ئەگەر بڕوانامەیەکی زانکۆیان لە بواری شەریعەتدا هەبوو، ئەوە دەتوانن فتوا بدەن، یان بڕوانامەی ماجستەر و دکتۆرایان لە شەریعەتدا هەبوو، دەتوانن فتوا بدەن، ئەمە هەرگیز وا نییە، چونکە موفتی و موجتەهید و زانا و توێژەر و لێکۆڵەر، ئەمانە چەمکی ئایینین کە هەموو کەسێك بە ئاسانی پێی ناگات، بەڵکو دەبێت ئەزموون و تێگەیشتن و دیقەت و واقیعییەتێکی زۆری هەبێت، ئینجا دەتوانێت فتوا بدات. سێیەم: دەبێت ئەوە لێك جیابکەینەوە کە زانای ئایینی کە دەتوانێت فتوا بدات، زۆر جیاوازە لە بانگخوازێکی ئایینی، چونکە بانگخوازی ئایینی بە هیچ جۆرێك ناتوانێت لەسەر پرسەکان فتوا بدات، بانگخواز پەیامەکان لە ڕێگەی هاندانەوە بە خەڵك دەگەیەنێت، ناکرێت تۆ بێیت هەموو ڕابردوو ڕەش بکەیتەوە و فتوای تازە بدەیت،



ئەوە کێشە بۆ تێگەیشتنی خەڵك دروست دەکات، وەك ئەو هەموو زانستانەی کە هەن وەك زانستی فیقە و و ئوسووڵی فیقهی و زانستی تەفسیر و زانستەکانی قورئان و زانستی فەرموودە و زانستی ڕاڤەی فەرموودە و...تاد، هەر بۆیە ڕێکخستنی فتوا و دانانی لیژنەی فتوا وەك ئەوەی ئێستا هەیە، پێویستە و دەبێت فتواکان لەلایەن ئەو لیژنە تایبەتەوە بێت کە دانراوە، ئەوەی کێشە دروست دەکات بۆ کۆمەڵگەی موسڵمانان دوو شتە، کە زۆر مەترسیدارن، ئەوانیش تێنەگەیشتن لە چەمکەکان و ڕاڤەی چەمکەکان لەلایەن یەکێك بە جۆرێك و لەلایەن یەکێکی دیکە بە جۆرێکی دیکە لەسەر بنچینە و بنەمایەك کە خۆی پێی باشە، کە بەو جۆرە نییە و دەبێت ئێمە بزانین خودا چی پێ باشە و دەبێت بزانین خودا مەبەستی لەو ئایەت و پەیامە چییە و پێغەمبەر (د.خ) مەبەستی چی بووە، ئەگەر مەبەستەکانی خۆمان و مەبەستە سیاسییە ئیسلامییەکانی خۆمان تێکەڵاو بکەین لەگەڵ مەبەستەکانی خودای گەورە، ئەوە تێکچوون و تێکگیران لە نێوانماندا دروست دەبێت، بۆیە زۆر گرنگە ئێمە بزانین کە بیری توندڕەوی و بەکارهێنانی ئیسلام بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و شتی دیکە هەڵەیەکە کە دواجار کۆمەڵگە لە یەکتر دەترازێنێت، ئێستا لە کوردستان نەك بەگشتی لە ناو کۆمەڵگە، بەڵکو لە ناو حزب و لایەنە ئیسلامییەکانیشدا بیری جیاواز هەیە و یەکێکیان ئەوەی دیکە بە ڕاست نازانێت، ئەگەر پێیان وابێت خزمەت دەکەن بە ئایینی ئیسلام، ئەدی بۆچی هەموو ئەو حزبە ئیسلامییانە لەسەر یەك پەیام کۆك نابن، کە هەموویان بە شێوازی ئیسلامی نوێ کار دەکەن و پێیان وایە باوك و باپیران و شاعیران و مامۆستا و زانایانی ڕابردوومان نەیانتوانیوە بە ئیسلامی راستەقینە بگەن. لە سەردەمی نوێدا لە جیاتی ئەوەی حزبی ئیسلامی سیاسی کەم ببێتەوە، لەبەر ئەوەی مەبەستیان دەسەڵاتە، دەبینین زیاتر لێك جیادەبنەوە و لقی زیاتریان لێ دەبێتەوە، هەر بۆ نمونە ئێستا لە هەرێمی کوردستان حزبی ئیسلامیی سیاسی تازە دروست بووە و لەبری ئەوەی سێ بن، ئێستا چوار و پێنج و زیاترن، ئەوە جگە لە بیری جیاواز، ئەمە پێویستی بەوەیە هەموومان لەوەدا کۆك بین، کە ڕاستییەکان هەمووی لەلای کەسێك نین و هەڵەکانیش لەلای کەسێك نین، بەڵکو هەر یەکە لەوانە کۆمەڵێك بنچینە و بنەمای ڕاستی هەیە و هەر یەکەش لەوانە کۆمەڵێك هەڵەی بۆ بابەتەکان هەیە، هەر بۆیە بە هیچ شێوازێك ناکرێت پەیامە ئایینییەکان بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و بەرژەوەندییە سیاسییەکانیان بەکار بێن.

**ئەوەی کێشە دروست دەکات بۆ کۆمەڵگەی موسڵمانان دوو شتە، کە زۆر مەترسیدارن، ئەوانیش تێنەگەیشتن لە چەمکەکان و ڕاڤەی چەمکەکان لەلایەن یەکێک بە جۆرێک و لەلایەن یەکێکی دیکە بە جۆرێکی دیکە لەسەر بنچینە و بنەمایەک کە خۆی پێی باشە**

**بیری توندڕەوی و بەکارهێنانی ئیسلام بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و شتی دیکە هەڵەیەکە کە دواجار کۆمەڵگە لە یەکتر دەترازێنێت**

**لە سەردەمی نوێدا لە جیاتی ئەوەی حزبی ئیسلامی سیاسی کەم ببێتەوە، لەبەر ئەوەی مەبەستیان دەسەڵاتە، دەبینین زیاتر لێک جیادەبنەوە و لقی زیاتریان لێ دەبێتەوە**






## ماجید سۆرەمیری فەیلی

کەسایەتیی ناسراوی ناو کوردانی فەیلی بۆ گوڵان:

# مەلا مستەفا بارزانی بۆ کوردانی فەیلی ئەو کاریزمایە بوو کە هەموو کوردان لە دەوری کۆبوونەوە و لە سەردەمی ئەودا ئەو هەموو ناکۆکی و پەرتەوازەیە نەبوو

# کوردانی فەیلی لەبەر چاو و بێدەنگیی دونیا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی جینۆساید کران

**کوردبوون و پاڵپشتی و پشتگیرییان بۆ شۆڕشی ڕەوای گەلەکەیان هۆکاری سەرەکیی جینۆسایدکردنی کوردانی فەیلی بوو. ئەو تراژیدیایە کە دەرهەق کوردانی فەیلی لە عێراق ئەنجام درا، بووە هۆی گۆڕینی تۆپۆگرافیای کورد لە بەغدا و ڕۆژهەڵاتی عێراق بەتایبەتی لە پارێزگای دیالە. سەرۆک بارزانی لە کۆنفرانسی بەجینۆسایدناسانی کوردانی فەیلیدا، وێڕای ئەوەی تاوانەکەی بەبیر گەلانی دونیا هێنایەوە، داواشی کرد، سەنتەرێك بۆ دیراسەتکردن و بەدواداچوونی کەیسی بەجینۆسایدناسانی کوردانی فەیلی دابمەزرێت. گۆڤاری گوڵان لەم ژمارەیەیدا دیدارێکی لەگەڵ ماجید سۆرەمیری فەیلی کەسایەتیی ناسراوی ناو کوردانی فەیلی سازدا. لێرەدا پوختەی وتەکانی بڵاودەکەینەوە.**

*** سەرەتا با لەو پرسیارەوە دەست پێ بکەین، لە ژێر چ پاساوێکدا ڕژێمی بەعس تاوانی جینۆسایدی کوردانە فەیلی ئەنجام دا؟ ئایا تا چەند بە هۆی کوردپەروەرییان و پاڵپشتییان بۆ شۆڕشی ئەیلوول ئەم تاوانە قێزەوەنەیان دەرهەق ئەنجام درا؟**

- هەڵوێستی کوردانی فەیلی لە دۆزی ڕەوای گەلەکەیان و پاڵپشتی و پشتگیرییان بۆ سەرکردەی کورد مەلا مستەفا بارزانی دیار بووە و هەمیشە پاڵپشتی شۆڕشەکانی کورد بوون، بەتایبەتی لە هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلوولدا گەنجانی کوردی فەیلی پەیوەندییان بە ڕێکخستنەکانی شۆڕشەوە کرد و بازرگان و دەوڵەمەندەکانیشیان بە هاوکاری دارایی پشتگیری شۆڕشیان کرد، پێشتریش کوردانی فەیلی ڕۆڵیان هەبوو لەدامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەمانە هەمووی بوونە هۆکارێك بۆ ئەوەی ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق بەتایبەتی ڕژێمی بەعس ترس و ڕق و کینەیەکی زۆریان لە دژی کوردانی فەیلی لا دروست بێت، ئەم ڕق و کینەیەی کە لە زەمەنی ڕەشید عەلی گەیلانی لە ساڵی ١٩٤١ـەوە دەستی پێ کرد، زیاتر بوو کاتێك مەلا مستەفا بارزانی لە یەکێتیی سۆڤێتی ئەو کات گەڕایەوە و لە بەسراوە تاوەکو بەغدا بە درێژایی ئەو ڕێگایە مەلا مستەفا بارزانی پێشوازییەکی گەرمی لێ کرا و وەکو کارێزمایەکی نەتەوەیی مامەڵەی لەگەڵ کرا، تەنانەت ئەو کاتەی لە بەغداش مایەوە، شوێنی نیشتەجێبوونی بووە شوێنی کۆبوونەوە و سەردانیکردنی کوردانی فەیلی. مەلا مستەفا بارزانی لە شوێنی حەوانەوەی لە بەغدا ڕۆژانە پێشوازی لە کەسایەتییەکان دەکرد، بەتایبەتی لەناو کوردانی فەیلی کە ئەو سەردەمە لە بەغدا پێگەیەکی بەهێزی جەماوەری و هێزێکی ئابووریی قورسیان پێك دەهێنا، لە کاتی واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری مێژوویی کوردانی فەیلی ژمارەیەکی بەرچاویان لەو کوردانە پێکدەهێنا کە لە ڕێپێوانی پشتگیریی ڕێککەوتننامەکە بۆ پاڵپشتیکردنی مەلا مستەفا بارزانی بەشداریی ئەو ڕێپێوانەیان کرد. یەکەمین ئێزگەی دەنگی کوردستانیش بە کۆمەك و لەسەر دەستی کوردانی فەیلی دابین کرا و گەیەندرایە شۆڕش، تەنانەت یەکەمین کۆنگرەی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لە ماڵی کوردێکی فەیلی بە ناوی دکتۆر کامیل بەسیر ساز درا، یەکەمین ئافرەتیش لە یەکێتیی ئافرەتان کو بەرپرسیارێتی هەبوو، زەکیە ئیسماعیل حەقی بوو، بۆیە ڕژێمی بەعس بە پاساوی «التبعیة الایرانیة» شاڵاوەکەی دەست پێ کرد و سەدان کادیری کوردی فەیلی لەناو پارتی و حزبی

**لە هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلوولدا گەنجانی کوردی فەیلی پەیوەندییان بە ڕێکخستنەکانی شۆڕشەوە کرد و بازرگان و دەوڵەمەندەکانیشیان بە هاوکاریی دارایی پشتگیریی شۆڕشیان کرد**

**یەکەمین کۆنگرەی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لە ماڵی کوردێکی فەیلی بە ناوی دکتۆر کامیل بەسیر ساز درا، یەکەمین ئافرەتیش لە یەکێتیی ئافرەتان کو بەرپرسیارێتی هەبوو، زەکیە ئیسماعیل حەقی بوو**

شیوعی دەستگیر کران و بێسەروشوێن کران و ژمارەیەکی زۆری خێزانەکانیشیان بە زۆرەملێ ڕاپێچی ناوچە سنوورییەکانی ئێران کران و ماڵ و حاڵیان دەستی بەسەردا گیرا. ژمارەیەکی دیکەی زۆری خێزانەکانی کوردانی فەیلی دوور خرانەوە بۆ ناوەڕاست و خوارووی عێراق و دەیان تاوانی دیکەیان بەرانبەر ئەنجام درا، هەموو ئەم تاوانانەش دژی هەموو ماددە و بەڵگەنامەکانی مافی مرۆڤ و میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان و بگرە دەستوور و یاسای عێراقیش بوون، کە لە بەرچاوی دونیا و بێدەنگیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی جینۆسایدەکە جێبەجێ کرا.

*** وەکو ئاماژەت پێ دا، گواستنەوە و کۆچپێکردنی نێوخۆیی کوردانی فەیلی تاوانێکی دیکەی ڕژێمی بەعس بووە، ئایا بە هۆی تەعریبکردنی ناوچەکانی کوردانی فەیلی، کوردانی فەیلی تاچەند بوونەتە قوربانیی ئەم سیاسەتە شۆڤێنییە و بووەتە هۆی کۆچکردن لە ناوچەکانیان؟**

- سرووشت و پێکهاتەی کوردانی فەیلی لە بەغدا وای کردبوو، قورساییەکی باشیان لە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەبێت، کوردانی فەیلی لە دوای ئەوەی جوولەکەکان لە بەغدا دەرکران و کۆچیان کرد بۆ ئیسرائیل، بوونە هێزێکی گەورەی ئابووری، زۆربەی کاسبکار و پیشەوەران و بازرگانەکانی شۆرجە لە کوردانی فەیلی بوون. ئەگەر لاپەڕەکانی مێژوو هەڵبدەینەوە، شاهیدیی ئەوەمان بۆ دەدات، کە زۆربەی کارگە و کارخانە و دەزگا پیشەسازییەکانی ئەو سەردەمە لە بەغدا کوردانی فەیلی خاوەنی بوون، تەنانەت لە کاری بازرگانیکردن بەتایبەتی لەگەڵ ئێراندا کوردانی فەیلی ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە، لەناو حکومەتی عێراقیشدا ژمارەیەکی زۆری فەرمانبەرانی بەغدا کوردانی فەیلی بوون. ئەمە جگە لەوەی لە ڕۆژهەڵاتی بەغدا و لە ناوچەکانی خانەقین و دیالەی دەوڵەمەند بە کێڵگەی نەوت، خاکی ڕەسەنی کوردانی فەیلی بوون. بۆیە لێدانە ئابوورییەکە وەکو ئەوەی لە ئێستادا ڕوودەدات و کار بۆ لاوازکردنی پێگەی ئابووریی کورد لە هەرێمی کوردستان دەکرێت، ئەو سەردەمەش ڕژێمی بەعس لە دژی کوردانی فەیلی بە هەمان شێوە مامەڵەی کرد و خوازیار نەبوو کوردانی فەیلی وەکو هێزێکی ئابووری بمێننەوە.

*** ئاماژەت بە کۆچپێکردنی زۆرەملێ و دوورخستنەوەی کوردانی فەیلی کرد بۆ ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق، ئایا ئەمەش لە چوارچێوەی سیاسەتی تەعریبکردن و تەرحیل هاتووە؟**

- کوردانی فەیلی لە پێشەوەی پێکهاتە ڕەسەنەکەی کورد بوون، کە ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکەی عێراق تەعریب و تەرحیلی کردوون، ئەوەی ڕێگای لە فراوانکردنی تەعریب کرد، شۆڕشی ئەیلوول و ڕۆڵی مەلا مستەفا بارزانی بوو، لە دوای نسکۆی شۆڕش سیاسەتی تەعریب بە شێوەیەکی دڕندانە و بێبەزەییانە دژی کوردانی فەیلی جێبەجێ کرا، لە تەواوی ناوچەکانی دیالە و کەرکووک و سەلاحەدین و دیهاتەکانی دەوروبەری خانەقین و جەلەولا ڕاگواسترانەوە بۆ باشووری عێراق، بەمەش لە تەواوی ناوچەکانی کوردانی فەیلی گۆڕانکاریی تۆپۆگرافیا ڕووی دا و کورد خاکێکی بەپیت و دەوڵەمەند بە نەوتی لەدەست دا و، سزایەکی توند و دڕندانە و دژ بە مافی مرۆڤ بوو ئەنجام درا. بە دانپێدانانی مالیکی خۆی کە گوتی ٢٢ هەزار گەنجی کوردی فەیلی بێسەروشوێن کراون و شەهید بوون، ئەو تاوانە نامرۆڤانەیە زیاتر ئاشکرا کرا. ڕێزدار سەرۆک بارزانی لە چەندین بۆنەدا ئاماژەی بەوە داوە، کە زانیاریی وردیان لەبەردەستدا بووە، بەوەی کە کوردانی فەیلی لەگەڵ بارزانییەکان تاقیکردنەوەی کیمیاییان لەسەر ئەنجام داون، بە داخیشەوە لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس گەڕان بە دوای ڕوفاتی کوردانی فەیلی ئەنجام نەدرا و زۆربەی ئێسك و تەرمەکانی شەهیدەکانمان بەدەست نەکەوتەوە.

*** ژیانی ئاوارەیی و دەربەدەریی کوردانی فەیلی زۆر بە دەگمەن تیشکی خراوەتە سەر و کەم باس دەکرێت، لە کاتێکدا کۆچپێکردنی بەزۆرەملێی ژمارەیەکی وا زۆری کوردانی فەیلی بۆ ئێران لەو سەردەمەدا ئاسان نەبوو، دەکرێت باسێکی ئەو ڕاپێچکردنە بەزۆرەملێیەمان بۆ بکەیت؟**

**کوردانی فەیلی لە دوای ئەوەی جوولەکەکان لە بەغدا دەرکران و کۆچیان کرد بۆ ئیسرائیل، بوونە هێزێکی گەورەی ئابووری، زۆربەی کاسبکار و پیشەوەران و بازرگانەکانی شۆرجە لە کوردانی فەیلی بوون**

**ئەوەی ڕێگای لە فراوانکردنی تەعریب کرد، شۆڕشی ئەیلوول و ڕۆڵی مەلا مستەفا بارزانی بوو، لە دوای نسکۆی شۆڕش سیاسەتی تەعریب بە شێوەیەکی دڕندانە و بێبەزەییانە دژی کوردانی فەیلی جێبەجێ کرا**

**بە دانپێدانانی مالیکی خۆی کە گوتی ٢٢ هەزار گەنجی کوردی فەیلی بێسەروشوێن کراون و شەهید بوون، ئەو تاوانە نامرۆڤانەیە زیاتر ئاشکرا کرا**

**ڕێزدار سەرۆک بارزانی لە چەندین بۆنەدا ئاماژەی بەوە داوە، کە زانیاریی وردیان لەبەردەستدا بووە، بەوەی کە کوردانی فەیلی لەگەڵ بارزانییەکان تاقیکردنەوەی کیمیاییان لەسەر ئەنجام داون**

- لە قۆناغ و سەردەمێکی هەستیار و سەختدا کوردانی فەیلی ڕاپێچی ئێران کران. ئەوان وێڕای ئەوەی ماڵ و حاڵیان دەستی بەسەردا گیرابوو، ژمارەیەکی زۆری گەنجەکانیان ڕاپێچی زیندانەکان کرابوون، لە ئێرانیش بارودۆخە ئابوورییەکە باش نەبوو، لە سەروبەندی هەڵگیرسانی شەڕ بوون لەگەڵ عێراق، لەوێ پێمانیان دەگوت کوردی عێراقی و بە کارت و بەڵگەنامە نەبووایە، نەماندەتوانی هاتوچۆ بکەین. کوردانی فەیلی لە ئۆردوگاکانی ئێران ببوونە قوربانیی سێگۆشەی مەرگ. ئەوەشی بە ناچاری لە هەشتاکان و نەوەدەکاندا ڕووی لە هەندەران کرد و لەناو ئەو کۆمەڵگەیانەدا منداڵەکانیان گەورە بوون و لەم وڵات و ئەو شار بەرش و بڵاوبوونەوە و هێزی یەکگرتوویان لەدەست دا، تەنانەت زۆرێکیان نەگەڕانەوە بۆ عێراق و بە سۆراخی ماڵ و حاڵیان و قەرەبووکردنەوەیانەوە نەچوون. زۆربەی کوردانی فەیل ئامادە نەبوون بچن دوای دادگایەکی ناکۆکیی موڵکایەتیی عێراقی بکەون، لە کاتێکدا هەمووان دەزانن دادگا و یاسا لە عێراقدا ڕۆڵی کزە و ساڵانێکی دەوێت تاوەکو بە ناوی «النزاعات الملكية» وەڵامێك وەربگریت.

*** لە کۆنفرانسی بەجینۆسایدناساندنی کۆمەڵکوژیی کوردانی فەیلی، تاچەند ئومێدتان بۆ گەڕایەوە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە گرنگی بە ناساندنی جینۆساید و قەرەبووکردنەوەی قوربانییەکان بدرێت؟**

- من خۆم لە خزمەتی سەرۆك بارزانیدا میوانی کۆنفرانسەکە بووم، سەرۆك بارزانی بە کردەیی هەنگاوی بۆ ناساندنی جینۆسایدەکە هەڵگرت و فەرمانی دامەزراندنی سەنتەرێکی دا بۆ ناساندنی ئەم جینۆسایدە و یەکلاکردنەوەی کەیسی ئەو کوردانەی فەیلی کە تاکو ئێستا بێ چارەسەر ماونەتەوە. بەداخەوە تاکو ئێستا ئیجرائاتی پراکتیکی هەنگاوی بۆ نەنراوە، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە دەنگ بڕیارەکەی سەرۆك بارزانی بچێت و دامەزرانی سەنتەرێك تەنیا بۆ کۆکردنەوەی دیکۆمێنت و بەڵگەنامەکان نەبێت، بەڵکو بۆ بەدواداچوونی کەیسی کێشە و گرفتەکانی کوردانی فەیلی بێت و ڕۆڵ و پێگەی بەهێزیان لە بەغدا و ناوچەکانی پێشووی خۆیان بۆ بگەڕێنێتەوە.

*** ئایا ئەم فەرامۆشکردن و واقیعە نوێیەی مەزهەبی لە عێراقدا کاریگەریی نەرێنی کردووەتە سەر یەکدەنگی و یەکگرتوویی کوردانی فەیلی؟**

ئێمە دەبێت لەگەڵ خۆمان و سەرکردایەتیی کوردیشدا ڕاستگۆ بین، فەرامۆشکردنی حزبە کوردستانییەکان بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا و دیالە و ناوچەکانی دیکەی عێراق و ناوچە جێناکۆکەکان کە کوردێکی زۆری فەیلی لێیە، کە هاوکاتە لەگەڵ باڵادەستی و قۆرخکاریی حزب و لایەنە سیاسییەکانی شیعە دۆخەکەیان قۆستووەتەوە. من هەرگیز ناڵێم و گومانم لە کوردپەروەریی کوردانی فەیلی نییە، بەڵام لە ئێستادا توێژێکی گەنجیان هەیە و پێویستیان بە دامەزراندن و گرنگیدانە، دەبێت سەرۆك بارزانی گرنگی بە هۆزەکانی کوردانی فەیلی بدات، بۆ نموونە لە خانەقین دوو هۆزی گەورەی کوردانی فەیلی هەن کە هۆزەکانی سۆرەمیری و ئەرکەوازین، لە دوای **٢٠٠٣** تەنیا ٥٠٪یان گەڕانەوە بۆ خانەقین و لە شوێنەکانی خۆیان جێگیر بوون و منداڵەکانیان گەورە بوون و توانای کاری جووتیارییان نییە، هەروەها چەند هۆزێکی دیکەی کوردانی فەیلی هەن، لەوانە هۆزی قەڵەوس لە بەغدا، بۆیە ڕەنگە لێرە و لەوێ کەمێك قەرەبوو کرابنەوە، بەڵام بە زەحمەت ماڵ و حاڵیان دەست کەوتەوە. بە شێوەیەکی گشتی ناتەبایی و نەبوونی یەکدەنگی لەناو حزب و لایەنە کوردستانییەکان، بەتایبەتی لەنێوان پارتی و یەکێتی ڕەنگدانەوەی خراپی لەسەر دۆخی هەموو کورد و کوردانی فەیلی هەبووە، لە کاتێکدا ئێمە لە بەرەی پێشەوەی بەرەنگاربوونەوەی تەعریب و تەرحیلین. کاتی ئەوە هاتووە هەنگاوی عەمەلی بۆ کۆکردنەوە و سەرپەرشتیکردنی کوردانی فەیلی بنرێت و پەلە بکرێت لە هەنگاوەکانی کردنەوەی سەنتەری بەجینۆسایدناسانی کوردانی فەیلی و بە هەموو چین و توێژەکانەوە کۆبکرێنەوە و حکومەتی هەرێمی کوردستان پاڵپشتیی تەواوی سەنتەرەکە بکات، بەداخیشەوە لەناو خودی کوردانی فەیلی ناکۆکی و ناتەبایی هەیە و بوونەتە چەند لایەنێك.

**لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس گەڕان بە دوای ڕوفاتی کوردانی فەیلی ئەنجام نەدرا و زۆربەی ئێسك و تەرمەکانی شەهیدەکانمان بەدەست نەکەوتەوە**

**هەمووان دەزانن دادگا و یاسا لە عێراقدا ڕۆڵی کزە و ساڵانێکی دەوێت تاوەکو بە ناوی «النزاعات الملكية» وەڵامێك وەربگریت**

**سەرۆك بارزانی بە کردەیی هەنگاوی بۆ ناساندنی جینۆسایدەکە هەڵگرت و فەرمانی دامەزراندنی سەنتەرێکی دا بۆ ناساندنی ئەم جینۆسایدە و یەکلاکردنەوەی کەیسی ئەو کوردانەی فەیلی کە تاکو ئێستا بێ چارەسەر ماونەتەوە**

**ناتەبایی و نەبوونی یەکدەنگی لەناو حزب و لایەنە کوردستانییەکان، بەتایبەتی لەنێوان پارتی و یەکێتی ڕەنگدانەوەی خراپی لەسەر دۆخی هەموو کورد و کوردانی فەیلی هەبووە**





# نیعمەتی پێکەوەژیانی ئاشتییانە لە کوردستان و نەفرەتی یەکدی ڕەتکردنەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

«خودا ناسی، خودا پەرستی، نیشتمانپەروەری» سێ چەمکە گرنگەکەی فیکر و عەقیدەی بارزانە و بووەتە چوارچێوەیەك بۆ پێناسەی بوونی ڕاستەقینەی مرۆڤ و هەستکردن بە مرۆڤبوون، ئەوجا ئەو مرۆڤە پەیڕەوی چ ئایینێك دەكات و بە چ شێوازێك خوداپەرستی دەكات، ئەوا لەناو ئەم فیکر و عەقیدەیە ئازادە و مەرجی سەرەکی بۆ ئەو مرۆڤە ئەوەیە ئەو نیشتمانەی خۆش بوێت و بەرگری لەو خاکە بکات کە لەسەر دەژی.

ئەم فیکر و عەقیدەیە کە زیاتر لە سەدە و نیوێکە لەسەر ئەم بنەمایە لێبووردەیی و پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی لە نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان دروست کردووە، بەپێچەوانەی تیۆرەکەی سامۆئیل هنتنگتن «پێکدادانی شارستانییەتەکان»، یەکگرتن و هاریکاری و هەماهەنگی لە نێوان شارستانییە جیاوازەکان دروست کردووە، بە پێچەوانەی ڕەوتی نەتەوەی باڵادەست کە هەوڵی داوە، هەموو جیاوازییەکان لەناو چوارچێوەی یەك نەتەوەدا بتوێنێتەوە، ئەم فیکر و عەقیدەیەی بارزان هەوڵی داوە جیاوازییەکان بە زیندوویی بهێڵێتەوە و جیاوازییەکان پێکەوە گرێ بداتەوە و هێزی لێبووردەیی و پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی پێ دروست بکات.

بە درێژایی زیاتر لە ١٥٠ساڵی ڕابردوو، بەردەوام ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و دوای ئەویش دەوڵەتی دروستکراوی عێراق لە دوای ١٩٢٠، هەوڵیان داوە، بە شێوازی جۆراوجۆر ئەم تەبایی و برایەتی و پێکەوە ژیانەی نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان لەناو بەرن، بەڵام سازشنەکردنی ئەم فیکر و عەقیدەیە لەسەر چەمکی «مرۆڤبوون» و بەرگریکردن لە هەموو نەتەوە جیاوازەکانی کوردستان لە هەموو قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستاندا، بووەتە هۆکاری ئەوەی کە پێکەوە ژیانی ئاشتییانە بەردەوامی هەبێت، نەك وەك تیۆری «پێکدادانی شارستانییەتەکان» ئاماژە بەوە دەكات، لە نێوان کەلتووورە جیاوازەکاندا پێکدادان و توندوتیژی دروست دەبێت.

لە کوردستاندا بێجگە لە ئایینە ئاسمانییەکان کە بە ئایینی ئیبراهیمی ناسراون، وەك «ئیسلام و کریستیان و جوو»، ئایینی دیکەش هەن، کە ئاسمانی نین و لە ڕێگەی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە فەرمی ناسێنراون و پیادەکردنی ڕێوڕەسمە ئایینییەکانیشیان ڕێزی لێ دەگیرێت، کەواتە ئەم لایەنەشی فیکر و عەقیدەی بارزان کە ئایین وەك ئایین ئەوجا «ئاسمانی بێت، یان ئاسمانی نەبێت» سەیر دەكات، ئەو چوارچێوەیەی تێپەڕاندووە کە ئێستا هەموو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و جیهانی ئیسلامی دەیانەوێت لە چوارچێوەی گەڕانەوە بۆ ئایینی ئیبراهیمی پێکەوە ژیان لە نێوان ئایینەکانی «ئیسلام و کریستیان و جوو» دروست بکەن.

ئەم ئاراستەیە ئەوەی پیشان جیهان داوە، کە فیکر و عەقیدەی بارزان لە سەرووی ئایین و بیروباوەڕەوە سەیری مرۆڤبوونی مرۆڤەکان دەكات، جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە، کە ئایین و کەلتوور و نەتەوە جیاوازەکان هیچ کێشەیەك لەگەڵ یەکدی دروست ناکەن، بەڵکو ئەوەی کێشە لە نێوان ئایین و کەلتوور و نەتەوە جیاوازەکان دروست دەكات، بەکارهێنانی ئەو جیاوازییانەیە بۆ باڵادەستی و تاکڕەوی و ملهوڕی بەسەر ئایین و کەلتوور و نەتەوە جیاوازەکانی دیکە لە سەردەمێك لە سەردەمەکان و ئەو سەردەمەش چەند درێژە بکێشێت، دەبێت هەر بگەڕێنەوە بۆ ئەو قەناعەتەی کە دەبێت تۆ مرۆڤت وەك مرۆڤ قبووڵ بێت، ئەوجا ئایینەکەی، یان نەتەوەکەی، یان ڕەنگی پێستی جیاواز بێت، مێژووی مرۆڤایەتییش ئەم ڕاستییەی وەك خۆی تۆمار کردووە، بەڵام زۆر جار نکۆڵی لە هەقیقەتی ئەم مێژووە دروستە دەکرێت، بۆیە لە دەرەوەی ئەم مێژووە ئەو شەڕ و کاولکارییە دەبینین کە بەردەوام لە زۆر شوێنی جیهان بەردەوامی هەیە.

ئەگەر لەسەر ئەم ئاراستەیە خوێندنەوەیەك بۆ شەڕی نێوان ئیسرائیل و حەماس بکەین، کە تیایدا هەموو یاساکانی شەڕ و مرۆڤایەتی پێشێل کراوە، ئەوا دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە هۆکاری ئەم شەڕ و کاولکارییە جیاوازیی نێوان ئایینی ئیسلام و ئایینی جوو نییە، جیاوازیی نێوان نەتەوەی عەرەب و نەتەوەی

**«خودا ناسی، خودا پەرستی، نیشتمانپەروەری» سێ چەمکە گرنگەکەی فیکر و عەقیدەی بارزانە و بووەتە چوارچێوەیەک بۆ پێناسەی بوونی ڕاستەقینەی مرۆڤ و هەستکردن بە مرۆڤبوون**

**بەردەوام ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و دوای ئەویش دەوڵەتی دروستکراوی عێراق لە دوای ١٩٢٠، هەوڵیان داوە، بە شێوازی جۆراوجۆر ئەم تەبایی و برایەتی و پێکەوە ژیانەی نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان لەناو بەرن**

**هۆکاری ئەم شەڕ و کاولکارییە جیاوازیی نێوان ئایینی ئیسلام و ئایینی جوو نییە، جیاوازیی نێوان نەتەوەی عەرەب و نەتەوەی عیبری نییە، بەڵکو هۆکاری سەرەکی بۆ ئەو هەموو شەڕ و کاولکارییە بڕوانەبوونە بە «مرۆڤبوون»**

**بە شێوەیەکی گشتی دەوڵەتانی عەرەبی گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە دەبێت دیفاکتۆی پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی نێوان ئایینە جیاوازەکان قبوڵ بکەن**



عیبری نییە، بەڵكو هۆكاری سەرەكی بۆ ئەو هەموو شەڕ و كاولكارییە بڕوانەبوونە بە «مرۆڤبوون»، هۆكارەكە ئەوەیە هیچ لایەكیان وەك مرۆڤ سەیری ئەوی دیكە ناكات و بوونی ئەوی دیكە ڕەت دەكاتەوە، سەرەنجامیش ئەوەی دەبێتە قوربانیی ئەم شەڕ و كاولكارییە، ئەو خەڵكە بێتاوانانەن كە هیچ بەرژەوەندییەكیان لە بەكارهێنانی جیاوازییەكانی ئایینی (ئیسلام و جوو، عەرەب و عیبری)دا نییە.

### ● پێكەوە گرێدانەوەی ئایینەكانی ئیبراهیمی وەك ڕێگەیەك بۆ پێكەوەژیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

دوای زیاتر لە ٧٠ ساڵ یەكدی ڕەتكردنەوە و شەڕ و كاولكاری، دەوڵەتانی عەرەبی و ڕۆژئاوا هەوڵیاندا میتۆدێك بدۆزنەوە بۆ ئەوەی ئایینەكانی «ئیسلام و كریستیان و جوو» بتوانن پێكەوە بە ئاشتییانە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باكووری ئەفریكا بژین، پەنایان بۆ ئەوە برد هەر سێ ئایینەكە دەگەڕێنەوە سەر یەك ڕەگ و ڕیشە كە ئەویش حەزرەتی ئیبراهیمی پێغەمبەرە «د.خ»، لەم چوارچێوەیەدا لە نێوان دەوڵەتانی عەرەبی و دەوڵەتی ئیسرائیلدا دەرگایەك كرایەوە بۆ ئاساییكردنەوەی پەیوەندییەكانی نێوانیان و، دەست كرا بە دیالۆگ بۆ گەیشتن بە ڕێككەوتن.

بەشێكی دەوڵەتانی عەرەبی وەك «میسر، مەغریب، ئوردن» هەر لە دوای ڕێككەوتنی كامپ دەیڤید ساڵی ١٩٧٨ی نێوان «میسر و ئیسرائیل» ئەوانیش پەیوەندییەكانی خۆیان ئاسایی كردەوە، بەڵام لە دوای دەستبەكاربوونی دۆناڵد ترەمپ وەك سەرۆكی ئەمریكا لە ٢٠١٧ هەوڵەكانی ئاساییكردنەوەی پەیوەندییەكان لەگەڵ دەوڵەتانی دیكەی عەرەبیش دەستی پێ كرد، بەتایبەتی لەگەڵ دەوڵەتانی كەنداو بە عەرەبستانی سعودیەشەوە، لە ئاكامی ئەم هەوڵانە لە ئەیلوولی ساڵی ٢٠٢٠ لە كۆشكی سپی و بە ئامادەبوونی دۆناڵد ترەمپ ڕێككەوتنی ئاساییكردنەوەی پەیوەندییەكان لە نێوان دەوڵەتی ئیمارات و دەوڵەتی ئیسرائیل، هەروەها هەمان ڕێككەوتن لە نێوان دەوڵەتی بەحرێن و دەوڵەتی ئیسرائیل ئیمزا كرا، عەرەبستانی سعودیەش لەگەڵ ئەوەی بە

**ماوەی ١٧ ساڵە ئیسرائیل گەمارۆیەكی زۆر توندی لەسەر كەرتی غەززە داناوە، كە ئەمەیان كارێكی زۆر نامرۆڤانەیە و هەق نەبوو هاووڵاتیانی غەززە وەك مرۆڤ سزایان بەسەردا بسەپێنرێت**

شێوەیەکی نهێنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل ئاسایی کردووەتەوە، بەڵام ڕێککەوتنی ئیمزا نەکردووە، گفتوگۆکانیش بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن لە نێوان شاندی سعودیە و ئیسرائیل درێژەی هەبوو، هەتا دوو هەفتە بەر لە ئێستا کە بە هۆی شەڕی ئیسرائیل و حەماس و هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە بە شێوەیەکی کاتی ڕاگیرا. لەگەڵ دەوڵەتانی دیکەی عەرەبیش ئەم هەوڵانە بە شێوازی نهێنی و جۆراوجۆر بەردەوامی هەیە و، بە شێوەیەکی گشتی دەوڵەتانی عەرەبی گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە دەبێت دیفاکتۆی پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان ئایینە جیاوازەکان قبوڵ بکەن، لە بەرانبەر ئەم ڕێککەوتنانەش بۆ ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی دەوڵەتانی عەرەبی لەگەڵ ئیسرائیل، نە کۆمکاری عەرەبی و نە کۆنگرەی جیهانیی ئیسلامی، کاردانەوەی نەرێنی و توندیان نەبوو، بە هاوشێوەی ئەو کاردانەوە نەرێنییە توندانەی لە ساڵی ١٩٧٨ دوای ڕێککەوتنی کامپ دەیڤید لە بەرانبەر میسر گرتیانە بەر، بە پێچەوانەوە وەك هەر ڕێککەوتنێکی ئاسایی لە نێوان دوو دەوڵەت سەیر کرا.

ئەم وەرچەرخانە گەورەیە لە تێڕوانینی دەوڵەتانی عەرەبی بۆ کێشەی فەلەستین و مامەڵەکردنیان لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت، کە دەوڵەتانی عەرەبی نوێنەرایەتیی کێشەی ڕەوای فەلەستین لە چوارچێوەی دەسەڵاتی نیشتمانیی فەلەستین سەیر دەکەن، کە ئێستا مەحموود عەباس لە شاری ڕامەڵڵای فەلەستینەوە سەرۆکایەتی دەکات و، هەوڵەکانی ئەم دەسەڵاتە نیشتمانییەی فەلەستینیش بەو ئاراستەیەیە کە بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کێشەی فەلەستین بە ڕێگەی ئاشتییانە و دانوستاندن لە چوارچێوەی دامەزراندنی «دوو دەوڵەت» چارەسەر بکرێت و، چیتر پەنا بۆ

**حەماس، ئەگەر لە هێرشەکەیاندا تەنیا ئامانجەکانیان سوپای ئیسرائیل بوایە، ئەوا بۆ خۆیان دەبووە سەرکەوتنێکی گەورە، بۆ دەزگا هەواڵگرییەکانی ئیسرائیلیش بەتایبەتی «موساد» و هەروەها دەزگای هەواڵگریی ئەمریکاش «سی ئای ئەی» دەبووە گەورەترین شکست**



چارەسەری سەربازی و توندوتیژی نەبرێت. بەڵام ئەم ئاراستە دروستە لەلایەن دەوڵەتی ئیسرائیلەوە وەك خۆی پێشوازی لێ نەکرا و جێبەجێ نەکرا و لەلایەن فەلەستینییەکانیشەوە کاردانەوەی نەرێنی و توندوتیژی دروست کرد، کە خۆی لە کاردانەوە چەکدارییەکانی بزووتنەوەی «حەماس» بەرجەستە کرد و دەسەڵاتێکی جیاوازیان لە دەسەڵاتی نیشتمانیی فەلەستین لە شاری غەززە ڕاگەیاند و خۆیان لە دەسەڵاتی نیشتمانیی فەلەستین جیا کردەوە. ئەم لێکترازانەی نێوان دەسەڵاتی نیشتمانیی فەلەستین و دەسەڵاتی بزووتنەوەی حەماس لە غەززە، دوو ئاراستەی جیاوازی بۆ ڕەوایەتی کێشەی فەلەستین دروست کرد، کە ڕۆڵ و پێگەی دەسەڵاتی نیشتمانیی فەلەستنی لاواز کرد و چارەسەرکردنی کێشەی ڕەوای فەلەستینی بە ئاراستەیەکی دیکەی نەرێنیدا برد، کە هەموو دەرگاکانی لێکتێگەیشتن و گفتوگۆی داخست و کار و کاردانەوەکانیش لە نێوان ئیسرائیل و بزووتنەوەی حەماس ئەو ڕاستییانەیان بەرجەستە کردووە، کە بەردەوام بە شێوەیەك لە شێوەکان شەڕێکی ڕاستەوخۆ لە نێوان ئیسرائیل و بزووتنەوەی حەماس بوونی هەبووە.

لە ساڵی ٢٠٠٦ ـەوە کە بزووتنەوەی حەماس لە هەڵبژاردنەکانی دەسەڵاتی یاسادانانی فەلەستیندا هەڵبژاردنەکەی بردەوە و پاشان بە سەرۆکایەتیی ئیسماعیل هەنیە کابینەیەکی تازەی حکومەتی فەلەستین دامەزرا، ئاراستەی کارکردنی ئەم حکومەتە، تەرجەمەکردنی ئایدیۆلۆژیای حەماس بوو، کە ئامانجی بوو، هەموو ئەو ڕێککەوتنانە هەڵبوەشێنێتەوە کە پێشتر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی فەلەستین بە سەرۆکایەتیی یاسر عەرەفات و بە ناوبژیوانیی نێودەوڵەتی لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستیندا ئیمزا کرابوو، هەر بۆیە لە ساڵی ٢٠٠٦ ـەوە دەوڵەتی ئیسرائیل وەك مەترسییەکی وجوودی سەیری بزووتنەوەی حەماس دەکات لەسەر بوونی

**هێرشکردنی چەکدارانی حەماس بۆ سەر هاووڵاتیانی سڤیل، بە تەواوەتی هاوکێشەکەی پێچەوانە کردەوە و سۆزی نێودەوڵەتی چووە پاڵ ئەو هاووڵاتیە مەدەنییانەی جوو کە کوژران و سووکایەتیان پێ کرا و بە بارمتە بردران**





**نەتانیاهۆ هەلێکی زێڕینی بۆ هاتە پێش کە ئەم هێرشەی حەماس بکاتە بیانوو بۆ ئەوەی گەمارۆیەکی زۆر توندی «هەموو پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانە» بخاتە سەر شاری غەززە و، لەمەش زیاتر ڕێگری لەوەش کرد کە ڕێکخراوە مرۆییەکان یارمەتی و پێداویستی بگەیەننە ئەم شارە**

دەوڵەتی ئیسرائیل و، لەو کاتەوە بەردەوام لەگەڵ ئەوەی شەڕی ناوبەناو لەگەڵ ئەم بزووتنەوەیە و دەوڵەتی ئیسرائیل بەردەوام بووە، ماوەی ١٧ ساڵیشە ئیسرائیل گەمارۆیەکی زۆر توندی لەسەر کەرتی غەززە داناوە، کە ئەمەیان کارێکی زۆر نامرۆڤانەیە و هەق نەبوو هاووڵاتیانی غەززە وەك مرۆڤ سزایان بەسەردا بسەپێنرێت.

**● لایەنە مرۆییەکەی شەڕی ئیسرائیل و حەماس یەکتری قبووڵنەکردن تا ئاستی سڕینەوەی مرۆڤبوونی یەکدی**

بزووتنەوەی بەرگریی ئیسلامی «حەماس» لە غەززە، کارێکی سەرسوڕهێنەریان ئەنجام دا، کە توانییان دیواری بەرگریی دەوڵەتی ئیسرائیل بڕووخێنن و توانیشیان دەست بەسەر چەند بنکەیەکی سەربازیی ئیسرائیلدا بگرن، بەڵام کارێکی باشیان نەکرد کە چوونە ناو کۆمەڵگە نیشتەجێبووەکانی ئیسرائیل و هێرشیان کردە سەر هاووڵاتیانی سڤیلی جوو و ژن و منداڵ و بەساڵاچوویان کوشت و بەشێکیشیان وەك بارمتە لەگەڵ خۆیان برد و سووکایەتییان پێکردن.

حەماس، ئەگەر لە هێرشەکەیاندا تەنیا ئامانجەکانیان سوپای ئیسرائیل بوایە، ئەوا بۆ خۆیان دەبووە سەرکەوتنێکی گەورە، بۆ دەزگا هەواڵگرییەکانی ئیسرائیلیش بەتایبەتی «موساد» و هەروەها دەزگای هەواڵگریی ئەمریکاش «سی ئای ئەی» دەبووە گەورەترین شکست، لەمەش زیاتر، دەبووە گەورەترین شکست بۆ توانای سایبەری دەوڵەتی ئیسرائیل کە لەسەر ئاستی جیهان شانازی پێوە دەکات. بەڵام هێرشکردنی چەکدارانی حەماس بۆ سەر هاووڵاتیانی سڤیل، بە تەواوەتی هاوکێشەکەی پێچەوانە کردەوە و سۆزی نێودەوڵەتی چووە پاڵ ئەو هاووڵاتیە مەدەنییانەی جوو کە کوژران و سووکایەتیان پێ کرا و بە بارمتە بردران،



هەروەها لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆیی ئیسرائیلیش ئەم هێرشانە بوونە فریادڕەسێکی زۆر باش بۆ ڕزگارکردنی حکومەتەکەی بنیامین نەتانیاهۆ کە لە سەروبەندی متمانەلێوەرگرتنەوە و گۆڕیندا بوو. هەر بۆیە نەتانیاهۆ جارێکی دیکە «حکومەتی شەڕ»ی پێکهێنا و ڕکابەرەکانیشی وەك نەریتی حزبەکانی ئیسرائیل لەکاتی شەڕدا ململانێکانیان وەلا نا و بوونە پاڵپشت بۆ ئەو حکومەتەی کە نەتانیاهۆ سەرۆکایەتی دەکات.

نەتانیاهۆ بۆ ڕاستکردنەوەی باری خواری خۆی و حکومەتەکەی لەناو پرۆسەی سیاسیی ئیسرائیلدا و ڕاکێشانی سۆزی هاووڵاتیانی جوو بەتایبەتی توندوئاژۆ و ڕادیکاڵەکان، بەتایبەتیش کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە شێوەیەکی گشتی سەرکۆنەی هێرشەکەی حەماسیان کرد بۆ سەر ئیسرائیل، ئیدی نەتانیاهۆ هەلێکی زێڕینی بۆ هاتە پێش کە ئەم هێرشەی حەماس بکاتە بیانوو بۆ ئەوەی گەمارۆیەکی زۆر توندی «هەموو پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانە» بخاتە سەر شاری غەززە و، لەمەش زیاتر ڕێگری لەوەش کرد کە ڕێکخراوە مرۆییەکان یارمەتی و پێداویستی بگەیەننە ئەم شارە، ئەوجا سەرباری ئەمەش هێرشێکی بەربڵاوی زۆر دڕندانە و نامرۆڤانەی بە ڕێگەی فڕۆکەی جەنگی، تۆپ و ڕۆکێت، کردە سەر شاری غەززە کە نزیکەی دوو ملیۆن هاووڵاتیی فەلەستینی تێدایە و هەموو بینایەکی ئەو شارەی کردە ئامانجێکی سەربازی و دەستی لێ نەپاراست و، لەسەرووی هەموو ئەمانەشەوە ئیسرائیل داوا دەکات کە هاووڵاتیان شاری غەززە چۆڵ بکەن و بەرەو میسر، یان باشووری شارەکە ڕەو بکەن.

ئاڵۆزیی ئەم شەڕە لەوەدایە، هەردوو بەرەی شەڕەکە (ئیسرائیل و حەماس) وەك مرۆڤ مامەڵە لەگەڵ یەکتری ناکەن. وەزیری

**ئاڵۆزیی ئەم شەڕە لەوەدایە، هەردوو بەرەی شەڕەکە (ئیسرائیل و حەماس) وەک مرۆڤ مامەڵە لەگەڵ یەکتری ناکەن. وەزیری بەرگریی ئیسرائیل دەڵێت: «ئێمە لەگەڵ حەیوان شەڕ دەکەین، کە لە مرۆڤ دەچن»، دیارە شەڕەکەشی لە ماوەی دوو هەفتەی ڕابردوودا لەگەڵ چەکدارانی حەماس نەبووە، بەڵکو هێرشکردنی دڕندانە بووە بۆ سەر تێکڕای هاووڵاتیانی غەززە**

**وێنەکان ئەوە پیشان دەدەن کە چەکدارانی حەماسیش وەک مرۆڤ مامەڵە لەگەڵ هاووڵاتیانی سڤیلی جوو لەناو کۆمەڵگەکانی نیشتەجێی ئیسرائیل ناکەن**

**ئەم شەڕەی نێوان ئیسرائیل و حەماس لە ژینگەیەکدا بەڕێوە دەچێت، کە بێجگە لە یاسای دارستان هیچ یاسایەکی دیکە بوونی نییە و هەردوو لایەنی شەڕەکە یاساکانی جەنگ و مرۆڤایەتییان پێشێل کردووە**

**کێشەی گەلی فەلەستین کێشەیەکی ڕەوایە و مافی بەرگری و مقاوەمەتیش مافێکی شەرعیی خۆیانە وەک هەر گەلێکی دیکە کە خەبات بۆ ئازادی و سەربەخۆیی دەکات**

**لەسەر ئاستی دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی، هیچ دەوڵەتێک بە فەرمی دەستخۆشی و پیرۆزبایی لە هێرشەکەی حەماس نەکردووە بە سەر ئیسرائیل و کوشتنی هاووڵاتیانی سڤیلی جوو**

بەرگریی ئیسرائیل دەڵێت: «ئێمە لەگەڵ حەیوان شەڕ دەکەین، کە لە مرۆڤ دەچن»، دیارە شەڕەکەشی لە ماوەی دوو هەفتەی ڕابردوودا لەگەڵ چەکدارانی حەماس نەبووە، بەڵکو هێرشکردنی دڕندانە بووە بۆ سەر تێکڕای هاووڵاتیانی غەززە، لە بەرانبەریشدا کە وێنەی ئەو هێرشانەی حەماسیش دەبینین کە هێرش دەکەنە سەر هاووڵاتیانی سڤیلی جوو، دیسانیش وێنەکان ئەوە پیشان دەدەن کە چەکدارانی حەماسیش وەك مرۆڤ مامەڵە لەگەڵ هاووڵاتیانی سڤیلی جوو لەناو کۆمەڵگەکانی نیشتەجێی ئیسرائیل ناکەن.

ئەم کار و کاردانەوەیە واقیعێکی لەسەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دەوڵەتانی عەرەبی و کۆنگرەی ئیسلامی دروست کردووە، کە جۆرە دابەشبوونێك دەبنیرێت، لەلایەك هەندێك دەوڵەتی سۆپەر پاوەر وەك «ئەمریکا و بەریتانیا و دەوڵەتانی یەکێتیی ئەورووپا» هاوسۆزن لەگەڵ ئیسرائیل و بە ئاشکرا ڕایدەگەیەنن ئیسرائیل مافی بەرگریکردنی لەخۆی هەیە، لەلایەکی دیکەش دوو سۆپەر پاوەرەکەی دیکە کە «ڕووسیا و چین»ـن، لە بەرانبەر ئەو هێرشە بەرفراوانەی ئیسرائیل بۆ سەر هاووڵاتیانی غەززە بەگشتی و بەتایبەتی دوای ئەوەی ڕۆکێتێك بەر نەخۆشخانەیەکی ئەهلی کەوت لە غەززە و زیاتر لە ٥٠٠ قوربانی لێ کەوتەوە، بانگەشە بۆ ئەوە دەکەن کە دەبێت دەستبەجێ ئەم شەڕە ڕابوەستێت و گەمارۆی سەر غەززە هەڵبگیرێت، بۆ ئەوەی ئاستێك بۆ ئەو خوێنڕشتنە دابنرێت، بەڵام لە بەرانبەردا «ئەمریکا، بەریتانیا و فەرەنسا» بە بەکارهێنانی مافی ڤیتۆ ڕێگرن لەوەی کە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بڕیارێك بۆ ڕاگرتنی ئەو شەڕە دەربکات.

کەواتە ئەم شەڕەی نێوان ئیسرائیل و حەماس لە ژینگەیەکدا بەڕێوە دەچێت، کە بێجگە لە یاسای دارستان هیچ یاسایەکی دیکە بوونی نییە و هەردوو لایەنی شەڕەکە یاساکانی جەنگ و مرۆڤایەتیان پێشێل کردووە، لە هەمان کاتدا ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە ڕێکخراوی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانیش، بە هۆی ڤیتۆی زلهێزەکانەوە پەك خراوە و ناتوانێت هیچ بڕیارێك دەربکات، لەم نێوەندەشدا ئەوەی دەبێتە قوربانی هاووڵاتیانی سڤیلی هەردوو لایە کە لەم شەڕەدا وەك مرۆڤ مامەڵەیان لەگەڵ ناکرێت، ئەم بارودۆخە ئەو حاڵەتەمان دێنێتەوە بیر کە مونتیسکۆ دەڵێت: «کاتێك یاسا بوونی نەما، مرۆڤەکان دەبن بە گورگ بۆ یەکتری».

## • ڕامەڵڵا و غەززە دوو هەڵوێستی جیاواز لەسەر کێشەیەکی ڕەوا

کێشەی گەلی فەلەستین کێشەیەکی ڕەوایە و مافی بەرگری و مقاوەمەتیش مافێکی شەرعیی خۆیانە وەك هەر گەلێکی دیکە کە خەبات بۆ ئازادی و سەربەخۆیی دەکات، بەڵام قسەی ئێمە لەسەر ڕەوایەتیی کێشەی فەلەستین نییە، بەڵکو لەسەر ئەو ڕووداوانەی دوو هەفتەی ڕابردووی نێوان ئیسرائیل و چەکدارانی حەماسە، کە بووەتە کارەساتێکی گەورەی مرۆڤایەتی و نەك هەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بەڵکو هەڵوێستی لایەنەکانی فەلەستینیشی لەسەر ئەم ڕووداوە کردووە بە دوو بەشەوە، کە ئەویش هەڵوێستی دەسەڵاتی نیشتمانیی فەلەستینە لە ڕامەڵڵا و هەڵوێستی حەماسە لە غەززە.

هەڵوێستی مەحموود عەباس وەك سەرۆکی دەسەڵاتی نیشتمانیی فەلەستین، کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکان و نوێنەرانی لە وڵاتانی جیهان بە نوێنەریان لە هەرێمی کوردستانیشدا، نوێنەرایەتیی شەرعیی گەلی فەلەستین دەکەن، هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ هەڵوێستی کۆی دەوڵەتانی عەرەبی بەگشتی نەبووە، تەنانەت تا ئەو ڕۆژەشی کە ڕۆکێتەکە بەر نەخۆشخانە ئەهلییەکەی غەززە نەکەوت، بەردەوام مەحموود عەباس بە تەلەفون پەیوەندی لەگەڵ جۆ بایدنی سەرۆکی ئەمریکا و سەرۆکی وڵاتانی دیکەش هەبووە، بڕیاریش بوو کە ڕۆژی ١٨ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣ لوتکەیەکی چوار قۆڵی لە نێوان سەرۆکەکانی «میسر، ئوردن، ئیمارات، فەلەستین لەگەڵ سەرۆکی ئەمریکا» بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەم شەڕە ئەنجام بدرێت، بەڵام بۆمبارانکردنی نەخۆشخانەکەی غەززە ئەم کۆبوونەوەی هەڵوەشاندەوە، بەڵام سەردانی جۆزیف بایدنی بۆ ئیسرائیل ڕانەگرت.

لێرەوە ئەگەر ئەم شەڕە دژە مرۆڤایەتییە لەو چوارچێوەیە دەربهێنین لەوەی ئایا فەلەستینییەکان مافی بەگرییان هەیە، یان نە؟ یان ئایا لە کاردانەوەی ئەو هێرشانەی حەماسدا ئیسرائیل مافی بەرگریکردنی لەخۆی هەیە، یان نە؟ و بیخەینە ئەو چوارچێوەیەی بەوەی ئایا بەها و شکۆی مرۆڤ لەم شەڕە خوێناوییەدا چۆن سەیر دەکرێت؟ ئەوا وەڵامی ئەم پرسیارە بەم شێوەیە دەدرێتەوە:

١. لەسەر ئاستی دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی، هیچ دەوڵەتێك بە فەرمی دەستخۆشی و پیرۆزبایی لە هێرشەکەی حەماس نەکردووە بە سەر ئیسرائیل و کوشتنی هاوڵاتیانی سڤیلی جوو، ئەمە خۆی لە خۆیدا مانای ئەوەیە ئەو شێوازەی حەماس هەوڵی دا، جارێکی دیکە کێشەی فەڵەستینی پێ بە جیهان بناسێنێتەوە و بە هاوشێوەی ئۆکتۆبەری **١٩٧٣** بیکاتە دەروازەیەك بۆ شکستی حکومەتی ئیسرائیل و کردنەوەی دەرگای ئاشتی و ڕێککەوتن، هەر لەسەرەتاوە بەم ئاراستەیە پێشوازی لێ نەکرا و، تەنانەت دەسەڵاتی نیشتمانیی فەلەستینش لە ڕەمەڵا پێشوازی لێ نەکرد.

٢. ئەو سۆزە نێودەوڵەتییەی بۆ قوربانییانی سڤیلی جوو، دوای هێرشەکەی حەماس بۆ ئیسرائیل دروست بوو، دوای کاردانەوە توندەکانی ئیسرائیل بەناو «مافی بەرگری لە خۆکردن» و هێرشە توندو بەربڵاوەکانی بۆسەر هاووڵاتیانی سڤیلی فەلەستینی لە غەززە، گۆڕانکارییەکی گەورەی بەسەر ڕای گشتی لە جیهاندا دروست کرد و، ئێستا هیچ دەوڵەتێك تەنانەت ئەو دەوڵەتانەشی بەبێ هیچ مەرجێك پشتگیرییان لە هەڵوێستی ئیسرائیل دەکرد، دەستخۆشییان لە ئیسرائیل نەکردووە بۆ ئەو هێرشە دڕندانانە و تەنانەت سەرۆکی ئەمریکا دوای بەرکەوتنی ڕۆکێت بە نەخۆشخانە ئەهلییەکەی غەززە، تیمێکی ڕاسپارد بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەی ورد لەو ڕووداوە بکەن و، ڕایگەیاند ئەو تاوانە نامرۆڤایەتییە قبووڵ ناکرێت، لە هەمووشی سەیرتر هەر زوو وەزارەتی بەرگری ئیسرائیل ڕایگەیاند، ئەو ڕۆکێتە ئیسرائیلی نییە، بۆیە ئەم لایەنەش پێمان دەڵێت، لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی مافی بەرگری لەخۆکردنی بە ئیسرائیل داوە، بەڵام ئەوەی ئیسرائیل بەرانبەر فەلەستیەکانی غەززە ئەنجامی دەدات، ئەوە مافی بەگری لەخۆکردن نییە، بەڵکو پاکتاوکردن و کۆمەڵکوژیی گەلێکە و جیهانیش ئەمە قبووڵ ناکات.

**لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی مافی بەرگری لەخۆکردنی بە ئیسرائیل داوە، بەڵام ئەوەی ئیسرائیل بەرانبەر فەلەستیەکانی غەززە ئەنجامی دەدات، ئەوە مافی بەگری لەخۆکردن نییە، بەڵکو پاکتاوکردن و کۆمەڵکوژیی گەلێکە و جیهانیش ئەمە قبووڵ ناکات**



ئاماژەکردنمان بەم دوو لایەنەی کێشەکە بۆ ئەوەیە مەترسیی گەورە لە ئێستادا ئەوەیە، ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە زوویی جڵەوگیری ئەم شەڕە نەکات و سنوورێکی بۆ دانەنێت، بەتایبەتی ئەگەر تیمی ئاشتی پارێزی نەتەوە یەکگرتووەکان لێکیان جیا نەکاتەوە، ئەوا جیا لەوەی کێشە سەرەکییەکە کە کێشەی ڕەوای فەلەستین و مافی بەرگری لەخۆکردنی ئیسرائیلە، بوونی نامێنێت، هیچ دووریش نییە کە ئەم شەڕە تەڕ و وشك پێکەوە بسووتێنێت.

**ئەگەر تیمی ئاشتی پارێزی نەتەوە یەکگرتووەکان لێکیان جیا نەکاتەوە، ئەوا جیا لەوەی کێشە سەرەکییەکە کە کێشەی ڕەوای فەلەستین و مافی بەرگری لەخۆکردنی ئیسرائیلە، بوونی نامێنێت، هیچ دووریش نییە کە ئەم شەڕە تەڕ و وشك پێکەوە بسووتێنێت**

دیمانەی تایبەت



### پرۆفیسۆر گریگۆری ئەفتاندیلیان بۆ گوڵان:

# هێرشەکانی حەماس گۆڕانکاری لە تێڕوانینی سەربازی و هەواڵگریی ئیسرائیلدا دەهێننەئاراوە

پرۆفیسۆر گریگۆری ئەفتاندیلیان، پسپۆڕی کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکایە، وانەبێژە لە سکوولی پاردی بۆ دیراساتی جیهانی لە زانکۆی بۆستۆن، بۆ ماوەی پتر لە بیست ساڵ وەك شرۆڤەکاری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە هەردوو وەزارەتی دەرەوە و بەرگریی ئیدارەی ئەمریکا کاری کردووە، هەروەها ڕاوێژکاری سیاسەتی دەرەوەی ئەنجومەنی پەیوەندییە دەرەکییەکانی ئەنجومەنی پیران بووە. بۆ شرۆڤەکردنی ڕووداوەکانی ئەم دواییەی ئیسرائیل و کەرتی غەززە و هۆکار و دەرئەنجامەکانی ئەم هێرشانە و ئەو شەڕەی هەڵگیرساوە، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا.

*** ئاشکرایە کە هێرشەکانی بزووتنەوەی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل هەموانی هەژاند و لەم ڕووەوە لێکدانەوە و شرۆڤەکاریی زۆر کراوە بۆ هۆکار و پاڵنەر و کاتی ئەنجامدانی ئەم هێرشانە، تێڕوانینی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- ئاشکرایە کە ماوەیەکی دوور و درێژ بوو بزووتنەوەی حەماس خۆی بۆ ئەم هێرشە ئامادە کردبوو، بەڵام ئەوەی پەیوەست بێت بە کاتەکەیەوە، ئەوا ڕوونە کە ئامانجەکە تێکدان و پەکخستنی پرۆسەی ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و سعودیە بوو، واتە ڕێگریکردن بوو لە درێژبوونەوەی ئەو ڕێککەوتنانەی ئاشتی کە پێشتر ئیسرائیل لەگەڵ چەند دەوڵەتێکی عەرەبی واژۆی کردبوون. پێم وایە لەم ئامانجەشدا سەرکەوتوو بوون. خاڵی دووەم ئەوەیە کە حەماس پێی وابوو ئیسرائیل بە هۆی کێشە و ناکۆکییە ناوخۆییەکانیەوە- لە ئەنجامی هەوڵەکانی نەتانیاهۆ بۆ گۆڕینی سیستمی دادوەری لە وڵاتەکەیدا- لە بارێکی لاوازیدایە. خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە بزووتنەوەی حەماس پێی وابوو کە دەسەڵاتی فەلەستینی لە کەناری ڕۆژئاوا لاواز و لاوازتر دەبێت، ئەمەشی بە دەرفەت زانی بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانیی زیاتری فەلەستینییەکان.

*** بەڵام بۆچی بزووتنەوەی حەماس هێرشی کردە سەر خەڵکی مەدەنی لە ئیسرائیل؟**

- من باوەڕم وایە حەماس ویستی لەم ڕووەوە ئەو پەیامە بگەیەنێت کە حکومەتی ئیسرائیل بێ توانایە لە پاراستنی خەڵکی مەدەنیی وڵاتەکەی. بەشێکی دیکەی پەیوەستە بەوەی کە ویستی زۆرترین ژمارەی بارمتە دەستگیر بکات، بۆ ئەوەی دواتر لە گفتوگۆکانی لەگەڵ ئیسرائیل بەکاریان بهێنێتەوە. بەڵام لە ڕاستیدا ئاستی توندی و دڵڕەقیی هێرشەکە بێ پێشینە بوو، من نازانم بۆچی بەو توندییە هێرشەکەیان ئەنجام دا.

*** لە بارەی شکستی دەزگای هەواڵگریی ئیسرائیلەوە بۆ پێشبینیکردن و بەرگرتن بەم هێرشانە لێکدانەوەی زۆر کراوە، هەندێك دەڵێن ئەمە لە ئەنجامی نەبوونی زانیارییەوە نەبووە، بەڵکو بایەخنەدان بووە بە ئەگەری ڕوودانی هێرشێکی لەم چەشنە، خوێندنەوەی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- لە ڕاستیدا من پێم وایە هەر دووکیان بووە، واتە هەم نەبوونی زانیاریی بووە، کە گریمانەی ئەوە دەکرا، ئیسرائیل یەکێك لە باشترین دەزگا هەواڵگرییەکانی هەبێت لە جیهاندا، کە ئاشکرایە شکستی هێنا لەم بارەیەوە. دواتر ئەوە ڕوونە کە بزووتنەوەی حەماس لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکاندا باسی لە بارەی ئەم پلانەیەوە نەکردووە، لەم ڕووەوە ئیسرائیل نەیتوانی زانیاریی پەیوەندیدار بەدەست بهێنێت. خاڵێکی دیکە پەیوەستە بە لەخۆڕازیبوونەوە، واتە ئیسرائیل پێی وابوو، بە هۆی ئەو هەموو ئامێر و دەزگا پێشکەوتووەی هەیەتی لە نزیکی شوورە و پەرژینە ئەمنییەکان، دەتوانێت ڕێگری لە کردەوەیەکی لەم شێوەیە بکات، بەڵام ئەوە بوو، بینیمان تەواو غافڵگیر کرا. دواتر ئەوەی جێی سەرسوڕمانە، ئەوەیە کە لە وڵاتێکی بچووکی وەك ئیسرائیلدا هەشت کاتژمێری پێ چوو، تاوەکو سوپای ئەو وڵاتە بێت و بەرگری لە مەدەنییەکان بکات لە ناوچانەی لە غەززە نزیك بوون و هێرش کرایە سەریان. کە ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێت، کە زۆرێك لە سوپای ئیسرائیل لە نزیك کەناری ڕۆژئاوا بڵاو کرابوونەوە و تێڕوانینەکە ئەوە بوو کە لە نێو کەرتی غەززەوە هیچ شتێك ڕوونادات.

*** تا چەند نیگەرانی لە بارەی بەرفراوانبوونی شەڕەکە و تێوەگلانی وڵاتانی دیکەی دراوسێ لەم شەڕەدا؟**

- ئێمە هەموومان دەزانین کە ئەوەی هاتووەتە ئاراوە، دۆخێکی زۆر ئاڵۆزە، بۆ نموونە ئەگەر ئێمە باس لە حزبوڵای لوبنانی بکەین، ئەوا ئاشکرایە کە خواستی ئەوەی هەیە بۆ جیهانی بسەلمێنێت کە ئەویش هێزە و سەنگی خۆی هەیە و دەبێت لەبەرچاو بگیرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەم حزبە ڕۆچۆووەتە نێو سیستمە سیاسیەکەی لوبنانەوە و لە حاڵەتی هێرشکردنە سەر ئیسرائیل لە لایەن حزبوڵای لوبنانی، ئەگەری ئەوە هەیە، ئیسرائیل دووبارە پەنا بباتەوە بەر داگیرکردنی لوبنان و وێرانکارییەکی زۆر لەو وڵاتەدا دروست بێت و خەڵکێکی زۆری مەدەنی ببنە قوربانی، کە ئەمەش بە زیان دەشکێتەوە بۆ پێگەی حزبوڵا لە نێو لوبناندا. کەواتە دەبێت حزبوڵا هاوسەنگییەك لە نێوان بژاره سەربازییەکانی و سەرکێشیکردن بە پێگە سیاسییەکەی لە نێو لوبناندا ڕابگرێت. ئەگەری ئەوەش هەیە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەو پەیامەی بە حزبوڵا دابێت، کە ئەگەر هێرشی بەرفراوان بکەنە سەر ئیسرائیل، ئەوا ئەمریکاش لە ڕێی کەشتییە

**حەماس ویستی لەم ڕووەوە ئەو پەیامە بگەیەنێت کە حکومەتی ئیسرائیل بێ توانایە لە پاراستنی خەڵکی مەدەنیی وڵاتەکەی**

**گریمانەی ئەوە دەکرا، ئیسرائیل یەکێک لە باشترین دەزگا هەواڵگرییەکانی هەبێت لە جیهاندا، کە ئاشکرایە شکستی هێنا لەم بارەیەوە**

**بزووتنەوەی حەماس لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکاندا باسی لە بارەی ئەم پلانەیەوە نەکردووە، لەم ڕووەوە ئیسرائیل نەیتوانی زانیاریی پەیوەندیدار بەدەست بهێنێت**

**لە حاڵەتی هێرشکردنە سەر ئیسرائیل لە لایەن حزبوڵای لوبنانی، ئەگەری ئەوە هەیە، ئیسرائیل دووبارە پەنا بباتەوە بەر داگیرکردنی لوبنان و وێرانکارییەکی زۆر لەو وڵاتەدا دروست بێت و خەڵکێکی زۆری مەدەنی ببنە قوربانی، کە ئەمەش بە زیان دەشکێتەوە بۆ پێگەی حزبوڵا لە نێو لوبناندا**

**ئێران سوودمەند بووە لە بوونی ئەو لایەنە سەختگیرانەی کە باوەڕیان بەوەیە ڕێگاچارەی مامەڵەکردن لەگەڵ ئیسرائیلدا ئەوەیە کە هێرش بکرێتەسەر ئەو وڵاتە و تەنانەت ئەو وڵاتە تێک بشکێندرێت**

**پێم وانییە لەم ساتەوەختەدا ئێران خوازیاری ئەوە بێت، تووشی ڕووبەڕووبوونەوە و ناکۆکییەکی سەربازی بێت لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، چونکە هێشتا ئەمریکا ئامادەییەکی گەورەی لە ناوچەی کەنداودا هەیە**

**دوای هێوربوونەوەی دۆخەکە دەبێت کار بکرێت بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشە هەڵپەسێردراوەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە کێشەی فەلەستینە**

**ڕەنگە کۆتاییهاتنی ئەم دۆخە کۆتاییهاتنی پێگەی نەتانیاهۆشی بەدوادا بێت، بەتایبەتی کە ئەو خۆی وەک پیاوی پارێزەری ئاسایشی وڵات وێنا کردبوو، کە ئاشکرایە لەم ڕووەوە شکستی هێناوە**

فڕۆکەهەڵگرەکەیەوە گورز لە پێگەکانی حزبوڵلا دەوەشێنێت، ئەمە تەنیا مەزەندەیە و زانیاریی دروست و پشتڕاستکراوم لەم بارەیەوە نییە.

*** نکۆڵی لەوە ناکرێت کە شەڕی نێو غەززە، تەنیا پەیوەست نییە بە ئیسرائیل و بزووتنەوەی حەماسەوە، بەڵکو زۆرێك لە وڵاتانی جیهان و ناوچەکەش لە نزیکەوە چاودێریی دۆخەکە دەکەن، بەتایبەتی ئێران، ئایا پێت وایە کاردانەوەی ئێران چی دەبێت، ئەگەر شەڕەکە درێژە بکێشێت و بەرفراوان بێت؟**

- ئێران سوودمەند بووە لە بوونی ئەو لایەنە سەختگیرانەی کە باوەڕیان بەوەیە ڕێگاچارەی مامەڵەکردن لەگەڵ ئیسرائیلدا ئەوەیە کە هێرش بکرێتەسەر ئەو وڵاتە و تەنانەت ئەو وڵاتە تێك بشکێندرێت، ئێران لەو ڕووەوە سوودمەند بووە کە ستایشی هێرشەکانی کردووە بۆ سەر ئیسرائیل، بەڵام دەبێت ئێرانیش بە وریاییەوە هەڵسوکەوت بکات، چونکە پێم وانییە لەم ساتەوەختەدا ئێران خوازیاری ئەوە بێت، تووشی ڕووبەڕووبوونەوە و ناکۆکییەکی سەربازی بێت لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، چونکە هێشتا ئەمریکا ئامادەییەکی گەورەی لە ناوچەی کەنداودا هەیە. من پێم وایە ئێرانیش نایەوێت تووشی شەڕ ببێت لەگەڵ ئەمریکا بەهۆی بەرفراوانبوونی شەڕی نێو غەززەوە.

*** هەر لە پەیوەندی بەم شەڕە و کاردانەوەی ئیسرائیلەوە، ئەوا ئاشکرایە کە ئیسرائیل دەیەوێت کارێك بکات، قەرەبووی ئەو زیانە بکاتەوە کە لە وێنا و پێگەکەی کەوتووە، ئایا پێت وایە ئیسرائیل دەیەوێت و دەتوانێت لەم بارەیەوە چی بکات؟**

- ئەمە پرسیارێکی ئاڵۆزە، بەڵام لە ئێستادا هەموو هەوڵەکانی ئیسرائیل لە تێکشکاندنی بزووتنەوەی حەماسدا چڕ بووەتەوە. بەڵام دواتر ئیسرائیل بەخۆداچوونەوە دەکات و لەوە دەکۆڵێتەوە کە بۆچی ئەم شکستە گەورە هەواڵگرییەی بەسەرهات و کار دەکات بۆ ڕاستکردنەوە کەموکوڕی و هەڵەکانی خۆی. دواتر ئێمە دەزانین کە ئیسرائیل خاوەنی سیستمی بەرگری «گومەز ئاسنین»ـە کە زۆرینەی مووشەکانی حەماس — کە بۆ نێو ئیسرائیل هەڵدرابوون- تێکی شکاندن، کەواتە ئەمە خۆی لە خۆیدا بەرپەرچدانەوەیە، هەروەها هێشتا ئیسرائیل خاوەنی بەهێزترین سوپایە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین کە هێرشەکەی بزووتنەوەی حەماس تەکنەلۆژیایەکی پێشکەوتووی تێدا بەکار نەهات، من دڵنیام دوای ئەم دۆخە گۆڕانکاری لە تێڕوانینی هەواڵگری و سەربازیی ئیسرائیلدا دروست دەبێت.

*** هەندێ لە چاودێران دەڵێن کە ئەم هێرش و شەڕەی هەڵگیرساوە تەواوی نەخشەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگۆڕێت، ئایا ئێوە لەگەڵ ئەم لێکدانەوەیەدا هاوڕان؟**

- نەخێر، من لەگەڵ ئەوەدا هاوڕا نیم، بەڵام پێم وایە دوای نیشتنەوەی تەپوتۆزی ئەم تەنگژەیە، ئەوا چەندین داواکاری دەخرێنە ڕوو بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆسەی ئاشتی لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستینییەکاندا، چونکە ماوەیەکی دوور و درێژە ئەم پرۆسەیە فەرامۆش کراوە و نائومێدییەکی زۆریش لە نێو فەلەستینییەکاندا دروست بووە، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوە بوو کە خەڵکی غەززە پشتیوانیی حەماسیان دەکرد. هەر چۆنێك بێت پێم وایە دوای هێوربوونەوەی دۆخەکە دەبێت کار بکرێت بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشە هەڵپەسێردراوەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە کێشەی فەلەستینە.

*** ئەی پێت وایە ئەمریکا بە گوڕوتینێکی زیاترەوە بێتەوە نێو ئەم ناوچەیە بەهۆی ئەم پەرەسەندنانەوە؟**

- بەڵێ، چونکە سەرەڕای ئەوەی پێی دەوترا وەرچەرخان بەرەو ئاسیا، ئەوا پێم وایە پێویستە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا- لە دوای کۆتاییهاتنی ئەو دۆخەی لە ئێستادا دروست بووە- کات و کۆششی زیاتر تەرخان بکات بۆ مامەڵەکردن و چارەسەرکردنی کێشەی فەلەستین.

*** ئێوە باسی ئەگەری ئاشتیتان کرد، ئایا چۆن وێنای ئەو ئاشتییە دەکەن کە دەبێت هەوڵ بدرێت بەدی بهێنرێت؟**

- پێم وایە دەبێت سەرەتا گۆڕانکاری لە نێو حکومەتی ئیسرائیلدا دروست بێت، چونکە چەند ئەندامێکی کابینەکەی نەتانیاهۆ کەسانی توندڕەون، کە نایانەوێت هیچ سازشێك بکرێت بۆ فەلەستینییەکان، ڕەنگە کۆتاییهاتنی ئەم دۆخە کۆتاییهاتنی پێگەی نەتانیاهۆشی بەدوادا بێت، بەتایبەتی کە ئەو خۆی وەك پیاوی پارێزەری ئاسایشی وڵات وێنا کردبوو، کە ئاشکرایە لەم ڕووەوە شکستی هێناوە.



دیمانەی تایبەت

### پڕۆفیسۆری نێد لازارۆس بۆ گوڵان:

# پرسیارێکی زۆر ئازاربەخشە کە بۆچی حەماس هێرشی لەم شێوەیەی ئەنجام دا؟

پڕۆفیسۆر نێد لازارۆس، پڕۆفیسۆری کاروباری نێودەوڵەتییە لە سکوڵی ئەلیۆت لە زانکۆی جۆرج واشنتۆن لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. توێژەری بواری چارەسەری ناکۆکییەکانە و چەندین توێژینەوەی ئەنجام داوە لە بواری دەستپێشخەرییەکانی بنیادنانی ئاشتی، پێشتریش لە چەند زانکۆ وانەبێژ بووە، وەك زانکۆی جۆرج مەیسۆن، زانکۆی ماڵتا، هەروەها بەڕێوەبەری پڕۆگرامی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ئاشتی بووە لە ساڵانی ١٩٩٦-٢٠٠٤. بۆ تاوتوێکردنی ئەو شەڕەی لە کەرتی غەززە دروست بووە، دوای ئەوەی بزووتنەوەی حەماس هێرشی کردە سەر ئیسرائیل، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵ ئەنجام دا.

**ئێران پشتیوانی بزووتنەوەی حەماس و دوژمنی ئیسرائیل و ڕکابەری عەرەبستانی سعودیەیە، کە ڕەنگە ئەمانە پاڵنەری ئەرێنی بن بۆ هاندانی ئەنجامدانی هێرشێکی گەورەی لەم چەشنەی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل**

**ئەم هێرشە گەورەیەی حەماس بووە هۆی شڵەژاندن و تێکدانی پرۆسەی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و عەرەبستانی سعودیە**

**تێڕوانینی حەماس لەوەشدا دروست بوو، کە ئیسرائیل بە هۆی ناکۆکیی ناوخۆیی لە بارێکدا نەبوو کە ئامادە بێت بۆ هێرشێکی لەم چەشنە.**

**کوردستانیش ڕووبەڕووی تاوانی زۆر گەورە بووەتەوە و تەنانەت کورد قوربانیی بێتاوانی هێرشی کیمیایی بوون، کە لەلایەن حکومەتی وڵاتەکەی خۆیان لە دژیان ئەنجام درا**

*** با لە سەرەتاوە لەوە دەست پێ بکەین، بۆچی بزووتنەوەی حەماس ئەم هێرشەی ئەنجام دا؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە دوو پرسیاری گرنگ لەخۆ دەگرێت. با سەرەتا لە ئاسانترەکەیانەوە دەست پێ بکەین، بۆچی لە ئێستادا و بۆچی لەم کاتەدا ئەم هێرشانە ئەنجام دران؟ بە دڵنیاییەوە هەموو ئەوانەی دەیڵێم مەزندەیە و بەشێوەیەکی گشتی لەم ڕووەوە ئاماژە بە دوو پەرەسەندنی پەیوەندیدار دەکرێت، یەکەمیان بەرەوپێشچوونەکانی پەیوەست بە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و عەرەبستانی سعودیە، کە ئەمەش بە هەڕەشە و مەترسی لەسەر ئێران لێك دراوەتەوە، چونکە ئێمە دەزانین ئێران پشتیوانی بزووتنەوەی حەماس و دوژمنی ئیسرائیل و ڕکابەری عەرەبستانی سعودیەیە، کە ڕەنگە ئەمانە پاڵنەری ئەرێنی بن بۆ هاندانی ئەنجامدانی هێرشێکی گەورەی لەم چەشنەی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل. بەڵام دەبێت لێرەدا دووپاتی بکەمەوە، کە من هیچ بەڵگەیەکم لەبەردەستدا نییە لەبارەی تێوەگلانی ڕاستەوخۆی ئێرانەوە، واتە ڕاستە ئێران بە شێوەیەکی گشتی لەم پرۆسەیەدایە و چەك و دارایی بۆ حەماس دەستەبەر دەکات، بەڵام بەڵگەیەکم لەبەردەستدا نییە بۆ تێوەگلانی ڕاستەوخۆی ئێران لەم هێرشانە- هەروەك ئەوەی ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەم بابەتە دووبارە دەکاتەوە-. واتە ڕاستە بەڵگە لە ئارادا نییە، بەڵام پاڵنەرەکە بوونی هەیە، کە پێویستە ئەمە لەبەرچاو بگیرێت و لێکۆڵینەوەی لە بارەوە بکرێت و تاوتوێ بکرێت، کاتێك دەیانەوێت وەڵامی ئەو پرسیارەیان دەست بکەوێت، کە بۆچی لەم کاتەدا ئەم هێرشانە ئەنجام دران. ئەگەری دووەم بۆ لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی کاتی ئەنجامدانی ئەم هێرشانە- کە ئەمەیان پەیوەست نییە بە تێوەگلانی ئێرانەوە- پەیوەندیدارە بەو دابەشبوون و لێکترازانە ناوخۆییە سیاسییەی ئیسرائیل کە بۆ ماوەیەکی زۆر گرفتاری بووە. چونکە ئاشکرایە دوای هەڵبژاردنی حکومەتێکی ڕاستڕەوی سەختگیر لە ئیسرائیل، ئەم حکومەتە هەوڵی دا هەموارکردن و گۆڕانکاری ڕیشەیی بەدی بهێنێت لە بونیادی حوکمڕانی و بونیادی دەستووری وڵاتەکە، ئەویش بە ناوی تێپەڕاندنی چاکسازیی دادوەری، بەڵام ئەم هەوڵە داڕشتنەوەی سەرلەبەری سیستمی حوکمڕانی بوو، بە چەشنێك کە دەسەڵاتی دادوەری تێیدا نەتوانێت سنوورێك بۆ دەسەڵات و کارەکانی حکومەت (دەسەڵاتی جێبەجێکردن) دابنێت، بە چەشنێك کە هەر حکومەتێکی هەڵبژێردراو- کەم تا زۆر- دەتوانی هەر کارێك ئەنجام بدات کە خوازیار بێت. ئەوە بوو ئەم هەوڵی گۆڕانکارییە گەورترین بزووتنەوەی نارەزایەتی و بەرهەڵستی لە مێژووی ئیسرائیلدا هێنایە ئاراوە. کە تێیدا بە سەدان هەزار کەس هەفتەی جارێك بۆ دوو جار و بە درێژایی شەش مانگ نارەزایەتییان دەردەبڕی، کە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ئەم پرۆسەی هەمواری دادوەرییە بە ڕادەیەکی بەرچاو خاو ببێتەوە و بگرە ڕێگریشی لێ بکرێت. هەموو ئەمانەش دۆخێکی خوڵقاند کە وڵاتەکە تووشی دابەشبوونێکی قووڵ ببێتەوە، چونکە نارەزاییەتییەکە بە ڕادەیەك قووڵ و توند بوو، کە هەندێ لە ئەفسەرە باڵاکانی سوپا و هەواڵگری و هێزی ئاسمانی و یەکە سەربازییەکانی دیکە ڕایانگەیاند کە دەست لە خزمەتکردن لە ڕیزی سوپادا هەڵدەگرن، ئەگەر ئەم یاسای چاکسازییانە لە بواری دادوەریدا تێپەڕێت، چونکە لە تێڕوانینی ئەواندا ئەمە دەبووە هۆی ئەوەی ئیسرائیل لە دەوڵەتێکی دیموکراسییەوە بگۆڕێت بۆ دەوڵەتێکی تاکڕەو. کەوتە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دابەشبوونە قووڵ و بێ پێشینانە ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە، بزووتنەوەی حەماس هەستی کردبێت، کە دەرفەتێك هەیە و ئەوەی لەبەرچاوگرتبێت کە ئیسرائیل سەرقاڵە بە دابەشبوون و لێکترازانێکی قووڵی ناوخۆییەوە و ناپەرژێتەسەر ئەوەی بایەخ بە هەندێ پرسی دیکە بدات. کەواتە ئەمە دوو ئەگەر و دوو پەرەسەندنن کە ڕەنگە پەیوەندیدار بن بە وەڵامی ئەوەی بۆچی لەم کاتەدا ئەم هێرشانە ئەنجام دران؟

*** کەواتە بە تێڕوانینی ئێوە بۆچی لەم کاتەدا حەماس پەنای بردە بەر ئەو هێرشانە؟**

- من لەم ڕووەوە دەڵێم: تێڕوانین و لێکدانەوەی بزووتنەوەی حەماس لەم ڕووەوە پێکاویەتی، چونکە ئەم هێرشە گەورەیەی حەماس بووە هۆی شڵەژاندن و تێکدانی پرۆسەی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و عەرەبستانی سعودیە و تێڕوانینی حەماس لەوەشدا دروست بوو، کە ئیسرائیل بە هۆی ناکۆکیی ناوخۆیی لە بارێکدا نەبوو کە ئامادە بێت بۆ هێرشێکی لەم چەشنە. ئەگەر بێینە سەر وەڵامی ئەو بەشەی پرسیارەکەتان کە پەیوەستە بەوەی بۆچی ئەم هێرشانە ڕوویان دا؟ ئەوا لە کاتێکدا کە من دەمەوێت لێکدانەوە و شرۆڤەیەکی بابەتییانە بکەم، ئەوا لە ڕووی باری

سۆزدارییەوە زۆر قورسە کە کوشت و برێکی بە ئەنقەستی خەڵکی مەدەنی لە نێو ماڵەکانیاندا ببینیت. بە دڵنیاییەوە تاوانی لەم شێوەیە لە شوێنی دیکە ڕووی داوە، ئەوەتا کوردستانیش ڕووبەڕووی تاوانی زۆر گەورە بووەتەوە و تەنانەت کورد قوربانیی بێتاوانی هێرشی کیمیایی بوون، کە لەلایەن حکومەتی وڵاتەکەی خۆیان لە دژیان ئەنجام درا و ڕەنگە چەندین تاوانی دیکەش هەبن کە دژی کورد ئەنجام درابن و من بێ ئاگا بم لێیان، چونکە ئەوانیش بەشێکن لە ناکۆکی و کێشەیەکی لەم چەشنە. کەواتە ئەم کردەوانە ڕوو دەدەن و پێویست بەوە دەکات، کە بزانین بۆچی ڕوو دەدەن.

*** بە بۆچوونی ئێوە بۆچی هێرشەکانی بەم شێوەیە ئەنجامدا؟**

- بۆ من زۆر قورسە کە لەوە تێبگەم چۆن مرۆڤەکان دەتوانن کارێکی لەم چەشنە ئەنجام بدەن لە دژی مرۆڤەکانی دیکە، ئەمە بۆ من مایەی تێگەیشتن نییە. لەگەڵ ئەوەشدا دووپاتی دەکەمەوە کە سەرەڕای ئەوەی کەسانێك دەیانەوێ لێکدانەوە و شرۆڤەکاری لەم ڕووەوە بخەنەڕوو، بەڵام دەبێت هەوڵ بدرێت، بزانن کە ئەمە چی بوو کە ڕووی دا. چونکە ئەمە بڕیارێکی ستراتیژیی بزووتنەوەی حەماس بوو بۆ ئەنجامدانی کۆمەڵکوژی، چونکە بەڵگەنامە لە ئارادان کە بڕاردە دراوە بە یەکە هێرشبەرەکانی حەماس، واتە ئەمە کردار و ڕەفتارێك نییە کە کەسێکی تیرۆریست یان گرووپێکی بچووکی تیرۆریستان پەنای بۆ ببەن، بەڵکو ئەمە هێرشی هەزاران چەکدار بوو، کە ڕاستە زۆر بەتوانا بوون و هێڵەکانی بەرگریی سوپا و هێزی چەکداری ئیسرائیلیان بڕی و ئیسرائیلیان تووشی غافڵگیری کرد، بەڵام من دەڵێم حەماس بژاردەی دیکەی لە بەردەمدا بوو لە ڕۆژی شەممە، ٧ی تشرینی یەکەم، کە هێرشێکی بەربڵاوی کرد و چەندین سەربازی لەسەر خاڵە سنوورییەکان کوشت، مەبەستم ئەوەیە بڵێم ئەگەر حەماس بیویستایە دەیتوانی تەنیا هێرش بکاتە سەر ئامانجە سەربازییەکان و دەیتوانی سەرباز و تەنانەت پیاوانی پۆلیس لە ئیسرائیل بکوژێت، ئەمەش وەك ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی ڕایبگەیەندایە کە هێرش کراوەتە سەر سەربازەکان و ڕەنگە هەندێ کەس شەرعییەتیان بە کردارێکی لەم شێوەیە بدایە، چونکە کەرتی غەززە لە ژێر ئابڵوقەدا بوو و بە پاساوی ئەوەی خەڵکی فەلەستین لە بارودۆخێکی ناهەمواردان و.. هتد.

هەروەها بزووتنەوەی حەماس دەیتوانی کەسانێك بە بارمتە بگرێت- ئەگەرچی ئەمەش تاوانی جەنگە- کە ئەمە ڕوونە و هیچ شەرعیەتێك لە بە بارمتەگرتندا نییە، بەڵام حەماس دەیتوانی بڵێت لە ڕووی ستراتیژییەوە بارمتەکان گرنگن و دەتوانین بیانگۆڕینەوە بە زیندانیکراوەکانمان، ئەگەرچی لە ڕوی تێڕوانینی منەوە ئەم کردارە هیچ شەرعییەت و هیچ بارێکی ئەخلاقی لەخۆ ناگرێت. ئەگەرچی یەکسانییەکیش لەوەدا نەبوو کە تۆ بێیت و منداڵ و ئافرەت و کەسانی بەساڵاچوو بگۆڕیتەوە لەگەڵ کەسانێك کە بە هۆی ئەندامێتییان لە ڕێکخراوێکی سەربازی — کە زۆرێك لە وڵاتانی جیهان بە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی لە قەڵەمی دەدەن- دەستگیر کراون و زیندانی کراون، بە هۆی ئەوەی لە کردەوەی توندوتیژییەوە تێوەگلاون، نایەکسانییە بیانگۆڕیتەوە بە کەسانێك کە لە ماڵەکانی خۆیان دەرهێنراون و بە بارمتە گیراون. مەبەستم ئەوەیە حەماس بژارەی لەبەردەمدا بوو، بۆ چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەم هێرشانە. بەڵام کوشتنی زیاتر لە ١٠٠٠ کەس لە میانەی چەند کاتژمێرێکی کەمدا، کوشتنی ئەو خێزانانەی لە نێو ماڵەکانی خۆیاندا بوون بە ئەنقەست، کە تەنانەت ئەمە جیاوازە لە کوشتنی ئەو کەسە مەدەنییانەی نێو کەرتی غەززە کە بە هۆی بۆردومانی ئیسرائیلەوە دەکوژرێن- کە ئەمەش مەترسیدارە و بە درێژایی ژیانم بەرهەڵستیم کردووە و بە هیچ شێوەیەك پشتیوانی لێ ناکەم-، بەڵام ئەمە لە ڕووی ئەخلاقییەوە کارێکی جیاوازە، چونکە ئەمە ئامانجی بە ئەنقەستی سوپای ئیسرائیل نییە و بگرە هەندێ هەوڵیش دراوە کە ئەمە ڕوونەدات، کە من خوازیارم هەوڵی زیاتریش بدرێت، بەڵام ئەمە کێشەیەکی ئەخلاقی گەورەیە، چونکە ئاشکرایە حەماس سەرجەم ژێرخانەکانی خۆی لە نێو دانیشتووانە مەدەنییەکاندا دروست کردووە. کەواتە هیچ یەکسانییەك نییە لە نێو ئەمە و کوشتنی بەئەنقەستی ئەو کەسانەی کە هیچ ڕۆڵێکی سەربازییان نییە و هیچ جۆرە بەرگرییەکیان نییە و لە بۆنە و جەژنێکی ئایینیدا، یان لە نێو ماڵەکانی خۆیاندا. کەواتە ئەمە مەسەلە گرنگ و جەوهەرییەکەیە کە دەبێت جەختی لەسەر بکرێتەوە و پرسیاری ئەوە بکرێت بۆچی حەماس پەنای بردە بەر ئەم بژارەیە، کە ئەمەش پرسیارێکی زۆر ئازاربەخشە.

**بەڵگەنامە لە ئارادان کە بژاردە دراوە بە یەکە هێرشبەرەکانی حەماس، واتە ئەمە کردار و ڕەفتارێک نییە کە کەسێکی تیرۆریست یان گرووپێکی بچووکی تیرۆریستان پەنای بۆ ببەن**

**ئەگەر حەماس بیویستایە دەیتوانی تەنیا هێرش بکاتە سەر ئامانجە سەربازییەکان و دەیتوانی سەرباز و تەنانەت پیاوانی پۆلیس لە ئیسرائیل بکوژێت، ئەمەش وەک ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی ڕایبگەیەندایە کە هێرش کراوەتە سەر سەربازەکان و ڕەنگە هەندێ کەس شەرعییەتیان بە کردارێکی لەم شێوەیە بدایە**

**حەماس سەرجەم ژێرخانەکانی خۆی لە نێو دانیشتووانە مەدەنییەکاندا دروست کردووە. کەواتە هیچ یەکسانییەک نییە لە نێو ئەمە و کوشتنی بەئەنقەستی ئەو کەسانەی کە هیچ ڕۆڵێکی سەربازییان نییە و هیچ جۆرە بەرگرییەکیان نییە و لە بۆنە و جەژنێکی ئایینیدا، یان لە نێو ماڵەکانی خۆیاندا**



## سەیدی یوسف موسلیم

ناسراو بە مەزڵووم، ئەندامی پێشووی پەکەکە بۆ گوڵان:

# پەکەکە هۆکاری چۆڵبوون و ئاوەداننەکردنەوەی ٦٠٠ گوند و تێکدانی سەقامگیریی چەندین ناوچەی پارێزگای سلێمانییە

# پەکەکە مەبەستیەتی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان پەلکێشی شەڕە دۆڕاوەکەی خۆی لەگەڵ تورکیا بکات

پەکەکە شوێنی ڕاستەقینەی خۆی باکووری کوردستانە، بەڵام شکستە یەك لە دوای یەکەکانی و کارکردن بۆ ئەجێندای دەرەکی و دوورکەوتنەوەی لە هێڵی نەتەوەیی، وای لێ کردووە، کاری پشێوی و تێکدان لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ بکات، ئەمەش هەمووی لە پێناو دەستکەوتی دارایی بۆ خۆیان و لاوازکردنی پێگەی هەرێمی کوردستان. گۆڤاری گولان دیدارێکی لەگەڵ سەیدی یوسف موسلیم ئەنجام دا، کە بە «مەزڵووم» ناسراوە و ئەندامی پێشووی پەکەکە بووە. لێرەدا پوختەی وتەکانی بڵاو دەکەینەوە.

*** پەکەکە شەڕی براکوژی خۆش دەکات و بەردەوام سەرقاڵی سەنگەرگرتنە لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان و لە ڕێگەی دانانەوەی مین و TNT یەوە چەندین هاووڵاتیی کردووەتە قوربانی، لەم دواییانەشدا زیاتر سەرقاڵی نانەوەی پشێوی و ناسەقامگیرییە، ئایا بۆ چ مەرام و مەبەستێك پەکەکە ئەم کارە تێکدەرانە ئەنجام دەدات؟**

- پەکەکە گوێ لە هزری نەتەوەیی و کوردایەتی ناگرێت، ئەوان لە چوارچێوەی ئەجێندا و مەرام و مەبەستی هێزەکانی دژ بە کورد کار دەکەن، ئەوەی چەکدارانی پەکەکە دەرهەق بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هەرێمی کوردستان دەیکەن، دەچێتە چوارچێوەی خزمەتکردنی هێزی داگیرکەرەوە، لەوەتەی هاتوونەتە قەندیلیش بە درێژایی سنوورەکەی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا، هێز و سوپای تورکیای پەلکێشی کوردستان کردووە، بەو هۆیەوە بەردەوام ئاوەدانییەکانی کوردستانی خستووەتە مەترسی و بەر ڕەحمەتی تۆپ و درۆن و مووشەکی فڕۆکە سەربازییەکانی ئەو وڵاتەوە، ئیتر لەوە بگەڕێ کە بە هۆی پەکەکەوە ٦٠٠ گوند ئاوەدان نەکراونەتەوە و دانیشتووانەکەی لە مافی گەڕانەوە بۆ سەر زێدی باوك و باپیرانیان بێبەشن، ئەوەتا ئاوەدانی و ناوچەکانی پارێزگای سلێمانی و گەرمیان و ڕاپەڕینیشی خستووەتە مەترسییەوە، پێشمەرگەی کوردستان تاکە هێزی پاراستنی هەرێمەکە و ماڵ و حاڵ و ژیان و بژێویی خەڵکی کوردستانە، کەچی پەکەکە بە فیتی میلیشیات و هێزە ئیقلیمییەکان دژایەتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش دەکات، پەکەکە لەلای کوردی هەر چوارپارچەی کوردستان جێگای قبووڵکردن نییە و تەنانەت چەکدارەکانیشی ڕیزەکانی ئەو گرووپە چەکدارییە کە دوورە لە هزری نەتەوەیی و کوردایەتی، بەجێ دەهێڵن.

ئەوەی چەکدارانی پەکەکە دەرهەق بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هەرێمی کوردستان دەیکەن، دەچێتە چوارچێوەی خزمەتکردنی هێزی داگیرکەرەوە

پێشمەرگەی کوردستان تاکە هێزی پاراستنی هەرێمەکە و ماڵ و حاڵ و ژیان و بژێویی خەڵکی کوردستانە، کەچی پەکەکە بە فیتی میلیشیات و هێزە ئیقلیمییەکان دژایەتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش دەکات

*** ئەوەی لە ماوەی شەڕی ئەم دواییەی پەکەکە و تورکیا دەیبینین، ئەوەیە کە پەکەکە شوێنە ستراتیژییەکان بۆ سوپای تورکیا چۆڵ دەکات و خۆی پاشەکشە دەکات، بەڵام ڕێگەش نادات بە شێوەیەکی ئاشتییانە هێزی پێشمەرگە ئەو ناوچانە بپارێزێت، پرسیار ئەوەیە ئەو ناوچە ستراتیژییانە بۆچی تەسلیمی سوپای تورکیا دەکات؟**

- ماوەی چەندین ساڵە و بەتایبەتیش لە دوای شەڕی خەندەقەوە، پەکەکە بووە هۆکاری لە دەستدانی دەسەڵاتداریەتی لە باکووری کوردستان و جەماوەرەکەی ڕووی لە کەمی کرد، لە ئێستادا کێشە و گرفت بۆ باشووری کوردستان دروست دەکات، کە لە مێژووی کۆن و

نزیکی خۆیاندا دەیان هەزار قوربانی و شەهیدیان داوە و دەربەدەری و ئاوارەییان بینیوە و ئازاریان پێ گەیشتووە. هەرێمی کوردستان بووتە پێگە و قەوارەیەك بۆ پێکەوە ژیان و لێبووردەیی و جێگەی لێقەوماوان، تەنانەت ئەوانەی ڕیزەکانی پەکەکەشیان جێ هێشتووە، ڕوو لە پایتەختی هەرێمی کوردستان دەکەن، هەموو ئەمانە لەلایەن پەکەکەوە جێگەی قبووڵ نییە، چونکە پەکەکە چووەتە بەرەی دوژمنان و داگیرکارانی کوردستان و بەپێی خواست و ویستی میلیشیات و گرووپە چەکدارەکان کار دەکات، ئەوەتا پەکەکە هێزی چەکداری تورکیا پەلکێشی ناو هەرێمی کوردستان دەکات بۆ ئەوەی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان تووشی شەڕ بکات و پشێوی لە هەرێمی کوردستاندا بنێتەوە. سوپای تورکیا بەشێکە لە سوپای ناتۆ و هێزێکی زۆر دڕ و توندە، ناکرێت چەکدارانی پەکەکە بەو بیر و سیستەمەی هەیانە بتوانن بەرەنگاری تورکیا ببنەوە، بەڵکو مەبەستی چەکدارانی پەکەکە داگیرکردنی زیاتری خاکی هەرێمی کوردستانە لەلایەن تورکیاوە، ئەمانەش ئەوە دەگەیەنێت کە چەکدارانی پەکەکە ئەو ناوچە گرنگ و ستراتیژییانەی لە ناو باشووری کوردستان داگیریان کردووە و ناتوانن پارێزگاریشی لێ بکەن، سەرئەنجام سوپای تورکیا بۆ شوێنەکان پەلکێش دەکەن.

*** کەواتە پەکەکە هەرێمی کوردستانی کردووە بە گۆڕەپانی شەڕ و ڕۆژانە هێزەکانی تورکیا بە بیانووی بوونی پەکەکە گوندەکانی کوردستان بۆمباباران دەکات، پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە، ئەگەر پەکەکە دەیەوێت شەڕی تورکیا بکات، بۆ لە ناو کوردستانی تورکیا نایکات، خۆ چیاکانی کوردستانی تورکیا لە چیاکانی هەرێمی کوردستان سەختترن؟**

- ماوەی زیاتر لە ١٢ ساڵ دەبێت، چەکدارانی پەکەکە لەسەر هەڵە و کردەوە و ڕەفتاری خراپی سەرکردەکانیان دەجووڵێنەوە و توانای بەرەنگاربوونەوەی سوپای تورکیایان نەماوە، تەنیا کێشە و گرفت بۆ هەرێمی کوردستان دروست دەکەن، ئەوان نایانەوێت ئەو هێمنی و سەقامگیرییەی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە بەردەوام بێت، کە بووەتە پەناگە وماڵێکی گەورە و ئاسوودە بۆ کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان، لەلایەکی دیکەوە پەکەکە شوێنی ڕاستەقینەی خۆیان باکووری کوردستانە کە لەوێش چیا و شاخی زۆر سەختتر و بەهێزتر لە باشووری کوردستان هەیە، بەڵام سەرکردەکانیان لە پێناو مانەوە و بەرژەوەندیی کەسێتی خۆیاندا چەندین کەسی بێچارە و هەژاریان هەڵخەڵەتاندووە، بە شێوەی گرووپی چەکداری لێرە و لەوێ لە باشووری کوردستان لە چەند ناوچەیەك جموجووڵی بێ مانا و بێ مەبەست ئەنجام دەدەن. پەکەکە بووەتە هۆکاری ئەوەی سوپای تورکیا بە درۆن نائارامی لەو شوێنانەش دروست بکات، وەك ئەوانەی لە چەند مانگی ڕابردوو لە ماوەت و ناوچەی ڕاپەڕین و پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان ڕووی دا.

*** هەموو دەوڵەتانی داگیرکاری کوردستان لەسەر ئەوە کۆکن کە ڕێگر بن، بۆ دروستبوونی قەوارەیەکی بەهێزی سیاسی بۆ کوردستان، بەڵام لە هەمان کاتدا پەکەکە پەیوەندیی لەگەڵ هەرسێ دەوڵەتی (ئێران و عێراق و سووریا) لەو پەڕی باشیدایە و هاوکاریی چەك و دارایی دەکرێت، ئایا ئەمە چی لێ دەخوێندرێتەوە؟**

- وەکو ئاماژەم پێ دا، پەکەکە چەندین ساڵە لە بەرژەوەندیی وڵاتانی داگیرکاری کوردستان وەك سووریا و عێراق و ئێران دەجووڵێتەوە، ئەو چەکدارانەی پەکەکە کە لە شنگالن بە تەواوی بەپێی پیلان و فەرمانی حەشدی شەعبی دەجووڵێنەوە و مووچە و هاوکاری و چەك و تفاقیشیان لە حەشدەوە بۆ دابین دەکرێت، هەر بۆیە ڕێگریشن لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی شنگال، لەلایەکی دیکەوە لەو کاتەی شەڕی حەماس و ئیسرائیلیش دەستی پێ کردووە، ئەو چەکدارانەی پەکەکە خەریکی چەندین پیلان و ڕەفتاری مەترسیدارن کە لە بەرژەوەندیی کۆماری ئیسلامیی ئێراندایە لە دژی ئیسرائیل، ئەمە لە کاتێکدا پێویستە ئێمە خاك و نیشتمان و خەڵکی خۆمان لەو شەڕە وێرانکارییە بپارێزین و چارەسەری کێشەی خۆمان بکەین، نەوەکو سەرئێشە بۆ خۆمان دروست بکەین.

*** پەکەکە لە کاتێکدا خۆی ڕایگەیاندووە کە بڕوای بە سەربەخۆیی کوردستان نییە، ئەو کە**

**پەکەکە لەلای کوردی هەرچوارپارچەی کوردستان جێگای قبووڵکردن نییە و تەنانەت چەکدارەکانیشی ڕیزەکانی ئەو گرووپە چەکدارییە کە دوورە لە هزری نەتەوەیی و کوردایەتی، بەجێ دەهێڵن**

**پەکەکە هێزی چەکداری تورکیا پەلکێشی ناو هەرێمی کوردستان دەکات بۆ ئەوەی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان تووشی شەڕ بکات و پشێوی لە هەرێمی کوردستاندا بنێتەوە**

**پەکەکە چووەتە بەرەی دوژمنان و داگیرکارانی کوردستان و بەپێی خواست و ویستی میلیشیات و گرووپە چەکدارەکان کار دەکات**

**ئامانجی سەربەخۆیی نییە، بۆچی ئەم هەموو کوڕ و کچەی کوردستان بە کوشتن دەدات؟**

- پەکەکە هێزێکی بەکرێگیراوە، سەرئێشە بۆ خۆی و نەتەوەکەی دروست دەکات، بووەتە هێزێکی چەکدار و مەرام و بەرنامەی ئەو هێز و لایەنانە جێبەجێ دەکات کە دژی بیر و هزری نەتەوەی کوردن، ئەم هێزە هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە لە پەیڕەو و پڕۆگرامی خۆی هەڵگەڕاوەتەوە، ئەمەش ئەوە ئاشکرا دەکات، کە چەکدارانی پەکەکە باوەڕیان بە سەربەخۆیی کوردستان نییە و هەر لایەن و حزبێك وەك هێز و سوپای داگیرکەرن، وەکو ئەوەی لە فرۆکەخانەی عەربەت ڕووی دا، هەروەها لەسەر چیای هەیبەت سوڵتان و ماوەت هاتوچۆ دەکەن و کێشە و گرفت بۆ خەڵکی دەنێنەوە و بوونەتە هۆکاری هاتنی درۆنە شەڕکەرەکانی سوپای تورکیا، ئەمە جگە لە ناشیرینکردنی کورد چی دەگەیەنێت، تەنانەت بوونەتە هۆکاری کوشتنی خەڵکی ئاوارەی مەدەنی لە کەمپی مەخموریش، کردەوە خۆکوژییەکەی ئەنقەرەش لە ناوەندە جیهانییەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا وەکو کردەوەیەکی تیرۆریستی باسی

**ماوەی زیاتر لە ١٢ ساڵ دەبێت، چەکدارانی پەکەکە لەسەر هەڵە و کردەوە و ڕەفتاری خراپی سەرکردەکانیان دەجووڵێنەوە و توانای بەرەنگاربوونەوەی سوپای تورکیایان نەماوە**



پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ کوردستان و سەربەخۆییەکەی کار بکات، لە دژی دەوەستنەوە.

*** پەکەکە بەهۆی ئەوەی لەگەڵ ڕەوتی سیاسەتی جیهانی ناڕوات، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانی بە کردەوەکانی ناشیرین کردووە، ئایا بۆچی پەکەکە هەموو ئامانجی ئەوەیە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان ناشیرین بکات؟**

- پەکەکە بە درێژایی تەمەنی کردەوەی تیرۆریستی و تەقینەوەی لێرە و لەوێ ئەنجام داوە، دانانەوەی TNT لەسەر پردێکی پەڕینەوەی خەڵکی سڤیل و شەهیدکردن و ڕفاندنی خەڵك و نانەوەی پشێوی و پەلکێشکردنی درۆن و کرا، ئەم کارە ناڕەوا و ڕەفتارە تیرۆریستییانە لەگەڵ ڕەوتی دونیا و مرۆڤایەتی ناگونجێت.

پەکەکە دەیەوێت لە ڕێگەی دروستکردنی هێز و گرووپی چەکداریی بچووك بچووکەوە لە هێرش و بۆردومانی درۆنەکانی تورکیا ڕزگاری بێت، نازانێت لە دونیای دەرەوە بووەتە هێزێکی تیرۆریستی و پشتگیری لە دەست داوە، لەوەش مەترسیدارتر، گەلی کوردیش ناشیرین دەکات، ئەوەتا بە هۆی خراپیی باری داراییانەوە، سەرقاڵی کاروکردەوەی پیس و قاچاخچێتین، بەڵام بەو ڕێگە ناشەرعییانەش دووبارە هیچ گۆڕانکارییەك هەست پێ ناکرێت، بەڵکو دۆخیان زیاتر ڕوو لە خراپی کردووە.

**ئەو چەکدارانەی پەکەکە کە لە شنگالن بە تەواوی بە پێی پیلان و فەرمانی حەشدی شەعبی دەجووڵێنەوە و مووچە و هاوکاری و چەک و تەفاقیشیان لە حەشدەوە بۆ دابین دەکرێت**

## لارا دزەیی:

# دایک و باوکم بەو شێوەیە پەروەردەیان کردووم کە باوەڕم بەخۆم هەبێت، ئەوەش کلیلی سەرکەوتنەکانمە



لارا دزەیی، لە شاری ڤیەننا لە نەمسا لەدایکبووە، لە ئەمریکا گەورە بووە. بڕوانامەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی لە زانکۆی جۆرج مەیسن بەدەستهێناوە، ماوەی ١٥ ساڵە لە هەولێر ژیان بەسەر دەبات، زمانەکانی کوردی، ئینگلیزی، فارسی، عەرەبی و ئەڵمانی دەزانێت. زیاتر لە ١٣ ساڵە لە کەرتی نەوت و گازدا کاردەکات. بڕیاری داوە بەهرەکانی دەربخات و جلوبەرگی کوردی بە شێوەی کلاسیك و مۆدێرن دیزاین بکات و بیکاتە براندێکی جیهانی. هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «دیزاینەکانم ڕەنگدانەوە و گوزارشتە لە هەستەکانم بۆ نیشتمانەکەم و ئەوە پیشانی خەڵك دەدەن کە جلی نەریتیی کوردان چەندە جوان و دەوڵەمەندە. بە حوکمی ئەوەی من لە بنەماڵەیەکی هونەردۆست پەروەردە کراوم و هەر لە منداڵییەوە لەناو خوێندنەوەی کتێب و شیعر و گۆرانی ژیام، بە ئازادی گۆش کراوم و دایك و باوکم هاندەرم بوون و پاڵپشتیی زۆریان کردووم، بەتایبەتی لە ماوەی ئەو ١٥ ساڵەی کە لە کوردستان ژیان دەکەم، ئەوان بەو شێوەیە پەروەردەیان کردووم کە باوەڕم بەخۆم هەبێت».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەش کە ئامانجت لە کۆکردنەوە و نمایشکردن و ناساندنی جلوبەرگی ڕەسەنی کوردیی خانمان چییە؟ گوتی: «من خۆم کەسێکی نەتەوەییم و کوردستانم زۆر خۆش دەوێت، لەبەر ئەوە کارەکانم بە خۆشەویستییەوە گرێ داون، کاتێك دەستم بەم پڕۆژەیە کرد، بەڵێنم بە خاك و نەتەوەکەم دا، کە ئەو کەلتوورە جوانەی کە هەمانە بیگەیێنمە هەموو کون و قوژبنێکی ئەم دونیایە و بە هەمووانی بناسێنم، بۆ ئەوەی براندی جلی کوردیی ڕەسەن شانبەشانی براندە جیهانییەکان بدرەوشێتەوە. سوپاس بۆ خوا کەمتر لەو ماوەیەی کە پێشبینیم کردبوو، لە پڕۆژەکەم سەرکەوتوو بووم و توانیم لە ماوەی یەك ساڵدا



**لارا دزەیی کچی هونەرمەندی بەناوبانگ هۆمەر دزەییە، خانمە کوردێکی پڕ وزە و چالاکە، دیزاینەری فاشیۆنی کوردییە و ماڵپەڕێکی تایبەت بە دیزاینەکانی خۆی هەیە و تا ئێستا چەندین کۆلێکشنی سەرنجڕاکێشی کوردی تایبەت بە جلوبەرگی خانمان بڵاو کردووەتەوە. دیزاینەکان دانسقەن و تەژییە لە شکۆ و شانازیی نەتەوەی کورد، بە هەوڵ و ماندووبوون و شەونخوونی توانی لە هەفتەی نمایشی پاریس دیزاینەکانی نمایش بکات. لە دیدارێکدا بە خۆشەویستییەوە باس لە کارە کەلتوورییەکەی بۆ خوێنەرانی گۆڤاری گوڵان دەکات.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

خەونەکەم بکەم بە ڕاستی و دیزاینەکانم لە گۆڤارە بەناوبانگە جیهانییەکان بڵاو کرانەوە. خەونەکەم هاتەدی، بەڕاستی دڵخۆشم کە کەلتووری کوردەواری و دیزایینە ڕەنگینەکانم گەیشتنە سەر شانۆی جیهانی و لە هەفتەی نمایشی پاریس بەشدار بووم».

سەبارەت بە ئامانجەکانیشی بۆ داهاتووی کارەکەی گوتی: «ئێستا سەرقاڵی ئامادەکردنی کۆلێکشنی چوارەمم بە ناوی دارستان، کە لەوانی دی زۆر جیاوازتر دەبێت، وەك دەزانن لە ماوەی ڕابردوودا سێ کۆلێکشنم ئامادە کردووە، ناوی دیزاینەکانم لە چیرۆکی پشت کارەکانم وەردەگرم، کە پڕن لە چیرۆکی ژیانی هەموو خەڵك. دیزاینی دەستووری جلوبەرگی دزەیی بۆ من زۆر گرنگە، چونکە تایبەتە بە بنەماڵەکەم و نامەوێ ون بێت، کەلتووری کوردیشی پێ دەوڵەمەند دەبێت، بە لای منیشەوە زۆر جوانە، چونکە خانمانی کەسوکارمان وێنەیان هەیە بەو جلانەوە، بۆ نەوەکانیان یادێکی دڵخۆشکەرە».

لارا دزەیی وەك خۆی باسی کرد، لە نیسانی ساڵی ٢٠٢٢ یەکەم کۆلێکشنی بە ناوی ‹خەون› بڵاو کردووەتەوە کە بریتی بوو لە ١٤ دیزاین. گوتیشی: لە کۆلێکشنی دووەم بە ناوی ‹ئاگر› دیزاینەکانی کۆلێکشنی ‹ئاگر› لە چیای سەفین و بێستانە وێنەکانی گیرابوون و ژمارەیەك مۆدێلی کورد و بیانی تێیدا بەشدار بوون.

لە نیسانی ٢٠٢٣، دیزاینی ‹دەستووری دزەیی› لە کۆمەڵە دیزاینی نوێی ‹زەریا›م بڵاوکردەوە».

سەبارەت بە کارکردن و هەوڵ و کۆششی ئافرەتی کورد، گوتی: «زۆر دڵخۆشم کە دەبینم لە ئێستادا لە کوردستان ژمارەیەکی زۆری خانمان بە دەست و پەنجە ڕەنگینەکانیان کار دەکەن لەو بوارەی کە حەز و خولیا و بەهرەیان تێیدایە، دەستخۆشییان لێ دەکەم و پێیان دەڵێم بەردەوام بن و کۆڵ مەدەن، چونکە دەستپێکی بەدیهاتنی هەموو خەونێك لە خۆتەوە دەستپێدەکات و دەبێت هەوڵی بۆ بدرێت، من متمانەی تەواوم بە هەوڵەکانیان هەیە، چونکە ئافرەتانی کورد زۆر بەتوانا و بەهێزن. پەندێکی کوردی هەیە دەڵێت (پەشیمانەی کردە باشترە لە پەشیمانەی نەکردە)، من هەمیشە لەسەر ئەو یاسایە دەڕۆم، تەنانەت خوای گەورەش پێمان دەڵێت لە تۆ حەرەکەت لە من بەرەکەت».

**دیزاینەکانم ڕەنگدانەوە و گوزارشتە لە هەستەکانم بۆ نیشتمانەکەم و ئەوە پێشانی خەڵک دەدەن کە جلی نەریتیی کوردان چەندە جوان و دەوڵەمەندە**

**توانیم لە ماوەی یەک ساڵدا خەونەکەم بکەم بە ڕاستی و دیزاینەکانم لە گۆڤارە بەناوبانگە جیهانییەکان بڵاو کرانەوە**





# هەڵمەتی یەک مانگەی (ئۆکتۆبەر) بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی شێرپەنجەی مەمک لە سەرانسەری جیهان

**ساڵانە لە سەرەتای مانگی ئۆکتۆبەرەوە تا کۆتایی مانگەکە هەڵمەتی هۆشیارکردنەوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی شێرپەنجەی مەمك لە سەرانسەری جیهان دەست پێ دەکات. شێرپەنجەی مەمك لە ڕووی ژمارەی تووشبوونەوە بڵاوترین جۆری شێرپەنجەیە، کە لە هەر هەشت ژنێك یەکێکیان تووشی دەبێت، بەڵام لە ڕووی هۆکاری مردن بەهۆی شێرپەنجە لە ژناندا بە دووەم جۆر دادەنرێت لە پاش شێرپەنجەی سییەکان.**

**بەپێی ئاماری ڕێکخراوی تەندرووستیی جیهانیی، لە ساڵی ٢٠٢٠دا دوو ملیۆن و ٢٠٠ هەزار ئافرەت لە سەرانسەری جیهاندا شێرپەنجەی مەمکیان هەبووە، هەروەها بەپێی لێکۆڵینەوەکانی بۆردی «کانسەر نێت» ساڵانە بە ڕێژەی ٥٠٪ ئەو نەخۆشییە زیاد دەکات.**

**بەپێی ئاماری وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی (٢٠٢٠) لە هەرێمی کوردستان (٦٢٩٣) تووشبووی شێرپەنجە تۆمار کراون. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان زیاتر تاوتوێی ئەو نەخۆشییە و ڕێکارەکانی چارەسەری دەکەن.**



**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

سروە عوسمان مستەفا، ڕزگاربوویەکی شێرپەنجەیە و بەمجۆرە باسی نەخۆشییەکەی و چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی شێرپەنجە دەکات: «ژنێکی خێزاندارم و دایکی سێ منداڵم (دوو کچ و کوڕێك)، پیشەم مامۆستایە و هاوسەرەکەشم هەر مامۆستایە. ژیانێکی مام ناوەندی دەژین وەکو هەر خێزانێکی کورد لەم هەرێمە. من لە ماوەی دە ساڵ ڕووبەڕووی ئەو دەردە نەگریسە بوومەوە، بەڵام وا دەژیم و بوومە یەکێك لەوانەی کە بە شێرە ژنی «شێرپەنجە بەزێن» ناو دەبرێم.

لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٩ بوو، کاتێ هەست، گرێیەکی نامۆ لە ژێر گۆی مەمکی چەپەم خۆی گرمۆڵە کردووە. بە زووترین کات لەگەڵ هاوسەرەکەم خۆم گەیاندە دکتۆرێکی تایبەت بە گرێ، ئەویش پشکنینی بۆ نووسیم. هەمان کات چوومە تاقیگە و پشکنینەکەیان بۆ ئەنجام دام، هەر لەو پشکنینە ترسناکە دڵم داخورپا و هەستم بە مەترسییەك کرد، چونکە جۆری پشکنینەکە وەرگرتنی نموونەی خانەیی بوو لە شوێنی گرێیەکە و ئازارێکی زۆری دام. دەبوو هەتا سبەی ئێوارە چاوەڕێی ئەنجامی پشکنینەکە بم. ئەو کاتەی یەکەم زەنگی مەترسی لەسەر ژیانم لێی دا، ئەو ئێوارەیە بوو، کە ئەنجامی پشکنینەکانم بردەوە بۆ لای دکتۆر و یەکسەر بێ هیچ پێشەکییەك وتی: پیسە و خانەی شێرپەنجەییە و دەبێت زوو نەشتەرگەریت بۆ بکەم و لایبەرم. تۆ بڵێی لەو خەبەرە ناخۆشترم بیستبێ لە ژیانم؟ ئێستاش ڕقم لە گوێیەکانمە، چونکە هەواڵێکی ئەوتۆی پێ گەیاندم وەکو برووسکە کاسی کردم . بەسەر دونیاوە نەمام و کەوتبوومە خەیاڵاتی مردن و بەجێهێشتنی کورە تاقانە بچکۆڵانەکەم کە ئەو کاتە تەمەنی چوار ساڵان بوو. کچەکانیشم لە تەمەنێکی هەستیاردا بوون، هەموویان پێویستیان بە دایك هەبوو. بیرم دەکردەوە چی بکەم؟ ترس و دڵەڕاوکێ و چارەنووسی نادیار هەموو لێم ببوونە دێوەزمە و مۆتەکەی ژیان؛ تاوێك دەگریام و تاوێك مات و مەلوول بڕوام نەدەکرد، ئەوە منم دەردێکی ئاوا قورس بەرۆکی گرتووم. ئێوە دەزانن هەندێ دەرد تەنیا ناوی گەورە و ترسناکە، بەڵام کە دەچیتە ژێر باری ئیتر ئاسایی دەبێتەوە، منیش سەردانی چەند دکتۆرێ دیکەم کرد بۆ دڵنیابوون و شێوازی چارەسەرەکە. دواتر دوای سێ ڕۆژ بڕیاری گەورەترین و مەترسیدارترین نەشتەرگەریم دا، کە لە ژیانم کردبێتم .ئەوە یەکەم هەنگاو بوو بۆ چارەسەر. هەنگاوە ترسناکەکان دواتر دەستیان پێکرد، ئەو کاتانەی تووشی چارەسەری کیمیاوی و لێزەری بووم. بەڕاستی ڕۆژگارێکی یەکجار ناخۆش بوو، چونکە نەخۆشخانەکانمان پڕ بوون لە تووشبووان بەو دەردە. ئەوەی ئازاری دەدام، کەموکوڕییەکانی نەخۆشخانە و شێوازی چارەسەر و بێ شوێنی بوو. نەخۆش دەبوو هەموو ژیانی لە



**سروە عوسمان:**

**شێرپەنجە نەخۆشییەکە وەکو هەر نەخۆشییەکی دیکە و چارەسەری هەیە و ئەو مەترسیدارە نییە. کاتێ تۆ بڕیار دەدەیت بیبەزێنیت، گەورەترین هێز لە خۆتدا دەبینییەوە**



**د. سەرکەوت مەجید:**

**پشکنینی پێشوەختە(Screening) ڕێژەی مردن کەم دەکاتەوە و شێرپەنجەی مەمک لە قۆناغێکی زۆر سەرەتایی دەستنیشان بکرێت، چارەسەری ئاسانتر دەبێت**

**بەردەوام لەژێر چاودێریی پزیشکدام و چارەسەرم هەیە، بەڵام ژیانێکی زۆر ئاسایی بەسەر دەبەم، چونکە تامی مردنم کردووە، ئێستا ژیانم لە لا خۆشەویستتر بووە**

**کاتێ جەستەم بەر شاڵاوی دەردی نەگریسی شێرپەنجە کەوت؛ بێ بەزەییانە هەرجارەو بە تیغێک دادڕیان کرد، ڕۆحیشم پارچە پارچە بوو؛ پارچەیەک نێژرا؛ پارچەیەک هەتیو؛ پارچەیەک سزادراو و لە جەستەدا بەجێماو**

**هەموو ئیرادەی نوستووم بە گەڕخست و هەزاران هەزار نەفرەتم لە تەوێڵی ئەو قەدەرە کرد؛ هەزاران هەزار نەفرەتم لە دیداری مەرگ کرد؛ سوێندم بە پاکی فرمێسکەکانی چاوی دایکم خوارد؛ کە بەهێز و ئیرادەوە هەردووکیان بنێژم (دەرد و مەرگ)**

نەخۆشخانە بەسەر ببات تا چارەسەرەکانی وەردەگرت. دووای مانگێك لە نەشتەرگەری بە ناچاری چوومە وڵاتی ئەردەن بۆ دووبارە پشکنین و دڵنیابوون لە جۆری کیمیاوی کە وەری دەگرم. چونکە ئەو کاتە ئامێری باشمان نەبوو لە نەخۆشخانەکانی هەرێم. لەوێ دیسان هەموو پشکنینەکانم بۆ دووبارە کرایەوە لە نەخۆشخانەی خالیدی و نەخۆشخانەی حسێن بۆ شێرپەنجە. نەشتەرگەری دووەمم لەوێ بۆ ئەنجام درا، دواتر چارەسەرم بۆ دەسنیشان کرا و گەڕامەوە کوردستان. ٢٥ جەلەسەی لیزەرم لە نەخۆشخانەی ڕزگاری وەرگرت، ناخۆشترین ڕۆژگارم لەوێ بەڕێ کرد. لەو کاتانە لەگەڵ ئەو نەخۆشانەی کە قژ بە سەریانەوە نەمابوو، لەگەڵ ئەوانەی ڕەنگیان هەڵبزڕکابوو، لەگەڵ ئەوانەی هێز لە لەشیاندا نەمابوو، لەسەر عارەبانە پاڵیان پێوە دەنان، ئیتر دڵم ببوو بە پارچە خەڵووزێکی ڕەش .

دواتر ڤیزەی وڵاتی ئەڵمانیام وەرگرت و بە دیداری خوشك و براکانم شاد بوومەوە و لەوێ چومە نەخۆشخانەی شاری هانۆڤەر. دەستم بە چارەسەر کرد، نازانم چی بڵێم و چی باس بکەم دەربارەی جیاوازیی دکتۆر و نەخۆشخانەو کارمەندی وڵاتی ئەڵمانیا و ئەوانەی لای خۆمان. بەڕاستی ئێستاش دڵم بۆ توشبووانی ئەو دەردە نەگریسە لەم کوردستانە بەپەرۆشە. هەرچەندە لەم چەند ساڵەی دوایی ئامێری باش و چارەسەری باش گەیشتە کوردستان، بەڵام خەڵکی لە ژێر فشارێکی دەروونیی گەورەدایە. لەبێ دەرامەتی و بێ خزمەتی و کەمی و خراپیی دەرمان و چارەسەر. لە ساڵی ٢٠١٣ ئازیزترین کەس لە ژیانم کە دایکم بوو، بەو دەردە وەفاتی کرد. بە بەرچاومەوە دایکم دەپووکایەوە. بەداخەوە گەیشتبووە دوا قۆناغ لەو نەخۆشییە، بۆیە بە کەمتر لە دوو مانگ گیانی سپارد. ڕۆحی شاد بێت، ئەو کارەساتە کاریگەریی خراپی لەسەر دەروونم دروست کرد و دوای چەند مانگێك دیسان تووشی بوومەوە. ئەمجارە لە زێ (رەحم)م وردە گرێ و کیسی ئاو لەسەر هەر هێلکەدانەکانم پەیدا بوون و بوونە مایەی ترس و دڵەڕاوکێم. دیسان بە زووترین کات خۆم گەیاندەوە وڵاتی ئەڵمانیا. دیسان نەشتەرگەری و چارەسەری خێرا وای کرد ئەو دەردە ببێتە هەڵامەتێك لەلای من. کەوتمە گەڕان و گەشت بە وڵاتانی ئەوروپادا. دکتۆرەکەم پێشنیاری ئەوەی بۆ کردم دەیزانی لە کۆمەڵگەیەکی پڕ دەردەسەرییەوە بارگەم تێکناوە بە مەبەستی دووبارە ژیانکردن. ئەڵمانیا دووەم دایکمە، چونکە باوەشی میهری و خۆشەویستی بۆ کردمەوە، لەوێ بۆ دووەم جار ژیانیان پێم بەخشییەوە. لەوێ تێگەیشتم کە ئەم دەردە بە تۆزێ حەسانەوە و پشوودان و چارەسەر کۆتایی دێت. بەڵام دیسانەوە جارێکی دی لە ساڵی ٢٠١٩ ترسی ئەوەم لێ نیشت، شێرپەنجە بەرۆکی گرتبم. غوودەکانم سست بوون و لەکار کەوتبوون. سەردانی هەندێ پزیشکم کرد لێرە و هەندێ ڕێنماییان کردم تا گەیشتمەوە وڵاتی ئەڵمانیا و چارەسەرم بۆ کرا، ئێستاش بەردەوام لەژێر چاودێریی پزیشکدام و چارەسەرم هەیە، بەڵام ژیانێکی زۆر ئاسایی بەسەر دەبەم، چونکە تامی مردنم کردووە، ئێستا ژیانم لە لا خۆشەویستتر بووە».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە ئەو هێزە زۆرەت لە کوێ هێناوە بۆ بەرەنگاربوونەوە و زاڵبوون بەسەر نەخۆشیەکەتدا؟ سروە عوسمان گوتی: «کاتێ جەستەم بەر شاڵاوی دەردی نەگریسی شێرپەنجە کەوت؛ بێ بەزەییانە هەرجارەو بە تیغێك دادڕیان کرد، ڕۆحیشم پارچە پارچە بوو؛ پارچەیەك نێژرا؛ پارچەیەك هەتیو؛ پارچەیەك سزادراو و لە جەستەدا بەجێماو؛ فرمێسکە خوێناوییەکانی چاوی دایکم و خەم و پەژارەی باوکم و ڕەنگ زەردی و دڵەڕاوکێی خوشك و براکانم و سەرسوڕمانی جگەرگۆشەکانم لەم دەردە کتوپڕەی دایکیان؛ بێنازی و هەناسەی ساردی هاوسەرەکەم و ڕووانینی ئازیزان؛ هەموو ئەوانە هەژاندمی لە ناخەوە؛ نەمویست ڕێز و خۆشەویستیی هەموویان ببێتە بەزەیی و لەو گۆشە نیگایەوە لێم بڕوانن - ویستم پێیان بڵێم: دەمەوێت بۆ ئێوە بژیم. بۆیە هەموو ئیرادەی نوستووم بە گەڕخست و هەزاران هەزار نەفرەتم لە تەوێڵی ئەو قەدەرە کرد؛ هەزاران هەزار نەفرەتم لە دیداری مەرگ کرد؛ سوێندم بە پاکی فرمێسکەکانی چاوی دایکم خوارد؛ کە بەهێز و ئیرادەوە هەردووکیان بنێژم (دەرد و مەرگ) بۆیە زۆر ئازایانە بەرەنگاری خانەی شێرپەنجەیی بوومەوە و بە ورەی بەرز و پۆڵاییینەوە؛ بە خۆشەویستی و پشتگیریی هاوسەر خێزان و براکانم و خۆشەویستیی هەمووان و دڵسۆزی هاوڕێیان، توانیم زاڵ بم بەسەر ئەو پەتایەی ناوی نراوە شێرپەنجە».

وەك پەیامیشی بۆ توشبووانی شێرپەنجە و بەتایبەت خانمانی توشبوو گوتی: «ئێستا من پاڵەوانێکی شێرپەنجە بەزێنم. ژنێکی مرۆڤدۆستم. یارمەتیی هەموو تووشبووان دەدەم. سەردانیان دەکەم. قسەیان بۆ دەکەم. لێرەوە دەنگم بەرز دەکەمەوە و بە هەموو تووشبووان دەڵێم و بەتایبەتی خانمان . شێرپەنجە نەخۆشییەکە وەکو هەر نەخۆشییەکی دیکە و چارەسەری هەیە و ئەو مەترسیدارە نییە. کاتێ تۆ بڕیار دەدەیت بیبەزێنیت، تۆ گەورەترین هێز لە خۆتدا دەبینییەوە. ژیان شایانی ئەوەیە بۆی بجەنگیت. بەوەش ژیان جوانتر دەبینیت، چونکە ڕووبەڕووی نەخۆشییەك دەبیتەوە، کە فێرت دەکات ڕێز لە مرۆڤبوونی خۆت بگریت. ئەگەر تۆ بە دەروونێکی فراوانەوە بەرەنگاری ببیتەوە، ئەو کاتە دەبینیت شێرپەنجە چەند بچووکە لەچاو گەورەیی تۆی مرۆڤ.

تەنیا هۆشیاری و دڵنیابوون لە تەندروستیت بە

پشکنینی بەردەوام زامنی ژیانێکی ئاسوودەیە و ئومێد دەکەم شێرپەنجە وەکو پەتایەك سەیر بکەن و نەهێڵن ژیانتان تێك بدات. ئێوە لە هەموو دەردێك گەورەترن .بە هیوای سەلامەتی و چاکبوونەوەی هەموو تووشبووان».

د. سەرکەوت مەجید خۆشناو پزیشکی ڕاوێژکار بۆ چارەسەری گرێ و نەخۆشییەکانی شێرپەنجە، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «شێرپەنجەی مەمك باوترین شێرپەنجەی ئافرەتانە و دووەم هۆکاری مردنی ئافرەتانە لە دوای شێرپەنجەی سییەکان. لە زۆربەی وڵاتانی جیهان، لە هەر هەشت ئافرەت یەکێك تووشی شێرپەنجەی مەمك دەبێت. ساڵانەش زیاتر لە یەك ملیۆن کەس تووشی شێرپەنجەی مەمك دەبن.

شێرپەنجە بریتییە لە نەخۆشکەوتنی جینەکان. خانەکانی لەشی مرۆڤ بە سیستەمێك بەڕێوە دەچن، کە لەلایەن جینەکانەوە دیاری دەکرێت. بۆیە ئەگەر هەڵە لە کاری جینەکان دروست بوو، ئەوا هەڵە لە سیستەمی بەڕێوەچوونی خانەکان دروست دەبێت.

چەند هۆکارێکی بۆماوەیی و ژینگەیی بە یەکەوە دەچنە پاڵ یەك و دەبنە هۆی دروستبوونی بازدان لە جینەکان، کە دیارترینیان ئەمانەن:

هەتا تەمەن زیاتر بێت، ئەگەری ڕوودانی هەڵە لە کاری جینەکان زیاتر دەبێت، چونکە لە ناو خانەکانی لەش سیستەمی ڕێگریکردن لە ڕوودانی هەڵەی جینەکان هەیە، ئەو سیستەمە لەگەڵ زیادبوونی تەمەن بەرەو لاوازی دەڕوات. بە ڕێژەی ٨٠٪ شێرپەنجەی مەمك لەو ئافرەتانە ڕوو دەدات کە تەمەنیان لە پەنجا ساڵ زیاترە.

- ڕەنگی پێست: لە ئەمریکا و ئەوروپا ئافرەتە سپی پێستەکان زیاتر تووشی شێرپەنجەی مەمك دەبن، بە بەراورد لەگەڵ ئافرەتە ڕەش پێستەکان.

قەڵەوی: دوای تەمەنی پەنجا ساڵی، ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجەی مەمك دوو جار زیاترە لە ئافرەتانی قەڵەو بەراورد لەگەڵ ئەو ئافرەتانەی کە قەڵەو نین.

- درێژیی باڵا: لە توێژینەوەیەك تێبینی کرا، کە ئەو ئافرەتانەی درێژیی باڵایان لە ١٧٥سم زیاترە، ئەگەری تووشبوونیان بە شێرپەنجەی مەمك بیست لە سەد زیاترە بەراورد لەگەڵ ئەو ئافرەتانەی درێژییان لە ١٦٥سم کەمترە.

- هۆکارە هۆڕمۆنییەکان: ئەو هۆکارانەی کە وادەکەن خانەکانی مەمك زۆرتر بکەونە ژێر کاریگەریی هۆڕمۆنەکان، بریتین لە:

دەستپێکردنی سووڕی مانگانە لە تەمەنێکی بچووك، ڕاوەستانی سووڕی مانگانە لە تەمەنێکی گەورە، شیرنەدان، منداڵ نەبوون و بەکارهێنانی هۆڕمۆنی ژنانە.

هاوکات تێبینی کراوە کە ئەو ئافرەتانەی بە شێوەیەکی بەردەوام وەرزش دەکەن، ئەگەری تووشبوونیان ١٠٪ کەمترە.

خواردنێك کە دەوڵەمەند بێت بە سەوزە و میوە، ماسی و ڕۆنی زەیتوون ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجەی مەمك کەم دەکاتەوە، بەڵام کاریگەریی چەوری و گۆشت یەکلا نەبووەتەوە.

هۆکارە هەڵسوکەوتییەکان:

- خواردنەوەی کحول

- جگەرە کێشان

- کارکردن بە شەوان بۆ ماوەیەکی زۆر ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجەی مەمك زیاد دەکات.

- وەرگرتنی چارەسەری تیشکی بۆ گرێ لیمفاوییەکانی سنگ (بۆ نموونە بۆ چارەسەری لیمفۆما) ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجەی مەمك زیاد دەکات.

هۆکارە بۆماوەییەکان:

ئەو ژنانەی کە کەسێکی نزیکیان تووشی شێرپەنجەی مەمك بووە، ئەگەری تووشبوونیان زیاترە. بەڵکو شێرپەنجەی هێلکەدانیش لە کەسێکی نزیك ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجەی مەمك زیاد دەکات. .

(لەگەڵ ئەوەی کە ئەگەری تووشبوونیان زیاترە لە ڕووی زانستی پزیشکییەوە)، تەنانەت زۆربەی ئەوانەی تووشی شێرپەنجەی مەمك بوون، هیچ کەسێکی نزیکیان پێشتر تووش نەبووە.

پێشتر ئەو گومانە بڵاو ببووەوە کە گوایە ستیان جووڵە و تێپەڕبوونی شلەی لیمف لە بۆڕیە لیمفاوییەکانی ناو مەمك سست دەکات، یان ڕای دەگرێت و دەبێتە هۆکارێك بۆ تووشبوون بە شێرپەنجەی مەمك، بەڵام توێژینەوەیەکی نوێ کە زیاتر لە ١٥٠٠ ئافرەت باشدارییان تێدا کردبوو، پیشانی دا کە هیچ پەیوەندییەك لە نێوان شێرپەنجەی مەمك و لەبەرکردنی ستیان نییە.

هاوکات بەپێی ئەو توێژینەوانەی هەتا ئێستا کراون، پەیوەندیەکی بەهێز لە نێوان بەکارهێنانی حەبی مەنعی سکپڕی و شێرپەنجەی مەمك تێبینی نەکراوە».

د. سەرکەوت خۆشناو لە درێژەی وتەکانیدا ئامۆژگاری خانمان دەکات و دەڵێت: «پشکنینی پێشوەختە(Screening) ڕێژەی مردن کەم دەکاتەوە و شێرپەنجەی مەمك لە قۆناغێکی زۆر سەرەتایی دەستنیشان بکرێت، چارەسەری ئاسانتر دەبێت.

بەداخەوە شێرپەنجەی مەمك پاش چارەسەرکردن توانای گەڕانەوەی هەیە، بۆیە ئەو نەخۆشانەی کە بە سەرکەوتوویی شێرپەنجەکەیان چارەسەر کراوە، دەبێت لەلایەن پزیشکێکی پسپۆڕی شێرپەنجە ناوە ناوە ببیندرێنەوە و پشکنینیان بۆ بکرێت بۆ ئەوەی ئەگەر نەخۆشییەکە گەڕاوە، زوو بزانرێت و چارەسەری پێویستی بۆ بکرێت».

**بە وەرەی بەرز و پۆڵایینەوە؛ بە خۆشەویستی و پشتگیریی هاوسەر خێزان و براکانم و خۆشەویستیی هەمووان و دڵسۆزی هاوڕێیان، توانیم زاڵ بم بەسەر ئەو پەتایەی ناوی نراوە شێرپەنجە**

**دوای تەمەنی پەنجا ساڵی، ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجەی مەمک دوو جار زیاترە لە ئافرەتانی قەڵەو بەراورد لەگەڵ ئەو ئافرەتانەی کە قەڵەو نین**

**توێژینەوەیەکی نوێ کە زیاتر لە ١٥٠٠ ئافرەت باشدارییان تێدا کردبوو، پیشانی دا کە هیچ پەیوەندییەک لە نێوان شێرپەنجەی مەمک و لەبەرکردنی ستیان نییە**

# فۆلكلۆر هۆكاری بەردەوامیمە لە بواری هونەری

## دیلما سۆفی بۆ گوڵان:

دیلمان سۆفی، خەڵكی شاری كۆبانێی ڕۆژئاوای كوردستانە و كچی هونەرمەند حسێن سۆفییە، لە تەمەنێكی زوودا هاتووەتە ناو جیهانی هونەر و توانیویەتی بە بە شداریكردن لە بەرنامەی كورد ئایدڵ، بەهرەكانی خۆی بخاتە ڕوو، كە توانی بگاتە قۆناغە پێشكەوتووەكان.
لە هەڤپەیڤینێكدا دلما بەم شێوەیە وەڵامی چەند پرسیارێكی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.



*** ئاستی هونەری کوردی لە باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان چۆن دەبینیت؟**

- پێموایە هونەری کوردی لە ڕۆژئاوا و باشووری کوردستان و پارچەکانی دیکەش بەرەوپێش دەچێت، بۆیە دەبینین هونەرمەندی لاو هەن کە هونەری کوردی بە باشترین شێوە پێشکەش دەکەن، بەتایبەت هونەری ڕەسەنی کوردی کە نموونەی پێشکەوتنی هونەری کوردین لەم قۆناغەی مێژووی گەلی کورددا.

* ئەی تا چەند گرنگی بە فۆلکلۆر دەدرێت؟

- هونەرمەندە گەنجەکان پێویستە ڕەسەنایەتیی گۆرانییە کۆنەکانی کوردی بپارێزین، من زۆر حەزم لە پێشکەشکردنی گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانە و سەرسامم پێیان، ماوەیەك پێش ئێستا گۆرانییەکی هونەرمەندی گەورە جوان حاجۆم گوتووە، دەمەوێت بەردەوام بم لەم ڕێبازە، لە هەمان کاتدا پارێزگاری لە زیندوویی و ڕۆحی گۆرانییە ڕەسەنەکان بۆ ئەوەی نەوەکانی داهاتوو لەبیریان نەکەن، بۆیە جگە لە گۆرانییە نوێ و مۆدێرنەکان، بەردەوام دەبم لە گۆرانیی فۆلکلۆر و پێشکەشکردنیان بە جەماوەری خۆشەویستم لە هەموو پارچەکانی کوردستان، بە بێ جیاوازی.

*** کێ یارمەتیت دەدات لە کارە هونەرییەکانتدا؟**

- جگە لە باوکم کە زۆر هاوکاریم دەکات، من لە خێزانێکدا پەروەردە بووم کە هونەری کوردییان خۆش دەوێت، بۆیە هاوکار و پاڵپشتی منن لە هەموو ئەو کارانەی کە پێشکەشی دەکەم، کۆنسێرت بێت یان کلیپی تۆمارکردن، بەم شێوەیە هێز و بەردەوامیم لە پشتیوانی خێزانەکەمەوەیە، کە هونەریان خۆش دەوێت و دەتوانم بڵێم خێزانەکەم خێزانێکی هونەرییە.

لە لایەکی دیکەیشەوە هەرچەندە لە تەمەنێکی بچووکدا چوومەتە ناو هونەرەوە، بەڵام کەسانێك هەن کە هاوکارییان کردووم، لەوانە مامۆستامەحموود عەزیز شاکر کە هاوکارم بووە بۆ بەردەوامبوون لە گۆڕەپانی هونەری و پێشکەشکردنی بەرهەمی نوێ.

*** بۆچی هەمیشە بە جلی کوردی ڕەسەنەوە دەتبینین؟**

- من هونەرمەندێکی کوردم و ڕەسەنایەتیی کوردیم خۆش دەوێت، بۆیە دەمەوێت هونەری کوردی و کلتووری کوردی نمایش بکەم و، گرنگی بە دەرکەوتنم بە جلی کوردییەوە لە بۆنە و ئاهەنگ و تەنانەت لە کلیپەکانیشدا بدەم، چونکە شانازی بە کوردبوونمەوە دەکەم.

*** ئایا بەرهەمی هونەریی تایبەت بە ئافرەتی کوردتان پێشکەش کردووە؟**

- بەداخەوە تا ئێستا هیچ گۆرانی و بەرهەمێکی هونەریم بەتایبەتی بۆ ئافرەتی کورد پێشکەش نەکردووە، هەرچەندە ئافرەتی کورد ڕۆڵێکی سەرەکیی لە ژیان و خەباتی نەتەوەیەتیدا هەبووە و ئێستاش بەردەوامە، پەنا بە خودا لە داهاتوودا بەرهەمی هونەریم دەبێت تایبەت بە قوربانیدانی ئافرەتی کورد بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی و لە پەروەردەکردن و بنیاتنانی کۆمەڵگەی کوردی بە باشترین شێوە.

*** پەیوەندیت لەگەڵ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چۆنە؟**

- تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و سۆشیال میدیا ڕۆڵێکی سەرەکی و کاریگەریان هەیە لە ژیانی هەموو تاکەکاندا، بەتایبەت هونەرمەندان، هونەرمەند هەیە بەرهەمی هونەرییان کەمە، بەڵام لەبەر ئەوەی پشت بە سۆشیال میدیا دەبەستن، دەیانبینین لە ناو خەڵکدا ناوبانگێکی زۆریان پەیدا کردووە.

منیش گرنگیی بە سۆشیال میدیا دەدەم، چونکە ئاسانترین و خێراترین ڕێگەیە بۆ گەیشتن بە جەماوەر و پەیوەندیکردن پێیان، بۆیە بەشێکم لە کاتی خۆم تەرخانکردووە بۆ سۆشیال میدیا.





# کارۆل سەماحە نهێنییەکی گەورە ئاشکرا دەکات

خانمە هونەرمەندی لوبنانی کارۆل سەماحە ئاشکرای دەکات کە لە منداڵیدا لەلایەن یەکێك لە کەسوکارەکانییەوە تووشی دەستدرێژی بووە، دووپاتیشی کردووەتەوە کە کەسەکە هەڕەشەی کوشتنی لێ کردووە.

سەماحە لە میانی دەرکەوتنی میوانی لە ئەڵقەی یەکەمی بەرنامەی (زەمەن)، کە لەلایەن ڕۆژنامەنووس (ڕاغیدا شەلەوب) پێشکەش دەکرێت، ڕایگەیاندووە کە کاتێ تەمەنی حەوت ساڵان بووە، بۆ یەکەمجار تووشی دەستدرێژیی جەستەیی بووە، ئەو کات بە هۆی بچووکیی تەمەنییەوە بە تەواوی وشیاریی نەبووە دەربارەی ئەم بابەتانە.

ئاماژەی بەوەشکرد، لە تەمەنی دە ساڵیدا جارێکی دیکە تووشی بووەتەوە، ئەو کات هۆشیارییەکەی زیاتر بووە، ئەمەش وای کردووە بابەتەکە لە خێزانەکەی بشارێتەوە، بەڵام هەڕەشەی لە هەراسانکەرەکە کردووە کە خزمی ئەو بووە، تا ئاشکرای بکات و کۆتایی بە ژیانی بهێنێت ئەگەر جارێکی دیکە بچێتەوەماڵیان.

ڕوونیشی کردەوە، ئەم ئەزموونانە وای لێ کە کردووە زیاتر وریا بێت لە پۆشینی جلوبەرگدا و خۆی لە چوونەدەرەوە لەگەڵ هاوڕێکانی لە شەواندا بەدوور بگرێت.

کارۆل باسی لە ئەزموونی خۆی کرد لە ژیانی هاوسەرگیریی تێکەڵاودا و دەڵێت: «من ئایینەکەمم خۆش دەوێت کە مەسیحییە و ئایینی هاوسەرەکەشم خۆشدەوێت کە موسڵمانە، چونکە موسڵمانێکی ڕاستەقینە و چاکە،

لەگەڵیدا سوودەکانی موسڵمانی ڕاستەقینەم بینی، پرسیار لە قورئان و ئەو فەلسەفەیە دەکەم کە لە ئایەتەکانیدا دەبینرێت و وەلیدیش بە هەمان شێوە دوعای مەریەمی پاکیزە دەخوێنێتەوە و ڕێز لە مەسیح دەگرێت".

کارۆل ئاماژەی بەوە دا کە «پێویستە پێش هاوسەرگیری لەسەر ئەم بابەتە ڕێککەوتن بکرێت و ئەگەر ئە و دوو کەسە بە ڕووی ئایینەکانی یەکتردا کراوە نەبن، کێشە لە پێو ندییە هاوسەرگیرییەکەدا ڕوو دەدات».

ئاماژەی بەوەشکرد: «تالەی کچم ئایینی مەسیحی و ئیسلامی وەرگرتووە و بە شێوازی ئیسلامی نوێژ دەکات، لەگەڵم نوێژ دەکات و لەگەڵم دەچێت بۆ کڵێسا، وەلیدی هاوسەریشم ئەم شتە دەزانێت».

ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: «هیچ ترسێکم نییە لەوەی کە لە نێوان ئەو دوو ئایینەدا بڵاو بێتەوە، بەڵکو هۆشیارییەکەی زیاتر دەبێت، چونکە بە بۆچوونی من هاوسەرگیریی تێکەڵاو تێگەیشتنی نەوەکانمان بۆ دابین دەکات، کە زیاتر قبووڵکەری ئەوانی دیکە بن، بەتایبەتی کە ئامانجی هەموو ئایینەکان خۆشەویستی و لێبوردەییە و هەموو ئایینەکان بە شێوازی جیاواز لە بەهاکاندا کۆ دەبنەوە.»

**سەرچاوە: لها**



# بریتنی سپێرز ددان بەوەدا دەنێت کە تەقلیدی شاکیرا دەکات

گۆرانیبێژی ئەمریکی (بریتنی سپێرز) ددانی بەوەدا نا کە ئەو چەقۆیانەی لە ڤیدیۆیەکدا بەکاری هێناوە، کە بەم دواییە بڵاوی کردەوە، ڕاستەقینە نەبوون، هەروەها هەوڵ دەدات لە سەماکردندا لاسایی شاکیرا بکاتەوە کە بەڕەچەڵەک لوبنانییە.

ئەوەشی ڕاگەیاند کە شاکیرا هونەرمەندە دڵخوازەکەیتی و نمایشەکانی ئیلهامبەخش بوون بۆم! سڵاو بۆ ئێمە، ئەو کچە بوێرانەی کە لە بەزاندنی سنوورەکان ناترسن.

بریتنی لە پۆستێکدا لە هەژماری خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئینستگرام نووسیویەتی: «دەزانم پۆستەکەی پێشووم هەمووانم تووشی دەمارگیری کردووە، بەڵام ئەمانە چەکی ڕاستەقینە نییە کە تیمەکەم لە فرۆشگای هاند پرۆپ لە لۆس ئەنجلۆس بە کرێیان گرتووە، ئاماژەی بەوەش کرد، ئەمانە چەقۆی ڕاستەقینە نین، کەس پێویست ناکات نیگەران بێت و پەیوەندی بە پۆلیسەوە بکات»

پۆلیسی ئەمەریکا گۆرانیبێژی ئەمریکی بریتنی سپێرزی لەسەر ڕێگە خێراکانی ویلایەتی کالیفۆرنیا ڕاگرت، هەروەها بلیتێکی دژی دەرکرد بەهۆی ئەوەی بەبێ مۆڵەت ئۆتۆمبێلی لێخوڕیوە.

بەگوێرەی ماڵپەڕی (Page Six) بەڵگەنامەکانی دادگا دەریدەخەن کە ڕووداوەکە لە ١٠ی ئەیلولدا ڕووی داوە، تەنها مانگێك دوای ئەوەی سام ئەسغەری هاوسەری پێشووی داوای جیابوونەوەی لێکرد.

ماڵپەڕەکە لە زاری سەرچاوەیەکی نزیك لە ئەستێرەکە نووسیویەتی کە مۆڵەتی شۆفێری و بیمەی هەیە، بەڵام لەبیری کردووە بیانخاتە ناو ئۆتۆمبێلەکەیەوە.

پۆلیس بریتنی بە بڕی ١١٤٠ دۆلار غەرامە کرد، کە دەبێت تا ٢٤ی تشرینی یەکەم لە دادگادا بیدات.

ئەوەی جێگەی سەرنجە لەم بەروارەی سەرەوە ئەوەیە کە ئەو بەرواره دەبێت کە بیرەوەرییەکەی بە ناوی (The Woman In Me) بڵاو دەکرێتەوە.



ژیار ئیسماعیل :

# شانۆ کاریگەریی بنچینەیی لەسەر کۆمەڵگە و ژینگە و شێوازی ژیانی تاک هەیە

خانمە هونەرمەند ژیار ئیسماعیل یەکێکە لەو ئەکتەرانەی کە شوێنپەنجەی لە نێو شانۆی کوردیدا دیارە، بەشداریی چەندین شانۆگەریی کردووە، خاوەنی خەڵاتی باشترین ئەکتەری فیستیڤاڵی شانۆی منداڵان بووە لە هەولێر، کارەکانی لە کوردستان و چەند وڵاتێکیش نمایش کراوە، لەم ماوەی دواییدا توانیی بڕوانامەی لە بوارەکەی خۆیدا بەدەست بهێنێت. ئێمە بۆ زیاتر ئاشنا بوون بە کار و چالاکییەکانی ئەم هەڤپەیڤینەمان لەگەڵ سازدا.

هەڤپەیڤین: کامەران حاجی ئەلیاس

*** سەرەتا پێمان باشە باس لە چۆنییەتی ئاشنابوونت بە هونەری شانۆ بکەیت ؟**

- ناوی تەواوم ژیار ئیسماعیل حەوێزە، ساڵی ١٩٨٩ لە هەولێر لەدایکبووم، دەرچووی پەیمانگە و کۆلێژی هونەرە جوانەکانی هەولێرم لە بەشی شانۆ/ نواندن، هەڵگری بڕوانامەی ماستەرم لە زانکۆیی سەلاحەددین-هەولێر ساڵی ٢٠٢٢ بە ناونیشانی ( ئەرکی پێداگۆجی نوێ لە نمایشی شانۆی منداڵان)، نزیکەی لە ٢٥-٣٠ نمایشی شانۆییدا وەك ئەکتەر بەشداریم کردووە، خەڵاتی باشترین ئەکتەری شانۆی منداڵان پێ دراوە لە فیسڤاڵی شانۆی منداڵان لە هەولێر لە ساڵی ٢٠١٠، بەشداریی چەندین نمایشی شانۆییم کردووە لە (تورکیا، ئێران، سوید، ئەڵمانیا) مامۆستام و لە بەڕێوەبەرایەتیی چالاکیی قوتابخانەکان خزمەت بە جیهانی منداڵان و شانۆی قوتابخانەکان دەکەم، ئاشنا بوونم بە هونەری شانۆ دەگەڕێتەوە بۆ خانەوادەکەم، باوکم لە ساڵی ١٩٥٢ لە شاری ڕانیە وەك ئەکتەر ڕۆڵی گێڕاوە، دوو خوشکم دەرچووی شانۆ و ئەکتەری دیارن، ئەمە جگە لە کەسە نزیکەکانی ناو بنەماڵەکەم کە ئەکتەر و شێوەکار و میوزیکژەنی بە توانان، بۆیە ئەو جیهان و ژینگەیەی من تێیدا گەورە بووم، زۆربەیان هونەرمەند بوون، کە بۆ من بوونەتە ڕێنیشاندەر و جێگەی شانازین.

*** ئێوە لە خێزانێکی هونەرین تاچەندماڵەوە هۆکار بوون بۆ ئەوەی هونەری شانۆ هەڵبژێرێت؟**

- کاریگەریی زۆر ئەرێنییان لەسەرم هەبووە، وە دایك و باوك و خوشك وبراکانم هەمیشە پاڵپشت و ڕێنماییکارم بوون و هەمیشە هۆکاری بڕوابەخۆبوون و بەردەوامیی منن، ئەمەش وای کردووە بەردەوام بم و دانەبڕێم و، هەمیشە کارەکەم، پیشەکەم، هونەرەکەم بە بەرزی سەیر بکەم و دڵسۆز بم بۆیان.

*** سەرەتا بە هونەری نواندن دەستت پێ کرد، بەڵام بەم دواییانە کاری دەرهێنانیشت کردووە، زیاتر خۆت لە کامەیان دەبینیتەوە؟**

- من لە پەیمانگا و کۆلێژی هونەرە جوانەکان پسپۆڕیی نواندنم تەواو کردوە، هەمیشە داتواناکانی خۆمم لە ئەکتەر و بەرجەستەکردنی ڕۆڵدا بینیوەتەوە، بەڵام هەر لەوە نەمامەوە دەستم بەکاری دەرهێنان کرد بۆ نمایشی شانۆی منداڵان کە لە فیستیڤاڵی چالاکی قوتابخانەکان نمایش کرا بە ناوی (سەمای کچە پەمەییەکان ) هەستم کرد دەتوانم لە دەرهێنانیش سەرکەوتوو ببم تا بتوانم زیاترخزمەت بە هونەری شانۆ و نمایش و جیهانی منداڵان بکەم، بەڕای من ئەکتەری سەرکەوتوو دەتوانێت ببیە دەرهێنەر و ڕاهێنەری باش.

*** هونەرمەندێکی دیاریکراو هەیە کاریگەریی لەسەرت هەبوویێت؟**

- کە گوتمان هونەر، واتە بە هەموو بەشەکانییەوە، بۆیە دەڵێم بەڵێ، هەر هونەرمەندێك هونەرێکی ئاست بەرز پێشکەش بکات، بێگومان کاریگەریی دەبێت و چێ ژلە کارەکانی دەبینم و پێی دڵخۆش دەبم.

*** وەکو شانۆکارێکی ئەکادیمی لە ئێستادا شانۆی کوردی چۆن دەبینی؟**

- شانۆی کوردی خەریکە بەرەو دارمان و ڕووخان دەچێت، بەتایبەت لە شاری هەولێر کە ئەوەش جێگەی داخە.

*** چۆن دەڕوانیتە ڕەخنە و ڕەخنەگری شانۆ لە کوردستان؟**

- یەکێك لە گرنگترین ئەو هۆکارانەی کە لە کۆمەڵگەدا لە پێشکەوتن و گۆڕانکاریی ڕیشەییدا دەستی باڵای هەیە، ڕەخنەیە، تا ڕەخنە نەبێت بونیاد پێشکەوتن و گۆڕانکاری نابێت چونکە ڕەخنە ئاراستە و ڕێڕەوی ژیان بەرەوپێش دەبات و گۆڕانکاری دروست دەکات، و چارەسەری ئەو کێشانە دەکات کە بووەتە هۆی دەستنیشانکردنی ئەو کەموکورییەی لەو ناوەندەدا هەیە، بەڵام ئایا ئێمە لە شانۆی کوردیدا ڕەخنەگرمان هەیە؟ ئایا شانۆکاران ڕۆحی ڕەخنەلێگرتنیان هەیە؟ ئایا تائێستا دەرهێنەرانی کورد و شانۆکار لە حەز و ئارەزووەکانی بینەران شارەزان دەزانن ئەوان چییان دەوێت؟ بێگومان تا ڕادەیەکی زۆر وەڵامەکان نەخێرە، بۆیە ناتوانین نە ڕەخنەگری ئەکادیمی و نە شانۆیەکی باشمان هەبێت، دەتوانم بڵێم ڕەخنەگری شانۆی کوردی بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن.

*** تاچەند شانۆ کاریگەریی لەسەر کۆمەڵگە هەیە؟**

- هونەر بە گشتی و هونەری شانۆ بەتایبەتی کاریگەریی بنچینەیی لەسەر کۆمەڵگە و ژینگە و شێوازی ژیانی تاك هەیە، شانۆ دەتوانێت گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە کۆمەڵگەدا بکات و، بەشداریێت لە بەرەوپێشچوونی کایەکانی وڵاتدا، پاراستنی کلتور، بەها کۆمەڵایەتییەکان، هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی، هەستی نیشتمانپەروەری، ئەوەی زۆر گرنگە زۆربەی دەروونناسان و پەروەردەناسانی هاوچەرخ درکیان بە ڕۆڵی شانۆ کردووە لە پرۆسەی فێربووندا و، بە ڕێگەیەکی کاریگەر و باش دادەنرێت بۆ پەروەردەکردنی تاکێکی تەندروست لە ناو کۆمەڵگەدا. بۆیە شانۆ هەم ئاوێنەی گەلە، هەم ئاوێتەی گەلە .





ئیسرا سیامک

کچە یاریزانی کوردی تۆپی دەستی هەڵبژاردەی ئێران:

# هەوڵ دەدەم خزمەتی زیاتری تۆپی دەست بکەم و ئاستی باشتر پێشکەش بکەم



یانەکانی کوردستان لەگەڵ
ئەنجامدانی خول و پاڵەوانێتییەکانی تۆپی دەستی
لەسەر ئاستی کوردستان گرێبەست لەگەڵ چەندین یاریزانی پیشەگەر دەکەن، ئیسرا سیامك یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەڵبژاردەی کچانی ئێرانە، ماوەی چەند ساڵێکە لە خولەکانی کوردستان و عێراقی شانبەشانی یاریزانانی شارەکانی کوردستان شەڕی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە دەکات، ئەمساڵیش بە هۆی ڕێگەنەدانی لەلایەن دەستەی هونەریی هەڵبژاردەی ئێرانەوە نەیتوانی لە خولی نایابی کوردستان بەشدار بێت، ئیسرا کە ماوەیەکی زۆرە بەرگری لە درێسی یانەکانی کوردستان دەکات، لە دایکبووی ١٩٩٣ی شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەیە لەگەڵ تیپی تۆپی دەستی سنە، بۆ ئەمساڵ تاکو ئێستا گرێبەستی لەگەڵ هیچ یانەیەکی وڵاتی ئێران نەکردووە، پێشتریش یاریی بۆ هەریەکە لە یانەکانی قەڵا و ئافرەتانی هەولێر کردووە، گۆڤاری گوڵانیش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکی ئاراستە کرد، ئەویش وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی

*** لە ئێستادا ئاستی تۆپی دەستی چۆن دەبینی لە کوردستان؟**

- لە ساڵی ٢٠١٣وە بەشداریی پاڵەوانێتییەکانی کوردستان دەکەم، هەروەها بەشداریی خولی عێراقیش دەکەم، ئەم دوو ساڵە ئاستی تۆپی دەست زۆر بەرەوپێش چووە بەڵام، کەموکوورپی زۆری تێدایە، پێویستە هەوڵ بدەن بەرەوباشتر بڕوات.

*** ئەنجامەدانی پاڵەوانێتیی کەم تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە پێش نەکەوێت؟**

- دەبێتە هۆی ئەوەی کە یاریزانان نەتوانن پەرە بە جەستەی خۆیان بدەن، دەبێ هەوڵ بدرێ یارییەکان زیاتر بێت و پاڵەوانێتییەکان کاتی زۆرتری بدرێتێ، بۆ داهاتوو هەوڵ بدەین ئەنجامی باشترمان هەبێت و دەبێت سەیری ئاسیا و ئەوروپا بکەین.

*** پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی ئاستی یاریی تۆپی دەستی لە کوردستان بەرەوپێش بچێت؟**

- پێویستە ئەنجامدانی پاڵەوانێتیی زیاتر بە ماوەی درێژتر بۆ یارییەکان چوون و هاتن بێت و، گرنگیی زیاتر بە توانای یاریزانانیش بدرێت.

*** گرفتی یارییەکانی تۆپی دەستی لە چیدا دەبینی؟**

- گرفتەکان زیاتر بەڕێوەچونی خولەکانە بە شێوەی خێرا.

*** بۆچی ئێستا لە خولەکانی کوردستان نابینرێیت؟**

- زۆرم حەز دەکرد ئەمساڵ یاری بکەم بۆ یەکێك لە یانەکانی کوردستان و گرێبەستیشمان پێشکەش کرا بوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئێمە یاریزانی هەڵبژاردەی تۆپی دەستی ئێرانین و کەمپی مەشقیمان هەبوو، بۆیە نەمتوانی لەگەڵ یانەکانی کوردستان بەشداربم لە خولی تۆپی دەستی کوردستان.

*** بەنیازی چیی بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە یاریزانێك؟**

- هەوڵ دەدەم بتوانم خزمەتی زیاتری یاریی تۆپی دەستی بکەم و ئاستی خۆم زیاتر بەرەو پێش ببەم.

*** لەگەڵ ئەوەیت یانەکان پشت بە یاریزان و ڕاهێنەری بیانی ببەستن؟**

- لەگەڵ ئەوەم پشت بە یاریزانی بیانی ببەستن، زۆر جار کە دێمە کوردستان و یاری بۆ یانەکانی کوردستان و عێراق دەکەم، لە ناو مەشقەکان لەگەڵمانن، ئەو پیشەگەرانە زۆر سوودیان هەیە لە مەشق و یاریکردنیشدا بۆ ئەوەی شتیان لێوە فێرببین، لە زۆر وڵات یاریزانی پیشەگەر کە گرێبەستیان لەگەڵ دەکرێت بۆ بینینی سوودی زیاترە، ئەوە بۆ ڕاهێنەریش زۆر سوودی هەیە بۆ یانەکان و یاریزانانیش.

*** خەونی وەرزشیت چییە وەکو کە یاریزانێك؟**

- هەمیشە هەوڵ دەدەم بتوانم باشترین ئاست پێشکەش بکەم و بەردەوامیش هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی خەونەکەم بدەم.

*** جیاوازیی ئاستی تۆپی دەستی لە نێوان کوردستان و وڵاتی ئێران لە چیدا دەبینیت؟**

- ئێستا من یاریزانی هەڵبژاردەی ئێرانم، بەڵام کوردم، ئەمەش جیاوازیی زۆر هەیە بە حوکمی ئەوەی لە هەردوو خول یاریم کردووە، لە وڵاتی ئێران زیاتر بەرەوپێشچووە و هەوڵی بەرزبوونەوەی ئاستیان دەدەن، دەبێ کچەکانی کوردستانیش هەوڵی زیاتر بدەن بۆ ئەوەی لەشیان هەموو کات ئامادە بێت بۆ یارییەکان، دەبێ بیر بکەنەوە بۆ خزمەتی زیاتر و بەرەوپێشبردنی ئاستی ئەم یارییە

*** ئایا بڕیارت نەداوە بگەڕێیتەوە کوردستان بۆ یاریکردن؟**

- من لە ساڵی ٢٠١٣وە بۆ یانەکانی کوردستان و عێراق یاری دەکەم، بەڵام بۆ ئەمساڵ بەهۆی ئەوەی کە یاریزانی هەڵبژاردەی ئێرانین ڕێگەیان نەدا بەشداربین بۆ یاریکردن لە ڕیزی یانەکانی کوردستان، من هەموو کات حەز دەکەم یاری بۆ یانە کوردستانییەکان بکەم.

*** حەز دەکەیت یاری بۆ هەڵبژاردەی کوردستان بکەی ئەگەر تیپی تۆپی دەستی دامەزرا؟**

- من ناتوانم یاری بۆ هەڵبژاردەی کوردستان بکەم، چونکە چەندجارێك بەڵێنیان پێ دام، بەڵام هیچی جێ بەجێ نەکرا، حەزیش دەکەم یاری بۆ هەڵبژاردەی کوردستانیش بکەم.

*** لە ڕێگەیەکی دوورەوە دێیتە کوردستان بۆ یاریکردن، کێشەت بۆ دروست نابێت؟**

- نەخێر ئەوە حەزی خۆمە و حەز دەکەم یاری لە پاڵەوانێتییەکان بکەم وەکو یاریزانێك.

*** بە چ یاریزانێکی جیهانی سەرسامیت؟**

- بە یاریزان هانزسل زۆر سەرسامم و حەزدەکەم بە شێوازی ئەو یاری بکەم.

*** لە یانەکانی دیکەوە گرێبەستت هەبووە؟**

- بەڵێ گرێبەستم هەبووە، بەڵام نەمتوانی و داوای لێبوردنم لێیان کرد.



*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەو خزمەتەی وەرزشکاران لە شارەکانی کوردستان دەیکات.



# خولی ئیتاڵیا کەوتە گومانەوە

لەم ڕۆژانە لە ئیتاڵیا بابەتی گرەوکردنی یاریزانەکان لەسەر ئەنجامی یارییەکان بووەتە بابەتی سەردێڕی ڕۆژنامەکانی ئەم وڵاتە و جیهان سەرچاوەکانی ئەو وڵاتە بڵاویان کردووە ١٢ یاریزان لەسەر ئەم کەیسە لەلایەن پۆلیسەوە لەژێر لێکۆڵینەوەدان، کە بەشێکیان یاریزانی دیارن.

ناوەڕاستی هەفتەی ڕابردوو ئاشکرا بوو نیکۆلۆ فیگیۆلی یاریزانی لاوی یانەی یۆڤانتوس گرەوی لەسەر ئەنجامی یارییەکان کردووە دوای تێپەڕبوونی چەند ڕۆژێک ئاشکرابوو چەند یاریزانێکی دیکەش بە هەمان شێوە بە شێوەیەکی نایاسایی لە ماڵپەرە نایاساییەکان گرەویان لەسەر ئەنجامی یارییەکان کردووە.

یەکێک لەو یاسایانەی، کە فیفا و یوێفا بەردەوام جەختی لەسەر دەکەنەوە دوورکەوتنەوەی یاریزانانە لەسەر گرەوکردن لە ئەنجامی یارییەکان، بەڵام وەکو دیار لە ئیتاڵیا نزیکەی ١٢ یاریزانی دیار بە شێوەیەکی نایاسایی گرەویان لەسەر ئەنجامی یارییەکان کردووە.

دوای بانگهێشت کردنی یاریزانە لاوەکەی یانەی یۆڤنتوس بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر کەیسی گرەوکردن لەسەر ئەنجامی یارییەکان، دواتر دەرکەوت هەر یەکە لە نیکۆلۆ زانیۆلی و ساندرۆ تۆنالی هەردوو یاریزانانی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا گرەویان لەسەر ئەنجامی یارییەکان کردووە.

دوای ئاشکرابوونیان ئەو دوو یاریزانە، کە خەریکی خۆ ئامادەکردن بوون لەگەڵ هەڵبژاردەی وڵاتەکەیان بۆ پاڵاوتنەکانی یۆرۆی ٢٠٢٤، لە لایەن پۆلیسەوە بانگهێشتکران بۆ لێکۆڵینەوە بۆیە کامپی مەشق و ڕاهێنانەکانی هەڵبژاردەی وڵاتەکەیان جێهێشت.



فابریزیۆ کۆرۆنا ڕۆژنامەنوسی ئیتاڵی یەکەم کەس بوو ناوی ئەو یاریزانانەی ئاشکرا کرد، کە گرەیان لەسەر ئەنجامی یارییەکان کردووە ئەو ڕۆژنامەنوسە ئیتاڵیایە ئاشکراشی کردووە ژمارەی ئەو یاریزانانەی گرەیان لەسەر ئەنجامی یارییەکان کردووە نزیکەی ١٢ کەسن.

پۆلیسی ئیتاڵیا بەردەوامە لەسەر لێکۆڵینەوەکانی لەگەڵ ئەو یاریزانانەی ناویان ئاشکرا بووە، ئەگەر ئەم دەنگۆیانە ڕاست بن ئەوا چاوەڕێ دەکرێت تووشی سزای قورس ببنەوە و ڕەنگە ماوەیەک لە یاریگاکان دووربخرێنەوە.



## مۆرینهۆ نزیکە لە خولی سعودی

سعودیە خۆی بۆ گرێبەستێکی دیکە ئامادە دەکات و دەیەوێت ئەستێرەیەکی دیکە بباتە خولی وڵاتەکەی، بەڵام ئەمجارە وەک ڕاهێنەر نەوەک یاریزان.


بەپێی ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکان گفتوگۆکان لە نێوان سعودیە و مۆرینهۆ، ڕاهێنەری بەناوبانگی پۆرتوگالی و یانەی ڕۆما دەستیان پێکردووە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا جۆزێ ببێتە ڕاهێنەری یەکێک لە یانەکانی ئەو وڵاتە و ڕووبکاتە خولی سعودی.

تورکی ئەلخامدی ڕۆژنامەوانێکی سعودیە و دەڵێت: گفتوگۆکان بەخێراییەکی زۆر دەچنە پێشەوە ئەگەر هیچ شتێکی چاوەڕواننەکراو ڕوونەدات یانەیەکی گەورەی ئەورووپا نەیەتە پێشەوە مۆرینیۆ لە داهاتوویەکی نزیکدا لە خولی سعودی دەبینن.

بەپێی زانیارییەکان ئۆفەرێکی گەورە بۆ مۆرینهۆ ئامادەکراوە مووچەی ساڵانەی ڕاهێنەرەکە دەگاتە ٥٠ ملیۆن یۆرۆ، بەڵام هێشتا دیارنییە ئەگەر مۆرینهۆ بچێتە سعودیە دەبێتە ڕاهێنەری کام یانە.

هەوڵەکانی سعودیە بۆ ڕازیکردنی مۆرینهۆ بۆ ئەوەی بچێتە خولی ئەو وڵاتە لە کاتێکدایە پێشتر مۆرینیۆ ڕایگەیاندووە ئەوەی سعودیە دەیکات سەرنجڕاکێشە و لە داهاتوودا لەو خولەدا دەیبینن، بەڵام دیارنییە کەی.

هاوینی ڕابردوو سعودیە ئۆفەرێکی گەورەی پێشکەشی مۆرینهۆ کرد، بەڵام ڕاهێنەرەکە بەهۆی ئەوەی بەڵێنی مانەوەی بە یانەی ڕۆما دابوو بڕیاریدا ئەو ئۆفەرە ڕەت بکاتەوە و لەگەڵ یانە ئیتاڵییەکە درێژە بە کارەکەی بدات.



# پێش کلاسیکۆ هەردوو یانە تووشی گرفت بوون

هەفتەی داهاتوو یەکێک لە گرنگترین یارییەکانی ئەم وەرزەی خولی ئیسپانیا، کە هەموو جیهان چاوەڕێی دەکات ئەنجام دەدرێت، ئەویش یاری کلاسیکۆی نێوان ڕیال مەدرید و بەرشلۆنە، بەڵام ئەوەی بووەتە هۆی نیگەرانی هاندەرانی هەردوو یانە ژمارەی پێکانی یاریزانەکانە.

ڕیال مەدرید هەر لە سەرەتای ئەم وەرزەوە تووشی گرفتێکی گەورە بوو ئەویش پێکانەکەی تیبۆ کۆرتوا گۆڵپارێز بەلژیکی یانەکە بوو گۆڵپارێزی یەکەمی ریال مەدرید تاوەکو ئێستاش بەباشی چارەسەریەکانی وەردەگرێت، بەڵام یەکلایی بووە ناتوانێت لە کلاسیکۆ یاری بکات.

چەند هەفتەیەکی کەم بەسەر پێکانەکەی تیبۆ کۆرتوا تێپەڕی کردبوو ئەمجارەیان هەواڵێکی دیکەی چاوەڕواننەکراو گەیشت، ئەویش پێکانی ئیدیر میلیتاو بوو ئەو بەرگریکارەش بۆ یاری کلاسیکۆ ئامادە نابێت.

گرفتی پێکانی یاریزانەکانی ڕیال مەدرید بەردەوام بوو و ئەمجارەیان ئاردا گولەر و داڤید ئالاباش تووشی ئەو گرفتە بوو، بەڵام ئەو دوو یاریزانە بە پێچەوانەوە کۆرتوا و میلیتاو بۆ یارییەکەی کلاسیکۆ ئامادە دەبن و بە تەواوەتی لە پێکانەکەیان چاکبونەتەوە.

لە لایەکی دیکەوە بەرشلۆنە هەمان کێشەی ڕیال مەدریدی هەیە و ئەو یانەیەش گۆمان لە بەشداری کردنی چەندین یاریزانی پێکهاتەی سەرەکی بۆ یاری کلاسیکۆ دەکرێت.

لە هێلی بەرگری بەرشلۆنە کوندێ یاریزانی سەرەکی یانەکە بەم دواییە تووشی پێکان بووە سەرەتا پێشبینی دەکرا هیچ کێشەیەکی نەبێت بۆ یاریی کلاسیکۆ، بەڵام دوای ئەنجامدانی پشکنینە پزیشکییەکان دەرکەوت ئەو بەرگریکارەش لە کلاسیکۆ بێبەش دەبێت.

ئالێخاندرۆ بالدێ یەکێکە لە خەمە گەورەکانی چاڤی هێرناندێز ئەو بەرگریکارەی بالی چەپیش بەم دواییە تووشی پێکان بووە و ئەستەمە بۆ یاریی کلاسیکۆ ئامادەبێت.

ئەوەی چاڤی ڕاهێنەری بەرشلۆنە تووشی گەورەترین کێشە کردووە نەبوونی یاریزانە کاریگەرەکانی لە هێڵی ناوەڕاست پێدری ماوەیەکی زۆرە لە یاریگاکان دابڕاوە و فرانکی دی یۆنگ تا دوای کلاسیکۆ ناگەڕێتەوە هەرچەندە پێدری ماوەیەکە دەستی بە ئامادەکارییەکانی کردووە و ڕاهێنەری یانەکەشی گەشبینە، کە بتوانێت بۆ یاری کلاسیکۆ ئامادەبێت.

بەرشلۆنە یەکێکی دیکە لە کێشە گەورەکانی لە هێڵی پێشەوەیە ڕۆبێرت لیڤاندۆڤسکی و ڕافینیا و لامین یامال ئەو سێ یاریزانەش پێکانیان هەیە لیڤا ئەستەمە بەشداری کلاسیکۆ بکات و گەشبینیەکیش هەیە بۆ بەشداری کردنی یامال و ڕافینیا.

لە هەفتەی یازدەیەمی خولی ئیسپانیا لە ڕێکەوتی ٢٨ـی ئەم مانگە لە کاتژمێر ٠٥:١٥ خولەکی ئێوارە ڕیال مەدرید لە دەرەوەی یاریگەی خۆی دەبێتە میوانی بەرشلۆنە.



# پۆڵا ئازاد، بووە بچوکترین ڕاهێنەری نێودەوڵەتی لە هەرێم و عێراق

یاریزانی هەولێر و یانەی شەترەنجی خانزاد (پۆڵا ئازاد)ی تەمەن ١٨ ساڵ، بوو بە هەڵگری نازناوی بچوکترین ڕاهێنەری نێودەوڵەتی لە پلەی NI (National instuctor) لە مێژووی عێراق و هەرێمی کوردستاندا، دوای بەشداریکردنی لە خولی ڕاهێنەرانی نێودەوڵەتی، کە ئەکادیمیای یەکێتی شەترەنجی ئاسیا لقی هەولێر، کە بە هەماهەنگی لەگەڵ یەکێتی شەترەنجی عێراق لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان ئەنجامی دا.
یاریزانی نێودەوڵەتی (پۆڵا ئازاد) یەکێك بوو لەو ١٧ کوردەی کە بەشدارییان لە خولی نێودەوڵەتی بۆ پێگەیاندنی ڕاهێنەران کردبوو، کە تێدا ٤٠ ڕاهێنەر لە پێنج وڵاتی جیاواز بەشداربوون بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی نێودەوڵەتیی ڕاهێنەرایەتی، کە لەژێر چاودێریی یەکێتی شەترەنجی جیهانی FIDE و بە ئامادەبوونی دوو وانەبێژای نێودەوڵەتی باوەڕپێکراو (ئەمیر ڕەزا) لە وڵاتی ئێران و (مانڤێل ئاڤتسیان) لە وڵاتی ئەرمینیا ئەنجام درا، لەم بارەشەوە پۆڵائازاد بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بۆمن شانازییەکی گەورەیە کە توانیم ببم بە بچووکترین ناوبژیوانی یاریی شەترەنج، دەمەوێ لە ماوەی داهاتوودا هەم وەکو یاریزان و هەم وەك ڕاهێنەریش خزمەتی یاریی شەترەنج بکەم لە شاری هەولێر، ئەوەی لە توانامدابێت بۆ پێشکەوتنی ئەم یارییە لە پارێزگای هەولێر، ئەنجامی دەدەم، یاریی شەترەنج یەکێك لە یارییە گرنگەکانە لەسەر ئاستی جیهان، هەوڵیش دەدەم زۆرترین کەس فێری ئەو یارییە بکەم و هانیان بدەم بۆ ئەوەی بتوانین بۆ داهاتوو زۆرترین خەڵك پەلکێشی نێو ئەم یارییەی بکەین».






# هەولێر باوەشی بۆ پاڵەوانێتی بادمنتۆنی وڵاتانی ڕۆژئاوای ئاسیا کردەوە

لە هەولێری پایتەختی کوردستان لە هۆڵی داخراوی یانەی وەرزشی ئەکاد، بۆ یەکەمجار لە مێژووی عێراق و کوردستاندا، بە ئامادەبوونی چەندین بەرپرسی حزبی و حکومی لە هەردوو حکومەتی عێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان، پاڵەوانێتی بادمنتۆنی وڵاتانی ڕۆژئاوای ئاسیا بۆ ئاستی تەمەن ژێر(١٥-١٧)ساڵ دەستی پێکرد، یارییەکانی ئەم پاڵەوانێتییە بە بەشداری (٨٩) یاریزانی کوڕ و کچی وڵاتانی (عێراق، سووریا، لوبنان، بەحرێن، ئوردەن، فەلەستین) بەڕێوە چوو، لە نێو ئەم یاریزانانەش شەش یاریزانی کوردی ڕیزی هەڵبژاردەی عێراقی بەشداریی یارییەکانیان دەکرد، لە دەستپێکی پاڵەوانێتییەکەشدا بە ئامادەبوونی یاریزانانی بەشداربووی پاڵەوانێتیەکە هاتنە نێو گۆڕەپان و، دواتریش هەڵپەڕکێی فۆلکلۆری کوردی و سووری نمایش کرا، یارییەکانی پاڵەوانێتییەکەش بە بەشداریی کوڕ و کچە یاریزانانی هەڵبژاردە بەشداربووەکان، بۆ ماوەی هەفتەیەك بەڕێوە چوو، یاریزانانی توانییان ئاستێکی بەرزی پێشکەشی ئامادەبووان بکەن و، ڕکابەرییەکی بەهێز هەبوو لە نێوان یاریزانانی هەڵبژاردە بەشداربووەکاندا، ئەنجامی کۆتایش بەم شێوەی خوارەوە بوو.

**ئاستی ژێر١٥ساڵ**

١-هەڵبژاردەی سوریا
٢-هەڵبژاردەی عێراق
٣-هەڵبژاردەی لوبنان

**ئاستی ژێر١٧ساڵ**

١-هەڵبژاردەی ئوردەن
٢-هەڵبژاردەی سوریا
٣-هەڵبژاردەی عێراق

# نیاز محەمەد، تەنیا بیری شاری هەولێر دەکەم



سالانە لەگەڵ دەستپێکی یارییەکانی وەرزی نوێ خولی نایابی یانەکانی عێراقی، یانە بەشداربووەکانی خولەکە دەکەونە خۆیان، بۆ بەهێزکردنی ڕیزی پێکهاتەی یانەکەیان، یانەی وەرزشیی (مینا)ی شاری بەسرای باشووری عێراق، بۆ ئەم وەرزە گرێبەستی لەگەڵ یاریزانی پێشووی یانەی هەولێر (نیاز محەمەد) واژوو کردووە، لەم بارەشەوە نیاز محەمەد لە بارەی چوونی بۆ یانەی مینای شاری بەسرا بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «تاکو ئێستا زۆر ئاسوودەم لە یانەی مینا، جگە لەوەش زۆر ڕێزم دەگرن و یانەیەکی بێ کێشەیە، ئەمساڵیش یانەکە چەندین گرێبەستی باشی ئەنجام داوە لەگەڵ یاریزانانی بەتوانا، بە ئامانجی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لە خولەکەدا»، لە بارەی هەبوونی گرێبەستی تریش ناوبراو گوتیشی: «لە چەندین یانەی خولی عێراقی گرێبەستم پێشکەش کرابوو، بەڵام لە ناو هەموویاندا من یانەی مینام هەڵبژارد، بۆ ئەوەی بتوانم خزمەتی ئەو یانەیە بکەم»، لە بارەی بیرکردنی بۆ شاری هەولێریش گوتی: «هەموو کەسێك بیری شارەکەی خۆی دەکات، بەڵام بیری یانەی هەولێر ناکەم، چونکە ئەو یانەیەی پێشتر نەماوە کە ئێمە یاریمان بۆ دەکرد، هەوڵیش دەدەم لەگەڵ یانەی مینا باشترین ئاست پێشکەش بکەم، بۆ ئەوەی بتوانین ئەنجامی گەورە بەدەست بهێنین».




# هۆکارە باوەکانی هەناسەتەنگی

هەناسەتەنگی Shortness of breath نیشانەیەکی باوە، هۆکاری سادە و ئاڵۆزی لەپاڵدایە. نزیکەی ٨٥٪ی حاڵەتەکانی هەناسەتەنگی هۆکاری نەخۆشییان هەیە لە سییەکان یان لە دڵدا، بۆنموونە: نەخۆشیی ڕەبوو، نەخۆشیی درێژخایەنی کۆئەندامی هەناسە، هەوکردنی بۆڕیی هەناسە و شانەی سییەکان Pneumonia، نۆرەی دڵ، پەککەوتنی دڵ کە هاوکاتە لەگەڵ ئاوسانی لەش CHF، پووکانەوەی سی لە ئەنجامی پەستانی هەوا لە دەوری سییەکان، گیرانی خوێنبەرەکانی سییەکان، جگەرەکێشان، کەمخوێنی، ژاراوییبوون و سستبوونی گلاندی دەرەقی، شێرپەنجەی سییەکان، پەستی و نۆرەی تۆقین، نەخۆشیی زمانەکانی دڵ، گەڕانەوەی ترشەڵۆکی گەدە بۆ بەشی سەرەوەی سوورێنچك و قوڕگ GERD، فراوانبوونی ڕێڕەوەکانی هەناسە، هەستەوەریی توند، هەروەها کەمیی مەشقی وەرزشی. پێویست بە سەردانی کتوپڕی دکتۆر دەکات ئەگەر هەناسەتەنگی هاوکات بێت لەگەڵ ئەم نیشانانە: سینگ ئێشە، شین هەڵگەڕانی ڕەنگی لێو و پەنجەکان، هەستکردن بە ئاوسان لە لێو یان لە قوڕگدا، هەستکردن بە سووکبوونی سەر، نەمانی توانا بۆ قسەکردن لەبەر هەناسەتەنگی، سەختتربوونی نیشانەکان بە شێوەیەکی خێرا، سووربوونەوە یان ئاوسانی قاچەکان، هەروەها بوونی خوێن لەگەڵ کۆکەدا.

# قڵیشانی پاشنەی پێ.. هۆکار و چارەسەر

قڵیشانی پاشنەی پێ Cracked heels حاڵەتێکی باوە و بریتییە لە قڵیشانی پێستی بەشی خوارەوەی پاشنەی پێ لە ئەنجامی وشکبوون، زبربوون، لەگەڵ ئەستووربوونی پێست لەم شوێنەدا. ئەگەرچی لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، قڵیشانەکان سادەن، بەڵام هۆکارن بۆ ئازار و ناڕەحەتی لە کاتی پیادەڕۆییدا، کە ئەگەر زوو چارەسەر نەکرێن، ئەوا لەوانەیە کە قڵیشانەکان قووڵتر ببن و ئاڵۆزیی دیکەیش بێنە پێشەوە، بە تێپەڕبوونی کات، قڵیشانەکان گەورەتر دەبن و لەوانەیە کە تووشی خوێنبەربوون یان هەوکردن بن، بەتایبەتی لە تووشبووانی نەخۆشیی شەکرەدا کە لەوانەیە کار بگاتە کولبوونی Ulceration پێیەکان. هۆکارەکان: وەستان لەسەر قاچەکان بۆ ماوەیەکی زۆر، بەتایبەتی لەسەر زەمینەیەکی ڕەقدا، کەفشی نادروست کە بەشی پاشنە واڵا بێت وەکو سەندەڵ، پیادەڕۆیی بە پێی پەتی، قەڵەوی، مانەوە بۆ ماوەیەکی زۆر لە ژووری گەرماودا بۆ خۆشووشتن، یان وەرگرتنی دوشی گەرم، هەروەها نەخۆشیی درێژخایەن، بەتایبەتی نەخۆشیی شەکرە. نیشانەکان: ئازار و ناڕەحەتی، بەتایبەتی لە کاتی وەستان و پیادەڕۆییدا، خورشت، خوینبەربوون لە هێڵەکانی قڵیشاندا، تفرکردنی پێست، هەورەها گەرمبوون و سووربوونەوە و ئاوسانی پاشنەی پێ لە کاتی ڕوودانی هەوکردندا. چارەسەر: داماڵین و لووسکردنی میکانیکی بە ئامێری تایبەت بۆ ڕێگرتن لە زیاتر ئەستووربوونی پێست، بەکارهێنانی کرێمی تایبەتی شێدارکەرەوە Foot balm، هەڵبژاردنی کەفشی دروست، هەروەها بەستانەوە، یان بەکارهێنانی باندیجی تایبەت بۆ ڕێگرتن لە جووڵەی تەنیشتەکانی هێڵی قڵیشان.



# بەهای خۆراکیی بامیە

بامیە Okra دەوڵەمەندە بە ڕیشاڵ، ڤیتامینەکانی B9 B6، B1، A، (فۆلەیت)، K1، C، لەگەڵ کانزاکانی مەگنسیۆم،پۆتاسیۆم، مەنگەنیز، کالسیۆم، هەروەها ماددەی دژەئۆکسان لە گروپی فلاڤانۆلەکان و پۆلیفینۆلکان Polyphe-nols کە بایەخی تەندروستیی زۆریان هەیە. سوودە تەندروستییەکانی بامیە:

پاراستنی تەندروستیی دڵ لە ڕێگەی کۆنترۆڵکردنی ئاستی کۆلیستیرۆڵی خوێن و ڕێگرتن لە ڕەقبوونی خوێنبەرەکان، کۆنترۆڵکردنی پەستانی خوێن، کەمکردنەوەی ئاستی هەوکردن لە لەشدا، کە هەنگاوێکی گرنگە بۆ خۆپاراستن لە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشییە درێژخایەنەکان، کۆنترۆڵکردنی ئاستی شەکری خوێن و خۆپاراستن لە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم، هاندنی گەشە و پاراستنی تەندروستیی کۆرپە لە ئافرەتی دووگیاندا، پاراستنی تەندروستیی کۆئەندامی هەرس و خۆپاراستن لە ئەگەری شێرپەنجەی کۆڵۆن و ڕێکە، هاندانی گەشەی بەکتریای سوودبەخشی ڕیخۆڵە، هەروەها بەهێزکردنی ئێسك بەهۆی ڕێژە بەرزەکەی ڤیتامین K و کانزای کالسیۆم لە بامیەدا.



# چەند هەنگاوێکی سادە بۆ ڕێگرتن لە قژهەڵوەرین

ئایا ڕۆژانە زیاتر لە ١٠٠ تاڵە موو لە قژی سەرت هەڵدەوەرێت؟ ئەگەری وایێت، ئەوا بەمەبەستی ڕێگرتن لە هەڵوەرینی زیاتری نائاسایی، پێویستیت بە ئەنجامدانی چەند گۆڕانێك لە ستایلی ژیان و مامەڵەکردن لەگەڵ قژدا دەبێت. دەتوانیت بە پەیڕەوکردنی ئەم هەنگاوە سادە و کاریگەرانە هەڵوەرینی قژ تا ڕادەیەکی باش ڕابگریت، کە بریتین لە: هاوسەنگکردنی خۆراکی ڕۆژانە بۆ ڕێگرتن لە کەمیی ئەو ماددانەی کە دەبنە ئەگەری قژهەڵوەرین، وەك: پرۆتین و چەند کانزا و ڤیتامینێك، مەساجکردنی پێستی سەر Scalp massage بە مەبەستی باشترکردنی سووڕی خوێن لە پێستی سەردا، بۆ گەیشتنی زیاتری ئۆکسجین و مادده خۆراکییە گرنگەکان بۆ تەندروستیی ڕەگەکانی قژ و بەهێزکردنیان، مامەڵەکردنی دروست لەگەڵ قژدا، بۆنموونە کەم بەکارهێنانی کیراتین Keratin و بۆیەی قژ، هاوکات لەگەڵ دوورکەوتنەوە لە ستایلکردنی توند کە فشار دەخاتە سەر ڕەگی تاڵە قژەکان و دەبێتە ئەگەری زیاد هەڵوەرینی قژ، مامەڵەی دروست لەگەڵ سترێسدا کە یەکێکە لە هاندەرە گەورەکانی قژهەڵوەرین، هەروەها خواردنەوەی بڕی تەواوی ئاو کە ڕۆژانە لە ٢-٣ لیتر کەمتر نەبێت.



# ئایا بە خواردنەوەی قاوە کالسیۆم ون دەکەیت؟

ئەمە سەلمێنراوە کە ماددەی کافائین -Caf feine هاندەرە بۆ دەردانی بڕێک کانزای کالسیۆم لە ڕێگەی گورچیلەکانەوە و هاندەرە بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی هەڵمژینی کالسیۆم لە کۆئەندامی هەرسدا، بەڵام لەش قەرەبووی ئەمە دەکاتەوە بە کەمکردنەوەی دەردانی کالسیۆم لە کۆئەندامی میزەڕۆدا.پاش ٢-٣ کاتژمێر لە خواردنەوەی قاوە، بڕێکی ئەوتۆی کالسیۆم لە لەشدا ون نابێت کە جێگەی سەرنج و بەدواداچوون بێت، بەتایبەتی ئەگەر ڕۆژانە بڕی تەواوی کالسیۆم لە ڕێگەی خۆراکەوە وەربگیرێت کە لە ١٠٠٠ ملگم کەمتر نەبێت لە تەمەنی ١٩-٥٠ ساڵی بەمەبەستی پاراستنی تەندروستی و پتەوی ئێسکەکان. پێویستە کە بڕی ڕۆژانەی کافائین لە ٣٠٠ ملگم زیاتر نەبێت، کە دەکاتە خواردنەوەی ٣-٤ کوپ قاوە لەوکاتەی کە بە تێکڕایی کوپێك قاوە ٦٠-١٢٠ ملگم کافائین لەخۆدەگرێت. لێکۆڵینەوەکان ئاماژەیان بەمە کردووە کە خواردنەوەی کوپێك قاوە هۆکارە بۆ ونکردنی ٢-٤ ملگم کالسیۆم. بە مەبەستی ڕێگرتن لە ونبوونی کالسیۆم بە خواردنەوەی قاوە، پەیرەوی ئەم خاڵانە بکە: با قاوەکەت هاوکات بێت لەگەڵ خواردنەوەی پەرداخێك شیری کەم چەوری یان بێ چەوری بۆ قەرەبووکردنەوەی ونبوونی کالسیۆم، دڵنیا بە لەوەی کە خۆراکی ڕۆژانەت بڕی پێویست لە کالسیۆمی تێدایە، هەروەها هەوڵ بدە کە ڕۆژانە هەرگیز لە سێ کوپ قاوە زیاتر نەخۆیتەوە.



# ژەمی گەورەی بەیانی کلیلە بۆ دابەزاندنی کێش

لە نوێترین لێکۆڵینەوەی زانکۆی ئەبێردین -Ab erdeen لە سکۆتلەندا هاتووە کە خواردنی ژەمی گەورەی بەیانی و ژەمی بچووکی ئێوارە، هاندەرە بۆ دابەزاندنی کێشی لەش لە ڕێگەی کۆنترۆڵکردنی ئارەزووی خواردن و کەمتر هەستکردن بە بەتاڵیی گەدە و زیاد نەخواردن لە کاتژمێرەکانی ڕۆژدا. لە لێکۆڵینەوەکەدا باسی ئەمە کراوە کە چۆنییەتی و چەندێتی خواردن دەکەوێتە ژێر ڕیتمی کاتژمێری بایۆلۆژی، یان کاتژمێری ناوەوەی لەش Internal clock. ئەگەرچی کاتی ژەمی گەورەی خۆراك کاریگەریی زیاتری نییە لەسەر سووتاندنی کالۆری و ئاستی میتابۆلیزم لەکاتی حەسانەوەدا، یان لەسەر ئەو بڕە کێشەی کە ونی دەکەین، بەڵام کاریگەرییەکە زیاترە لەسەر کپکردنی ئارەزووی خواردن یان هەستکردن بە بەرسیبوون لە ئەنجامی ژەمێکی گەورەی بەیانیدا، بە مەرجێك خۆراکی جۆراوجۆر لەخۆبگرێت، بەتایبەتی خۆراکی دەوڵەمەند بە پرۆتین وەکو هێلکە، ماست، قارچك، شوفان Oats، تۆست، پاقلەمەنی، هەروەها شیرەی سروشتی میوە. جەخت لەمەش کراوەتەوە کە ژەمی گەورەی بەیانی یاریدەرە بۆ دابەزاندنی چەوریی دەوری سك (کەرش) و ئاسانکردنی توانای ئەنجامدانی ڕۆژانەی مەشقی وەرزشی. پسپۆڕان ئاماژەیان بەمەش کردووە کە بۆ ئەوەی ژەمی بەیانی بە گەورە هەژمار بکرێت، پێویستە کە بڕی وزەی ژەمەکە لە نێوان ٣٠٠-٥٠٠ کالۆری دابێت.






# کامێرایەک بەقەد میدالیایەک

لە سەردەمی ئەمڕۆدا کە ئامێرەکان ڕۆژ بەڕۆژ لە پەرەسەندن و گەشەکردندان، کامێرایەکی بچووکی دیجیتالیش گرنگی خۆی هەیە. تەنانەت ئەگەر کوالیتی وێنەکانیش زۆر بەرز نەبن.

کامێرای بچووکی instax pal بەقەد مەدالیایەك دەبێت و، دەکرێت بۆ هەمیشە لەگەڵتدا بێت. لە کامێرایەکی وا بچووکدا ڕەنگە چاوەڕوانییەکی زۆر نەکرێت. کامێراکە کوالیتی وێنەکانی ٥ میگاپیکسلە. بەرهەمی کۆمپانیای بەناوبانگی جیهانی fujifimlە و بچووکترین کامێرای دیجیتالییە. کامێراکە پرینتەرێکی خۆی لەگەڵدایە کە بچووکترە لە مۆبایلێك. قەوارەی کامێراکە تەنیا ٥ ئینجە و کێشەکەی ٤٠ گرامە. هەرچەندە لە پلاستیك دروستکراوە بەڵام بە ڕادەیەك پتەوە بە هیچ جۆرێك تێك ناچێت. کامێراکە بۆ شوێنە تاریکەکان فلاشی خۆی لەگەڵدایە.

# هۆڵی سینەما لـــــــ




هێدسێتە VRـەکان بەتەواوی ڕوانینان لە ئاست سەیرکردنی فیلم و دیتنی جیهانی سێ ڕەهەندی گۆڕی، ئێستا پێویست بەوە ناکات سەیری تەلەڤزیۆنێکی گەورە بکەی و بۆ ئەوەی چێژ لە فیلمێکی سینەمایی وەربگری، دەتوانی بە سوود وەرگرتن لە چاویلکەیەکی جۆری VR سینەما بۆ ژێر چاوەکانت بگوازیەوە.
هێدسێتی جۆری GOOVIS G3 Max لە ریزی هێدسێتە زیرەکە بژاردەکان دێت، کوالیتی نیشاندان 5Kیە و بە ڕوونی



# ئایفۆنەکەت بکە بە کامێرایەکی پیشەیی

هەرچەندە لە سەردەمی ئێستادا مۆبایلەکان جێگرەوەیەکی باشی کامێرا دیجیتالییەکانن، بەڵام ناتوانن ئەرکەکانی کامێرایەکی پیشەیی جێبەجێ بکەن. ئامێری جۆری SPARK iPhone cam-era ئامێرێکی لاوەکییە و لە مۆبایلی ئایفۆن دەخرێن و مۆبایلەکە دەکاتە کامێرایەکی پیشەیی. کامێرایەکە خۆی فلاشی خۆی لەگەڵدایە. دوگمەی گرتنی وێنەی لەگەڵ خۆیدایە و هەروەها چەندین دوگمە بۆ ڕێکخستنی وێنە و لەگەڵ ئەوەیدا زوومی و لێکنزیک کردنەوەی بەشێوەی دەستی لەگەڵدایە. هەروەها دەتوانرێت بەهۆیەوە وێنەی دیمەن یا مرۆڤ کە ناخوازی لە وێنەکەدا ببیندرێن لابەرێت. کامێراکانی سەر مۆبایل بە گشتی یەك فۆرمات یا دوو فۆرماتی وێنەیان هەیە، بەڵام بەهۆی SPARK iPhone camera بۆ هەر فۆرماتێك مەبەستتە بیگۆڕی.

# قەد ماوسی واتان دیوە؟

ئەو وێنەیەی لە خوارەوە دەبینن جیاوازترین ماوسە بینبیتان، ماوسێك ڕێك بەقەد کیبۆرد، دوگمە سەرەکی ماوسەکە واتە تۆپە خڕەکە نە لە خوارەوەیە و نە لە سەرەوە، بەڵکو هەر تۆپیش نییە، بگرە ڕۆڵێك یا میلەیەکە بەقەد مەودای کیبۆردەکە، کاتێك دەیسوڕینی هێمای ماوسەکە لە سەر کۆمپیوتەر جوڵە دەکا.

ماوسی جۆری roller mouse ماوسێکی تەواو ئۆرگۆنۆمیکە، وشەی (ئۆرگۆنۆمیك) بەو واتایە دێت کە ئامێرێك لەکاتی بەکارهێنانیدا کێشەیەك بۆ جەستەت دروست ناکات، ماوسی ناوبراویش بەم شێوەیەن چونکە دوو دۆشکچەی بچووك لەم لاو ئەولای ماوسەیەکە و لەپی دەست لەسەر ئەوێ دادەنرێت. بۆ کارئاسانی و باشتر سوود وەرگرتن لە ماوسەکە ٩ دوگمە هەیە جگە لە کلیك چەپ و ڕاست و چەندین دوگمەی دیکەشی هەیە. دوگمەیەك بۆ زۆم کردن و هێنانە پێش و بردنە دواوە، هەروەها دوگمەکانی تایبەت بە کۆپی کردن و پێست کردن هەیە، پێویست ناکات دەست بۆ کیبۆرد بەری.



# ...ـه چاویلکەکاندا

٢٥٦٠ پیکسل نیشان دەدا. سیستەمی ئەندرۆید ١٢ی لەسەرە، دەتوانرێت پرۆگرامەکانی تایبەت بە نیشاندان و VR ڕاستەوخۆ لە گوگل دابەزێنی. ڕیمۆت کۆنترۆڵی تایبەتی خۆی لەگەڵدایە.

شاشەکەی لە جۆری OLEDیە، کاتێك سەیری هێدسێتەکە دەکەی وەك ئەوە وایە لە دووری ٢٠ کیلۆمەتر سەیری شاشەیەکی سەد ئینجی بکەی. کێشی هێدسێتەکە ٤٧٠ گرامە. بە ڕیمۆت کۆنترۆڵەکەی دەتوانی ڕاستەوخۆ یوتیوب یا نیتفلێکس بکەیەوە.



## شاشە و کیبۆردێکی ناوازە

لە جیهانی دیجیتالی نوێدا هەر ڕۆژە بەرهەمێکی نوێ دێتە ناو گۆڕەپانەکەوە. یەکێك لە ئامێرە ناوازەکان، کیبۆرد و شاشەی جۆری Ultralumi Lumideckـە. ئەو دوانە پێکەوە ئامێرێك پێکدێنن. کیبۆردەکە لە هەموو لایەکەوە ناوازەیە، چونکە دوگمەکانی هەموویان گلۆپی LEDن و بە ئاسانی دوگمەکان دەگۆڕدرێن. شاشەکە دەکەوێتە ناوەندی کیبۆردەکە و لەوێ جێگیر دەبێت، دەکرێت کۆمپیوتەر یا لاپتۆپی یا مۆبایلی پێوە پەیوەند بدرێت و هەردووکیان پێکەوە دەبنە ئامێرێکی زۆر گرنگ. شاشەکە لەمسییەو دەکرێت لەیەك کاتدا دوو ئامێری پێوە پەیوەند بدرێت. هەم کیبۆردەکە و هەم شاشەکە دەکرێت بە وایەر و بەبێ وایەر واتە لە ڕێگای بلوتوس و وای-فای لە ئامێرەکان پەیوەند بدرێت.

شاشەکە 4K و چڕی ٣٠٠ ملیۆن ڕەنگە. و لە ئەلۆمینیۆمی پتەو دروستکراوە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێندکارێکی بەڕێز دەپرسێت، توێژینەوەیەکم بە word نووسیوە و چەند وێنەی تێدایە، بەڵام هەرکاتێك شتێکی نوێ بە توێژینەوەکە زیاد دەکەم، وێنەکان لە شوێنی خۆیان دەجوڵێن چ بکەم بۆ ئەوەی نەجوڵێن؟**

خوێنەری بەڕێز لە wordدا زۆر شێواز هەن بۆ ئەوەی وێنەیەك لە شوێنی خۆی بمێنێتەوە یان لەگەڵ پاراگرافی مەبەست ئەویش جوڵە بکا. ئەگەر وێنەیەکت هەیە وەك لۆگۆی زانکۆکەت و لە هەموو لاپەڕەکاندا دووپات دەبنەوە، ئەوە پێویست وێنەکەت لە بەشی Header دابنێی. ئەگەر بتهەوێ لە شوێنێك لەناو لاپەڕەیەکدا بەجێگری بمێنێتەوە، ئەوە دوای ئەوەی کە وێنەکەت دانا و لە پەنجەرەی Layout و بەشی Wrap Text دابگرە و فەرمانی Fix Position on Page هەڵبژێرە. ئەوکات وێنەکە ناجوڵێت.

## ئامێرێک بۆ یادداشت هەڵگرتنەوە؟!

جار هەیە لە کۆنفرانس یا وێبنارێك دا بەشداری، بەڵام دەنگەکان بە باشی نابیسی یان دەنگی تۆ بە باشی ناڕوا، لە کاتێکی وادا ئامێری HiDock H1 باشترین ئامێرە بۆ نەهێشتنی ژاوەژاو و دەنگی زیادی و بەرزکردنەوەی کوالیتی دەنگەکان. ئەو ئامێرە خۆی Dockێکی هۆشمەندە (دۆك) چییە؟ بەو ئامێرە دەگوترێت کە لە لاپتۆپ یا دیسکتۆپ پەیوەند دەدرێت و بەهۆیەوە چەندین ئامێری دیکە لە کۆمپیۆتەر پەیوەند دەدرێن. (دۆك)ی ئاماژە بۆ کراو، لە سیستەمی زیرەکی دەستکرد سوود وەردەگرێ، هەموو سیمینارەکە لەخۆیدا تۆمار دەکا و دواتر ئەگەر حەزت لێنەبوو هەمووی گوێ بدەیە، خۆی بەهۆی زیرەکی دەستکردەوە کۆی وێبنارەکەت بۆ کورت دەکاتەوە. پشتیوانی لە ٥٧ زمانی زیندوو دەکات. خاوەنی ١١ پۆرتە بۆ دانانی ئەو ئامێرانەی لە کەلێنی USB و HDMI سوود وەردەگرن. لەگەڵ ئەوەشدا بڵندگۆیەکی بەهێزی هەیە و کە دەنگەکان زۆر بەباشی دەگەیەنێ.






# لە چەند خولەکێکدا نەخشەسازی بینا دەکا

بۆ دیزاین و نەخشەسازی خانوو و بیناکان پێویستی بە ئەندازیاری نەخشەسازی هەیە، بەهۆی تەکنەلۆژیای نوێوە ئەرکی ئەندازیارانیش زۆر ئاسانتر بووە و تەنانەت وای لێهاتووە ئەوانەی شارەزاییەکی ئەوتۆیان نییە بەسوود وەرگرتن لە زیرەکی دەستکرد و ئامێری تەکنەلۆژیای نوێ ئەم ئەرکە بە ئاسانی ئەنجام دەدەن.

ئامێری Archisketch یەکێك لەو ئامێرانەیە کە لە ماوەی چەند خولەکێکدا بە سوودوەرگرتن لە زیرەکی دەستکرد و لەیزەری تایبەت نەخشەی بیناکەت بەوجۆرەی کە هەیە دەکێشێتەوە. ئامێرەکە دەستبەجێ شوێنەکە بە شێوەی سێ ڕەهەندی سکان دەکات. ئامێرەکە بە ئاپێکەوە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێ و بەکارهێنەر دەتوانێ لەسەر شاشەکە چۆنییەتی ناوەوەی بیناکە ببینێت و بە ویستی خۆی بەشێوەی مەجازی قەنەفە و دیکۆراتی ناو ماڵەوە دابنێت. ئامێری ناوبراو دەتوانێت دیزاینی ٢٠ مەتر چوار گۆشە بکات. لە ڕێگای بلوتوسەوە بە کۆمپیوتەر یا مۆبایل پەیوەند دەدرێت.



## هەمووان پێویستمان بەو ماڵپەڕە دەبێت

گەلێك ماڵپەڕ هەن خزمەتگوزارییەکان زۆر بەرچاون و ئاسانکارییەکی زۆر بۆ بەکارهێنەرانی دەکەن. هەندێك لەماڵپەڕەکان جێگرەوەیەکی باشن بۆ پرۆگرامە بەهێزەکانی وەك: فۆتۆشۆپ، وۆرد، پی دی اف و...هتد. یەکێك لەو ماڵپەڕانە کە هەمووان پێویستمان پێی دەبێت، ماڵپەڕی https://www.i٢pdf.com/ ئەو ماڵپەڕە بەم دواییانە نوێکراوەتەوە و چەند تایبەتمەندی دیکەی تایبەت بە زیرەکی دەستکردی بۆ زیاد بووە، وەك دەستکاری کردنی وێنە و ئەوەی پەیوەندی بە وێنەوە هەیە، لەگەڵ هەموو خزمەتگوزارییەکانی تایبەت بە PDF. بۆ نموونە گۆڕینی وێنە بە PDF و پێچەوانەش. گۆڕینی فایلێکی مایکرۆسۆفت ئۆفیس چ PowerPoint, excel, word و هەموو شتێك. گۆڕینی فایلێکی pdf بۆ دەق و دەستکاریکردنی، دەق بۆ هەموو زمانەکان، یەکێك ەلو زمانە زمانی کوردییە بە هەردوو بەشی سۆرانی و کرمانجی، بۆیە سەرێك لەو ماڵپەڕە بدەن.

# ئەندرۆید لە ویندۆزدا بەکار بێنە

سیستەمی ویندۆز تایبەتە بە کۆمپیوتەر و مۆبایلە زیرەکەکان سیستەمێکی دیکەیان هەیە کە بۆ بەرهەمەکانی ئەپڵ سیتسەمی IOS و بۆ مۆبایلەکانی دیکەش سیستەمی ئەندرۆیدە. ئەندرۆید و ویندۆز پەیوەندییەکیان پێکەوە نییە و یەکتر ناخوێننەوە. بۆ ئەوەی ئەو دوو سیستەمە پەیوەند بدرێن، پرۆگرامی تایبەتی هەیە. یەکێك لەو پرۆگرامانە Memuیە. بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە ئاپەکانی سەر ئەندرۆید، گەمەکان و و هەرچی لە ئەندرۆیددا هەیە، دەتوانرێت لە سیتسەمی ویندۆزیشدا سوودی لێوەربگری. دەتوانرێت یارییەکانی ناو سیستەمی مۆبایلەکەت بە کیبۆرد و ماوس بکەی، هەروەها پرۆگرامەکانیش لەو کاتەدا بەکارهێنانیان زۆر ئاسانترە لەسەر مۆبایل. ڕاستەوخۆ دەتوانیت لە سیستەمی ئەندرۆیدەوە پرۆگرام و یاری وەربگری، هەرچەندە لە بانکی زانیاری خۆیدا دەیان پرۆگرام و یاری هەیە. دەکرێت وێنە لە سکرین شاتی یاری و ئاپەکان بگری.



# دیکۆری ئاوێنەکان ماڵەکەت گەشاوەتر دەکەن

دانانی ئاوێنە لە ناو ماڵدا بۆ تەماشاکردن و ڕەنگدانەوەی ڕووناکیش بەسوودە، بە دانانی ئاوێنەیەك دیکۆری ئەو شوێنە بە تەواوی دەگۆڕێت، بە تایبەت ئەگەر ئاوێنەیەکی گەورە بێت، دەبێتە مایەی سەرنجڕاکێشی و جوانی لە دیکۆری ماڵدا، هەر بۆیە بیر لەوە بکەرەوە کە گۆڕانکاری لە کەرەستە و دیکۆری ماڵەکەتدا بکەیت، بەڵام زۆر جار گۆڕینی ئەو کەرەستانەی پێشتر بە دڵی خۆت هەڵتبژاردوون، دڵت نایەت بە یەکجاری بیانگۆڕیت، دەتوانی بەشێك یان کەرەستەیەکی ماڵەکەت بە جوانترین شێوە بڕازێنتەوە و گۆڕانکارییش نەکەیت. بێگومان ئاوێنە لە زۆربەی دیکۆری ماڵەکاندا هەیە، دەتوانین سوود لە دیکۆری ئاوێنەکان وەربگرین، بۆ نموونە دەتوانیت چوارچێوەی ئاوێنەکە بە چەندین کەرەستەی جۆراوجۆر بڕازێنێتەوە، وەك گوڵ، کەرەستەی جوانکاری، یاریی منداڵان، دانانی ئاوێنە لە ماڵەکەتدا دیکۆری ماڵ جوانتر دەکات، هەروەها هۆکارێکە بۆ ڕەنگدانەوەی ڕووناکی، ئەگەر ئاوێنە لە هەر بەشێکی ماڵدا هەبێت، تەنانەت گەر نیمچە ڕووناکییەکی بەربکەوێ، ئیدی ڕووناکییەکە بڵاوە پێدەکات و دەوروبەر و بەرامبەری خۆی زیاتر ڕۆشن دەکاتەوە.



# جل و ستایلی چاوگەشەکانت بگۆڕە

بەهۆی گۆڕانکاری لە کەشوهەوای نێوان وەرزی هاوین و پاییزدا، کاتی ئەوە هاتووە کە چاوێك بە جلوبەرگەکانی منداڵەکانتدا بخشێنیتەوە، جگە لەوەی جلەکانی خۆت دەگوڕیت، بۆیە لە ئێستاوە دەست پێبکە و هەرچی زووە جلەکانیان بۆ بگۆڕە، چونکە لەو ماوەیەدا کەشوهەوا سارد دەبێت، ئەمەش کاریگەریی لەسەر تەندرووستی منداڵەکانت دەبێت. مارکەی (ناوتیکا)، یەکێکە لە دیارترین براندەکانی جیهان بۆ جلی منداڵ، لە دوا بەرهەمیدا مۆدێکیان داهێناوە بە مۆدی جلوبەرگی کەسانی دەریاوانی ناسراوە، ئەو مۆدە پێکهاتووە لە دوو شێوازی پۆشاك، کراسی درێژ، لەگەڵ بلووز و قەمیس، یان پانتۆڵ لەگەڵ چاکێتدا. لە بارەی ڕەنگەکانی ئەو ماوەیە دەکرێت سوود لە ڕەنگەکانی قاوەیی، پەمەیی،خۆڵەمێشی، شین و نیللی وەربگرین، تا مۆدێکی جوان بۆ جلی منداڵەکان دابین بکەن.





# ڕەنگ و شێوازی گەورە و بچووکی لێو

بۆ ئەوانەی حەز دەکەن لێویان توند و خشت خۆی نیشان بدات، چەندین ڕێگە هەیە، لەوانە: دەستکاری بە ڕێگەی نەشتەرگەری، وەك فیلەر و بۆتۆکس و توندکردنی بەشەکانی لێو، هەروەها بۆ ئەوانەی هەست دەکەن لێویان گەورەیە یان نێوانی لووت و لێویان زۆرە، دەتوانن بە ڕێگەی بۆیە و سووراو ئەو حاڵەتە چارەسەر بکەن، یان بە شێوەی سرووشتی و نەشتەگەری ئەو کارە بکە، بۆ ئەوانەی دەیانەوێت لێویان پڕ دەربکەوێت دەتوانن سوراوە تۆخەکان هەڵبژێرن، توندکردنی لێو دەکرێ بە ڕێگەی لادانی خانەکانی پێست بێت، کە ئەوەش ماوەیەکی زۆری دەوێت بۆ چاکبوونەوە، کە بە گوێرەی خواستی دڵی خۆت بێت، بەهۆی ئەوەی لێو دەروازەی جوانیی ڕوخسارە، هەروەها ئەو ڕەنگانەی کە لێو بچووك و یان گەورە دەردەخەن، زۆرن لەوانە: ڕەنگی پەمەیی، سوور، قاوەیی تۆخ، ئەوانە هەموو شێوەی لێو گەورەتر نیشان دەدەن، پرتەقاڵی و نیۆن و پەمەیی کاڵ، لێو بە بچووکی نیشان دەدەن.

# پەیکەری کۆتری ئاشتی

خاوەنی پەیکەری پەیکەری کۆتری ئاشتی (کۆتری سەلام) لە شاری هەولێر، هونەرمەندی شێوەکار و پەیکەرتاش، کاری ڕەوانشاد (جابر پیرداود)ـە، ناوی تەواوی (جابر پیرداود ئیسماعیل نەجار)ە، لە ساڵی ١٩٢٥ لە گەڕەکی (خانەقا)ی ناو شاری هەولێر لە دایکبووە، پیرداودی باوکی لە چلەکانی سەدەی ڕابردوو دارتاشێکی بە ناوبانگ و دەسترەنگینی شاری هەولێر بووە. جابر پیرداود لە ساڵی ١٩٣٥ چووەتە بەر خوێندن و قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندیی هەر لە شاری هەولێر تەواو کردووە، ساڵی ١٩٤٣ چووەتە خانەی مامۆستایانی ئەعزەمییە لە بەغدا، ئەو کات جگە لە خوێندنی ئەدەبی و زانستی، هونەری مۆسیقا و شێوەکارییشی تێدا خوێندراوە، بۆیە هەر لەوێ بە هونەری نیگارکێشان و پەیکەرتاشی ئاشنا بووە و لە سەر دەستی هونەرمەندی گەورەی عێراقی (قاسم الناجی) کە ئەو سەردەم بە ناوبانگترین هونەرمەندی شێوەکاری عێراق بووە و مامۆستای هونەر بووە، زیاتر حەز و خولیای چووەتە سەر هونەری نەخش ونیگار و پەیکەرتاشی، لە ساڵی ١٩٤٦ خانەی مامۆستایانی لە بەغدا تەواو کردووە، هونەرمەند جابر پیرداود، لە کارە هونەرییەکانیدا ڕەنگی وەنەوشەیی کە لە تێکەڵکردنی ڕەنگی سوور و شین پێك دێت زۆر خۆشویستووە و زۆریشی بەکار هێناوە، لە نیگارکێشان و پەیکەرتاشیدا حەزی لە شێوازی (ئەبستراکت- تجرید) نەبووە، بەڵکو حەزی لەو هونەرە بووە کە هەڵقوڵاوی داب و نەریت و ڕەسەنایەتی بووە کە هیوا و ئاواتی خۆی و دەوروبەرەکەی و کۆمەڵگەی کوردەواری و هەموو گەلەکەی بێت، بەرهەمە دیارەکانی: دروستکردنی پەیکەری عەبدولکەریم قاسم ساڵی ١٩٥٨ لە فلکەی نزیك (ملعب الإدارة المحلیة- فەرنسۆ حەریری) داندرابوو، کە هەولێرییەکان پێیان دەوت فلکەی زەعیمی، پەیکەری کچ و کوڕە قوتابی، پەیکەری هەڵگری مەشخەڵی ئۆلۆمپیاد، پەیکەری کورد و عەرەب، پەیکەری وەرزشەوان کە لە (مفرق- چوارڕیانی) یاریگەی ئیدارەی محلی- شەهید فەرنسوا حەریری داندراوە، پەیکەری (کۆتری سەلام) لە ناوەندی شاری هەولێر.



# خواردن لە جەمسەرەکان چۆنە

ڕەنگە پرسیت ئاخۆ لە جەمسەرەکانی گۆی زەوی کە زیاتر بەستەڵەکە، چۆن خواردنی گەرم دەخۆن، یان چۆن خواردن ئامادە دەکەن، لە یەکێك لە تاقیکردنەوەکانی پسپۆڕاندا هاتووە، کە خواردن لە جەمسەرەکان لەو کاتەی دێتە دەرەوە بۆ چەند چرکەیەك دەمێنێتەوە وپاشان دەیبەستێت، گەر وا بێت بە کەڵکی خواردن نایەت و ڕەق دەبێت، ئەو وێنانەی لە پلەی (٧٠) ژێر سفرەوە گیراوە، کاتێك خواردنەکان لە نێو شوێنەکانیان دەردەهێنرێن ڕاستەوخۆ ڕەق دەبن و دەبنە سەهۆڵ، ئەو کارەش یەکێکە لە سەرکێشییەکانی پسپۆڕی فەڕەنسی (سێیران ڤییرسۆ) کە وێنەکانی بوونەتە جێگەی سەرنج و تێڕوانینی خەڵك و زانایان.



# مانگای دەریایی و وشکانی

دوگۆنگ، لە ئاوە گەرمەکانی کەنار دەریاکانی دەریای سوور و زەریای هیندی و زەریای هێمن دەژی، تاکە شیردەرێکی ئاوییە کە تەنیا لە بنی ئاوە قووڵەکاندا لە گژوگیا دەخوات، هەر بۆیە پێی دەگوترێت مانگای دەریایی، هەرچەندە شیردەرێکی ئاوییە (هەروەها وەکو سەگی دەریاییش پۆلێن کراون) بەڵام ئەوەی بەڕاستی ئەم ئاژەڵە زەبەلاحە جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە پەیوەندیی بەم شیردەرانە و بوونەوەرەکانی دیکەوە نییە، بەڵکو زیاتر لە فیلەوە نزیکترە. فیل و گیاندارەکانی دوگۆنگ هاوبەشی ئەو ڕاستییەن کە سەر بە گرووپی (-mono phyletic / monophyletic)ن. هەردووکیان تایبەتمەندییەکانی گرووپە ئاژەڵییە باوەکان کۆیان دەکاتەوە، وەك موو و جۆر و شێوازی خواردن بە لووتیان، کە لەم وێنەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێت.



# پێشبڕكێی شاجوانی بۆ پشیله

هەڵبژاردنـی شـاجوانی پشـیلەكان لـە شـاری ئەنكـەرەی پایتەختـی توركیـا سـاز كـرا، ئـەو پێشـبڕكێیە لـە شـارەوانی (بۆرسـاكلار) بەڕێـوە چـوو، كـە بـۆ سـێیەمین جارە ئەنجام دەدرێت، لەلایـەن سـەنتەری ڕۆشـنبیری (عەبدولڕەحیم كاكۆج) سەرپەرشتی دەكرا، بە بەشداری (٢٠٠) پشیلە كە وڵاتانی ئەوروپا و توركیا و بەشێكی دیكەی وڵاتانی ئاسیاش بەشدارییان كردبوو، لێژنـەی هەڵسـەنگاندنیش بریتیـی بـوون لـە دكتۆرانـی ڤێتەرنـەری و پسپۆرانی گیانـداران. لـە هەڵسـەنگاندنی جوانتریـن پشـیلەدا، چـاو و تـووك و ڕەفتـار و شـێوەی ڕۆیشـتنی پشـیلەكان گرنـگ بـوون، دوای بەڕێوەچوونی پێشبڕكێیەكە پشیلەیەك بە ناوی (بامـوك) پلـەی یەكەمـی بەدەست هێنـا، خاوەنـی ئـەو پشیلەیە (ڕوكیـە سـۆگۆت) بـوو، پلـەی دووەمیـش بـەر پشیلەیەكی دیكـە بـە نـاوی (باسـكال) كـەوت كـە لەلایـەن ئافرەتێكـەوە بەخێوكرابـوو بـە نـاوی (فاتیمـە)، پشـیلەی سـێیەم نـاوی (هیرگـۆل) بـوو، كـە پشـیلەیەكی ئەوروپـی بـوو.






## کاریکاتێر

ئەم کاریکاتێرە باس لە گرنگیی هەبوونی ئومێد بۆ ئەوانە دەکات کە لە ژیان و شوێنێکی تەنگن وەك بەندیخانە و ئومێد دروست دەکەن، یان بێئومێدن.



## دیمەنە سەیرەکان

لە تۆکیۆی پایتەخت ژاپۆن شوێنێکی تایبەت بە نوێژخوێنان لە فرۆکەخانە هەیە، هەروەها فەرمانبەرێکی تایبەتی بۆ دانراوە.



## گەشتیاری سەر دار

ئەو پیاوە یۆنانییە زۆرترین گەشتی کردووە، ئەو گەشتیارە سەرشێتە ناوی (بابیس بیزاس)ە، لە تەمەنی منداڵییەوە حەزی بە سەرکەوتنی سەر دار و درەخت بووە، لە تەمەنی (١٩)ساڵیدا بە سەر زۆرترین دار سەرکەوتبوو، ئێستاش لە تەمەنی (٦٤) ساڵیدایە و زۆرترین گەشتی کردووە و زیاتر لە (١٩٥) وڵات گەڕاوە. بابیس دەڵێ: «پێشتر بە ئۆتوستۆپ گەشتم دەکرد، بەڵام ئێستا پارەیەکی زۆرم سەرف کردووە و تەنیا ناوبانگم وای کردووە کە زۆر لە کۆمپانیاکانی فرۆکەوانی و وڵاتانیش بە خۆرایی کارم بۆ بکەن و یارمەتیم بدەن»، ئەم گەشتیارە تا ئێستا زۆربەی وڵاتانی کیشوەرەکانی ئەمریکا و ئەفریقیا گەڕاوە، ئێستا نۆرەی کیشوەری ئاسیایە، کە ڕەنگە سەردانی عێراق و کوردستانیش بکات.



## یاسا

### گرتنی تاوانبار

ئەگەر منی هاووڵاتی کەسێك ببینم کە تاوانی کوشتنی ئەنجام داوە و نەگیراوە، ئایا بۆم هەیە بیگرم؟ بەڵێ، تۆی هاووڵاتی لەم چوار حاڵەتەدا بۆت هەیە هەرکەسێك بگریت کە یەکێك لەم خاڵانە بیگرێتەوە، یەکەم لە تاوانی بینراودا (جریمة المشهودة)، دووەم لە کاتێکدا کە تاوانبارێکی هەڵهاتوو ببینیت، واتە بۆت هەیە هەوڵ بدەیت بۆ دەستبەسەرکردنەوەی، سێیەم کەسێك ببینیت کە لە تاوانی کەتن و گەورەتاواندا سزای بۆ دەرکراوە و هێشتا نەگیراوە، چوارەم کەسێکی سەرخۆش ببینیت کە ئاژاوە دروست بکات.

**کاوڕ** ٣/٢١ - ٤/١٩

کارکردن بە گروپ سودێکی زۆری هەیە و بەرەوپێش دەچیت، هاوکات پەیوەندیت لەگەڵ هاوپیشەکانت بەهێز دەبێت، ڕەنگە هاوڕێی نوێ بناسیت و پەیوەندیی ەکی باش درووست بکەیت، بەڵام دەبێت بە وریاییەوە مامەڵە بکەیت و بە ئاسانی متمانە نەکەیت.

**گا** ٤/٢٠ - ٥/٢٠

باشترە کەمێك وردتر بیت لە جێبەجێکردنی پرۆژەکانتدا، ئەرکەکانیشت لە کاتی خۆیدا جێبەجێ بکە، پشتیوانیی خۆشەویستەکەت بکە لە هەمو کاتێکدا، لە ڕووی پیشەییەوە نابێت فشاری زیاد لە پێویست بخەیە سەر خۆت، کاتی ئەوە هاتووە پشوو بدەیت و بحەوێیتەوە.

**جمک** ٥/٢١ - ٦/٢٠

هەرگیز بە پەلە بڕیار مەدە، چونکە کارەکان بە شێوەیەکی ئاسایی دەڕۆن، پێویستە هەستی خۆشەویستەکەت بریندار نەکەیت و بزانیت چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکەیت، چالاکی و جووڵەی جەستەیی یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی تەندروستییەکی باشت هەبێت.

**قرژاڵ** ٦/٢١ - ٧/٢٢

ڕووبەڕووی هەندێك بەربەست و قورسایی دەبیتەوە، بەڵام نابێت هەست بە ماندووبوون بکەیت، چونکە هەموی کاتییە، پێداچونەوە بۆ چۆنێتی مامەڵەکردنت بکە لەگەڵ خۆشەویستەکەت یان هاوبەشی ژیانت، هەوڵ بدە لۆژیکانە بڕوانیت، ئەم ماوەیە دەروونت نا ئارامە و هەست بە پەستانێکی زۆر دەکەیت.

**شێر** ٧/٢٣ - ٨/٢٢

دەتوانیت لە ئێستادا بڕیاری درووست بدەیت، چونکە ئەزموونێکی باشت هەیە و دەبێ متمانەت بەخۆت هەبێت، لە لایەنی سۆزدارییەوە دەروونت ئارامە و ئاسوودەیت، بەڵام پێویستە پارێزگاری لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت بکەیت.

**گوڵەگەنم** ٨/٢٣ - ٩/٢٢

پاش ماوەیەکی زۆر هەوڵدان و بوونی گرفت، دوا جار ئەمڕۆ دەگەیتە چارەسەر، بەڵام گرنگە ئامۆژگاریی هاوپیشەکانت بە هەند وەربگریت، لەلایەنی سۆزدارییەوە هەوڵ بدە پارێزگاری لە ئامانجە سەرەکییەکانت بکەیت و بزانە دەتەویت بگەیت بە چی، باشترە خۆت بەدووربگریت لە دڵەڕاوکێ.



## پەند و وتە

ئەلفۆنسی ماریی لویس دی پرات دی لامارتین، نووسەر و شاعیری فەڕەنسی لە ساڵی ١٧٩٠ لە شاری ماکۆن فەڕەنسا لەدایکبووە و لە ساڵی ١٨٦٩ کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی تاقیکردنەوە و وانەوەرگرتن دەڵێ: «حەکیمان و زانایان هەمیشە پێشتر تاقیکردنەوە و وانەیان کردووە بە ئیلهام و بیرکردنەوەکانیان».



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا گاشە بەردێك دیارە، کە دیمەنەکە وەك ئەوەیە کە بەردەکە بە ئاسمانەوە بێت، هەوڵ بدە ڕاست و دروستیی وێنەکە بزانیت چۆنە.

بۆ زانیاریت

## چرکەی کاتژمێری DNA



دی ئێن ئەی DNA نەخشەیەکی بایۆلۆجییە کە هەر بوونەوەرێکی دروستکراو تایبەت دەکات و گرینگیی خۆی پێ دەدا، هەموو شتێك هەر لە درێژیی کەسێك تا پێستە سەرنجڕاکێشەکەی ماسیی گاڵتەچی«clownfish» دەگەڕێتەوە بۆ DNA، کاتێك بەهۆیەوە ماوەی ژیانی پێ دیاری دەکرێت، وا دەرئەکەوێت کە زۆر پەیوەندیی هەبێت پێیەوە، میپیلەیشن mythelation کە پڕۆسەیەکی بایۆلۆجییە لە خانەکاندا، وا دەردەکەوێت بەڵگەی بەهێز نیشان بدات، بۆ ماوەی ژیان و پڕۆسەی تەمەنی گیانەوەران و مرۆڤ، بە درێژایی سووڕی ژیانمان جینەکان وەك جۆزەی کارەبا کاردەکات،کە هەڵدەبێت و دەکوژێتەوە، لەڕاستیدا ئەمە گرنگە بۆ تەندروستی و گەشەکردنمان، میپیلەیشن my-thelationکە پڕۆسەیەکی گرنگە، حوکمی دەربڕینی جین gene expression* دەکا، لە ماوەی پڕۆسەی میپیلەیشن، ئەنزیمەکان گرووپێك میپیڵ زیاد دەکەن بۆ جین، کە وا دەکا کۆدێك لەسەری بنووسرێتەوە، لێرەدا خانەکە ناتوانێ کۆدەکە بخوێنێتەوە و پڕۆتین دروست بکات، یان جینەکە چالاك بکات و هەڵبێت، هەربۆیە میپیلەیشن جینەکان دەکوژێنێتەوە،

بەڵام دەکرێ ئەم کردارە بوەستێندرێت کاتێك دیمیپیلەیشن demethylation گرووپی میپیلەیشن لادەبات و جینەکان چالاك دەبن.

فیلم

## هیچ شوێنێک - Nowhere



فیلمێکی سەرکێشییە، باس لە ئافرەتێکی دووگیان دەکات، کە بۆ ئەوەی لە ژیاندا بمێنێتەوە و خۆی لە توندوتیژیی زریانەکان بپارێزێت، لە نێو کابینەیەکی گواستنەوەی کەرەستەدا لە نێو دەریادا خۆی دەشارێتەوە، دوای ئەوەی هەر لە نێو کابینەکەدا منداڵەکەی دەبێت، تووشی ڕووداو و خەم و ئازار دەبێتەوە، دواتر لەلایەن خێزانێکەوە ڕزگار دەکرێت، فیلمەکە لە مانگی ٩ی ئەوساڵ تەواو بووە و لە دەرهێنانی ئەلبێرت پینتۆیە، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و ٤٣ خولەکە، لە وڵاتی ئیسپانیا وێنەی گیراوە، لە نواندنی ئەکتەران ئانا کاستیلۆ، تامار نۆڤار، ڤیکتۆریا تیجیریۆیە.

**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

کرانەوە لەگەڵ هاوپیشەکانت و پێکەوە کارکردن، یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی ئامانجەکانت بەدیبهێنیت، پشتیوانیکردنی خێزانەکەت و هاوکاریکردنیان یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی ناکۆکییەکان کۆتاییان پێ بێت، هەمیشە پارێزگاری لە ئارامیی خۆت بکە و واز لە دژایەتیکردن بهێنە.

**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

بیرۆکەی نوێ لە هاوپیشەکانتەوە وەربگرە و هەنگاوی باشتر بنێ، پەیوەندیت لەگەڵ خۆشەویستەکەت یان هاوبەشی ژیانت باشتر دەبێت ئەگەر تێگەیشتن و متمانە لە نێوانتاندا هەبێت، هەوڵ بدە کاتەکانی کار و پشوودان و چوونەدەرەوەکانت ڕێك بخە.

**شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

هەرگیز بەپەلە کاردانەوەت بەرامبەر هاوپیشەکانت نەبێت، پێویستە ئارام و لەسەرخۆ بیت، دەنا کاریگەریی نەرێنی لەسەر تەواوی کارەکانت دەبێت لە داهاتوودا، لەلایەنی کۆمەڵایەتییەوە هەست بە نائارامی دەکەیت و ئەو کەسانەی دژایەتیت دەکەن، کاریگەرییان لەسەر پەیوەندییەکانی دیکەش دەبێت، هەوڵ بدە سیستمی خۆراکیت تەندروست و هاوسەنگ بێت.

**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**


هەمیشە پارێزگاری لە ئارامیی خۆت بکە، کاتێك لە قۆناغێکی هەستیار و پڕ لە جەنجاڵیدایت، هەوڵ بدە خۆپەرست نەبیت، ئەگەرنا زیان بە پەیوەندی سۆزداری و کۆمەڵایەتییەکانت دەگەیەنیت، ئەو ناکۆکییانەی ئەم چەند ماوەیەی ڕابردو هەتبو بە لایەنی ئەرێنی کۆتایی دێن.

**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

هاوکاریکردنی هاوپیشەکانت و جێبەجێکردنی پڕۆژەکان بە شێوەیەکی ڕێکخراو و بەپێی پلان، یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی هەنگاوی باش بنێیت، هەمیشە هەست بە ئاسوودەیی دەکەیت کاتێك خۆشەویستەکەت دەبینیت، ئەمەش مانای پتەوی پەیوەندییەکەتانە، هەوڵ بدە گرنگی بە خۆشەویستانت بدەیت.


**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

متمانەت بەخۆت هەبێت و بە پەرۆشەوە کارەکانت ئەنجام بدە، بۆ ئەوەی سەرکەوتن لە کارەکەت بەدەست بهێنیت، وازبهێنە لە ڕابردوو لەلایەنی سۆزدارییەوە، هەوڵ بدە لەم پەیوەندییە نوێیەدا سەرکەوتو بیت، تەندروستیت باشتر دەبێت و جەستەت چالاك دەبێت.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone



**ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا**
**بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و**
**(ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە**
**دواین هەواڵ و زانیارییەکان**




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Weekly Gulan October 23, 2023 Issue,No.1386


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:

Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی ڕاستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626